
ئەی محەمەدی خەمڕەوێنی ژیان
لەدایکبوونت لە هەمووان پیرۆز بێت

# گوڵان

سالی بیست و هەشتەم (١٢٨٩)- (١٨)ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١

# ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەر پێگەی کوردستانی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەهێزتر کرد






www.gulan-media.com

# چاپکراوی نوێ

چاپی دووەمی کتێبی (بەرەو خۆر) لە نووسینی (فازڵ ڕەئووف) لە چاپخانەی ڕۆکسانا هەولێر چاپکراو کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە.. نووسەر لەم کتێبەدا تۆمارێکی زنجیرەداری مێژوویی سەرجەم ڕووداوو پێشهاتەکانی شۆڕشی کوردی خستووەتە ڕوو، هەر لە شۆڕشەکانی شێخ عەبدولسەلامی بارزان و سمایل خانی شکاك و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموودی حەفید و پێشەوا قازی محەمەد و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بارزان.. تاد. دواتر شۆڕشی ئەیلوول بە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕاپەڕینی باوکی ڕۆحیی کورد مستەفا بارزانیی نەمر و دوای ئەویش هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز.

نووسەر پێڕستێکی دوورودرێژی سەبارەت بە بابەتەکانی نێو کتێبەکە وەك زنجیرەڕوودا و بڵاوکردووەتەوە، تایبەت بە ژیاننامەی خۆی کە چووەتە ڕیزەکانی پێشمەرگە تا نسکۆی ١٩٧٥، دواتر گەڕانەوە بۆ ناو شار، ئینجا هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان و ڕووداوەکانی دواتر، هەر لەم کتێبەدا نووسەر بە تێروتەسەلی ئاماژەی بە چالاکییەکانی خۆی و هەڤاڵانی پێشمەرگە کردووە لە زۆربەی شەڕ و ڕێکخستنەکاندا.. ڕووداوەکان زۆرن و خوێنەر دەتوانێت بە تەواوی لە خوێندنەوەی کتێبەکە پێیان ئاشنا بێت. دەستخۆشی لە نووسەر فازڵ ڕەئووف دەکەین و دەستی ماندووبوونی دەگوشین و خەرمان بەرەکەت.




مەسعود بارزانی
بارزانی
و
بزووتنەوەی
رزگاریخوازی کورد
بەرگی چوارەم
1975 ـ 1990
شۆڕشی گوڵان
بەشی یەکەم و دووەم

## بەرگی چوارەمی کتێبی

# بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد

بەرگی چوارەمی زنجیرە کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد) لە نووسینی سەرۆك مەسعود بارزانی بە ناونیشانی (شۆڕشی گوڵان) کەوتە بەر دەستی خوێنەران.


بەرگی چوارەمی کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد - شۆڕشی گوڵان) لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەمی ئەو کتێبە لە ٦١٦ لاپەڕە و بەشی دووەمی لە ٤٨٨ لاپەڕە پێکهاتووە. کتێبەکە کۆمەڵێك وێنە و دیکۆمێنتیشی تێدایە.

چاپی یەکەمی بەرگی چوارەمی کتێبەکەی سەرۆك مەسعود بارزانی لە شاری هەولێر لە مانگی ئابی ٢٠٢١ لەچاپدراوە.

ئەم کتێبەی سەرۆك مەسعود بارزانی زنجیرە ڕووداوی گرنگی سەردەمی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز بەرجەستەدەکات، سەرۆك بارزانی بە تێروتەسەلی باسی لە ڕاستی و واقیعی سەرجەم ڕووداوەکان کردووە، تاکو بۆ مێژوو و لای جەماوەری کوردستان دیارو بەرچاو بن..

کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)بەرگی چوارەم ١٩٧٥-١٩٩٠، مێژوویەکی پرشنگداری لە خەباتی ڕۆڵە بە ئەمەکەکانی کوردستان لە شۆڕشی گوڵان تۆمارکردووە..

گۆڤاری گوڵان لە ژمارەکانی دادێن خوێندنەوەیەکی تێروتەسەل بۆ ئەم کتێبە دانسقەو پڕ بەهایە دەکات، تاکو خوێنەران و جەماوەری کوردستان بە ناوەرۆك و ڕووداوەکانی ئەو ساڵە پڕ شانازییانە ئاشنا بێت..







**مەحمود محەمەد**



## پاراستنی لێبوردەیی و پێکەوەژیان بەشێکە لە ستراتیژیەتی پارتی دیموکراتی کوردستان

**مەسعود حەیدەر**



## بۆ بەرگریکردن لە مافە دەستووری و نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان


## گرنگە بەرەیەک بۆ فراکسیۆنە کوردستانییەکان دروست بکرێت

**ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد:**



## تەواوکردنی قۆناغی دووەمی شەقامی ١٥٠ مەتری ئاسانکارییەکی گەورە بۆ هاتوچوو و جموجووڵی بازرگانی دروست دەکات

**نەدیم شەحادە:**



## لوبنان دەوڵەتێکی شکستخواردوو نییە، بەڵکو دەوڵەتێکی تێکشکاوە


■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:


Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

***Web: www.gulanmedia.com***

# دێهاتی...ماڵئاوا



بە داخەوە گوێبیستی هەواڵی مەرگی لەناکاوی رۆژنامەنووس و نووسەری بە توانا کاك فەیسەڵ دێهاتی بووین، خوالێخۆشبوو لە مەیدانی رۆژنامەنووسی و ئەدەبی کوردیدا قەڵەمێکی بە بڕشت و بوێر و جێی پەنجەی دیاربووە. یەکێك بووە لە دەستەی نووسەران لە رۆژنامەی برایەتی و دامەزرێنەرانی گۆڤاری گوڵان.

بەم بۆنە خەمناکەوە بەناوی سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و ستافی گۆڤاری گوڵان، سەرەخۆشی لە خۆمان و هاوژینی بەڕێزی و راستی و رۆزەی جگەرگۆشەی دەکەین و لە پەروەردگار دەپاڕێینەوە جێگای بەهەشت بێت.

**انا لله و انا الیه راجعون**

**گۆڤاری گوڵان**




**کیفایەت عەلی:**

**هیچ شتێک لەوە خۆشتر نییە خۆت سەرچاوەی بژێوی خۆت پەیدا بکەیت**

«

**شیرین کۆکار:**

**عاشقی رەنگ و وشەم**



«

**فلاش میمۆری پەنجەمۆر**



«

**زیادبوونی ئارەزووی خواردن پاش چاکبوونەوە لە کۆڤید١٩**



«

**دیە نزار:**

**خەونی من ئەوەیە کە وەک یاریزانێکی کورد بگەم بە پاڵەوانێتیەکانی ئاسیا و جیهان**

«



# ئەی محەمەدی خەمڕەوێنی ژیان لەدایکبوونت لە هەمووان پیرۆز بێت





**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

کوردەواری بۆ هەندێك لە مانگەکانی ساڵی کۆچی ناوی تایبەتی داناوە، بۆ نموونە کورد بەمانگی (ربیع الاول) دەڵێت «مانگی مەولوود»، چونکە لەو مانگەدا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) لەدایك بووە.

ئەم یادکرنەوەی لەدایکبوونە دیارە لە سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) خۆیدا نەبووە، بەڵام دواجار لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا پێویستی کردووە کە لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا ئەم یادە بکرێتەوە.

دیارە ئەم یادکردنەوەی ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێت) زۆربەی زۆری مێژوونوسانی کۆن و نوێ، دان بەوەدا دەنێن کە ئەو کەسەی کە بۆ یەکەمین جار ئەم یادەی داهێنابێت و، بە شێوازێکی شایان ئەم یادەی کردبێتەوە، (سوڵتان موزەفەر) بووە.

لە بارەی سوڵتان موزەفەرەوە (ئیبن خەلەکان) کە زانایەکی کوردە دەڵێت: «نازناو و ژیاننامەی ئەم پیاوە کەسایەتییەکە کە بە درێژایی مێژووی خۆمان کەسێکی وامان نەدیوە، ئەوەندە خێرخواز بێت، کەسێك بووە کاری نامۆ و کاری دژ بە شەرعی قەت لێ نەبینراوە و، هەرگیز نەیهێشتووە کاری ناپەسند و کاری ناشەرعی لە سنووری مەملەکەتەکەی ئەودا ڕوو بدات.»

دواتر ئیبن خەلەکان دەڵێت: «سوڵتان موزەفەر زۆر خاکی بووە، زۆر حەز و خۆشەویستیی بۆ زانایان هەبووە، بۆیە خەڵاتی ئەو کەسانەی کردووە کە مەدحی پێغەمبەریان کردووە (دروودی خودای لەسەر بێت).»



شێوازی مەولوود لە سەردەمی سوڵتان موزەفەردا بەم شێوازە ساکارەی ئێستا نەبووە، بەڵکو بۆ ئەم یادە ئەو کات لە تەواوی مەملەکەت و ئیمارەتەکانی دیکەوە خەڵك بانگ کراون بۆ هەولێر، بەشێکی چالاکییەکان بریتی بوون لە خوێندنەوەی سروود و مەدایحی نەبەوی، بەشەکەی دیکەی بریتی بووە لە سازکردنی کۆڕ و سیمیناری جۆراوجۆر و خستنەڕووی دەستنووسی تازە و، مێزگردی نێوان زانایان و، نمایش و مانۆڕی سوارچاکان و سەربازان و هێزی دەوڵەت، تەنانەت خەڵك لە وڵاتانەوە لەیەکی موحەڕەمەوە بەڕێ دەکەوتن و تا دوانزەی (ربیع اول) نزیکەی دوو مانگ و دە ڕۆژ لە هەولێر کۆبوونەتەوە، ئنجا لە ڕۆژی مەولووددا ئەم یادە کراوەتەوە، کە یادێك بووە شایەنی خاوەنی یادەکە بێت، وەك ڕازاندنەوە و نوێکردنەوەی شار و، دروستکردنی گومەزی شاند و وەفدە هاتووەکان و، بۆ ئەو شاندە میوانانەی کە هاتوون و شوێنی تایبەت بە خۆیان هەبووە لەو یادەدا.

(سوڵتان موزەفەر) کە ئەم یادکردنەوەیەی داهێناوە، خۆی زانا بووە بە دین و، ئاشنایەتیی زۆری بە مەجلیسی زانایان بووە و، حاکمی شار و وڵاتیش بووە، جا چونکە یادی مەولوود دەربڕینی خۆشییە بە لەدایکبوونی پێغەمبەر(دروودی خوای لەسەر) لە (١٢)ی ڕەبیعی یەکەمدا، وەك یادێکیش کە بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی جیهانیی ئیسلامیدا، هەولێری سوڵتان موزەفەری سەردەمی دەسەڵاتی ئەیووبییەکان پێی هەستاوە.

ئیمامی(ئەلسیوتی) و زانایانی دیکەی وەك ئیبن کەسیر و حافزی زەهەبیی و زۆرێکی دیکەش، باسیان لە چاکی و پاکیی سوڵتان موزەفەر کردووە.

لەم یادەدا کاتی خۆی سوڵتان موزەفەر داوەتی زۆرێك لە فەرمانڕەوایانی بەغدا و مووسڵ و شوێنانی دیکەی دەکرد و، خەڵك لە سەرەتای موحەڕەمەوە هەتا ڕەبیعولئەوەل بەرە و هەولێر دەهاتن و، لە ڕۆژی یادەکەشدا وێڕای پێدانی خۆراك بۆ هەژاران، زانایانی ناودار باس و توێژینەوەیان پێشکەش دەکردو، سەربازانیش نمایشیان دەکرد و، خاوەن بەهرەکان تواناکانی خۆیان دەخستە ڕوو.

**ناکرێت ئەم هەموو لافیتانە لە سەر فلیکس و نایلۆن بنووسرێن، کە تا دوای سەدان ساڵیش شی نەبنەوە**

**● نوێکردنەوەی یادی مەولوود**

ئەمڕۆش وەك ئێمە ساڵانە ئەم یادە زیندوو دەکەینەوە، جێگەی خۆیەتی و پێویستییەکی زۆری بە نوێکردنەوە و هاوچەرخکردنی هەیە، بە مەبەستی پیشاندانی ڕووی زانستی و هاوچەرخانەی ئەم یادە لە کوردستان بە گشتی و، لە هەولێری لانکەی یەکەم جاری یادەکەشدا بە تایبەتی، بۆ ئەمەش لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە پەرلەمانی کوردستان، بە هەماهەنگیی لەگەڵ یەکێتیی زانایانی ئایینی و، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، دەتوانن چەند هەنگاوێك بنێن لە ڕێگەی:

یەکەم: دامەزراندنی دەستەیەکی باڵا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بە ناوی (دەستەی باڵای یادی مەولوود)، کە پێك بێت لە:

وەزارەتی ئەوقاف - سەرۆك
نوێنەری وەزارەتی تەندروستی - ئەندام
نوێنەری وەزارەتی شارەوانی - ئەندام
نوێنەری دەستەی ژینگە - ئەندام

دووەم: وەزارەتی ئەوقاف بەرپرس بێت لە:

١- سازکردنی ئاهەنگێکی ساڵانەی نێودەوڵەتی بۆ یادی مەولوود، وەك بەردەوامیدان بە کارەکانی سوڵتان موزەفەری فەرمانڕەوای داهێنەری یادی مەولوود.

٢- بانگهێشتکردنی زانایانی شارەزا و تیپە جیهانییەکانی مەدائیح و ستایشکردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بۆ هەرێمی کوردستان و، سازکردنی هەفتەیەکی ڕۆشنبیری بە هاوکاریی یەکێتی زانایانی ئایینیی ئیسلامی کوردستان.

٣- پێداچوونەوە بە تیپەکانی خوێندنەوەی مەولوود، لە ڕێگەی تۆمارکردن و مۆڵەتپێدانیان، بە چەند مەرجێکی زانستی و هونەری بە مەبەستی:

هەڵسەنگاندنی شەرعیی ئەو هۆنراوانەی دەکرێنە سروودی ئایینی، لە ڕووی وشە و ماناوە، پەسەندکردن و خەڵاتکردنی دانەرانی هۆنراوە و ئاوازی نوێ و شایان بە پێگەی یادەکە.

ڕێکخستن و کۆبوونەوەی تیپەکان لە کۆمەڵەیەکدا بە نێوی (کۆمەڵەی مەولوودخوێنانی کوردستان).

سێیەم: لیژنەی شارەوانی و تەندروستی و ژینگە کە بەرپرس بن لە:

١- چاودێریکردنی جۆری ئەو خواردەمەنییانەی کە دەخرێنە بازاڕ بۆ یادی مەولوود.

٢- ڕێگرتن لە بەکارهێنانی فلیکس و نایلۆن وەك لافیتە و، پابەندکردنی هاووڵاتیان بە نووسین لەسەر لافیتەی کارتۆنی، یان پەڕۆ، بە مەبەستی پاراستنی ژینگە.

٣- تەرخانکردنی شوێنی شیاو بۆ هەڵواسینی پۆستەر و لافیتەکان.

٤- پابەندبوون بە کۆکردنەوە و هەڵگرتنەوەی لافیتە و پۆستەرەکان لەلایەن دانەرانیەوە، بە مەبەستی ڕێزگرتن لە نووسینەکان و، پاراستنیان لە تێکچوون.

چوارەم: لەسەر ئاستی هەر پارێزگایەکی هەرێمیشدا، لیژنەیەکی ڕاپەڕاندن پێك بهێنرێت لە دەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ هەمان مەبەست.

لەم بۆنەو یادە پڕ شکۆیەدا گرنگە ئەو ڕاستییە بزانین کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە فەرموودەکانی فێری کردووین کە نابێت ژینگە پیس بکەین، چونکە ئەو خۆی فەرموویەتی: (وجعلت لي الارض مسجدا وطهورا)

ئەم زەوییە خۆی مزگەوتە و خاکەکەیشی تەیەمومی پێ دەکەین و، ناکرێت لەو یادەدا هەرکەس شتێکی خوارد، کاغەز و پاشماوەکەی فڕێ بداتە سەر زەوی .

ناکرێت ئەم هەموو لافیتانە لە سەر فلیکس و نایلۆن بنووسرێن، کە تا دوای سەدان ساڵیش شی نەبنەوە و، دوای ئەو یادەش بەکارناهێنرێن و فڕێ دەدرێن و، زیان بە زەوی خاك دەگەیەنن.

بۆیە دەبێت نووسینی لافیتەکان لەسەر کارتۆن، یان لەسەر کاغەز، یان لەسەر پەڕۆ بێت، وەکو جاران، بۆ ئەوەی ژینگە بپارێزرێت، هەروەها شوێنی تایبەت بەم پۆستەرانەش دیار بکرێت، چونکە ناکرێت دیوارەکانی شار بشێوێنین و، نەزانین کێ ئەم لافیتانە کۆ دەکاتەوە و چۆن کۆدەکرێنەوە، یان بە چ شێوازێك کۆدەکرێنەوە و چۆن هەڵدەگیرێن و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت؟

ئەمە مەسەلەیەکە کە وردەکاریی زیاتری دەوێت، لەسەر ئاستی هەر پارێزگایەکیش دەتوانرێت دەستەیەکی ڕاپەڕاندن هەبێت،کە بەم شێوازە ئەم کارە ئەنجام بدات، واتە ئەمە بیرۆکەیەکە بۆ ئەوەی کە یادکردنەوەکە نوێ بکەینەوە.

پرۆژەی پێکهێنانی (دەستەی باڵای یادی مەولوود) وا دەکات کە (وەزارەتی ئەوقاف) لایەنی جێبەجێکار بێت لە ڕەهەندە کردییەکاندا و، یەکێتیی زانایانیش ڕۆڵی چاودێریی هەبێت لە پرۆسەی یادکردنەوەکەدا.

هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەیە کە یادی مەولوود ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەربگرێت و، ساڵانە لە ژێر چاودێریی وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتیی زانایان و پارێزگارەکاندا بکرێت و، تیپە بەناوبانگەکانی مەولوود لە سەرتاسەری جیهانەوە بانگهێشت بکرێن و، بە ئامادەبوونی بیرمەندانی جیهان هەفتەیەکی ڕۆشنبیریی ئایینیی جیهانی تێدا ساز بکرێت و، کۆڕبەندێکی ئەدەبی بۆ شیعر و پەخشان لەخۆ بگرێت، بۆ بەرزڕاگرتنی پێگەی خاوەنی یادەکە (محەممەد - درودی خوای لەسەر).

**● لەدایکبوونت پیرۆز**

ئەم هۆنراوەیەشم لەساڵی ٢٠٠٨دا نووسیوە بۆ یادی لەدایکبوونی (پێغەمبەر) (درودی خوای لەسەر)، هەر لەم بۆنەیەشدا پێشکەشی خوێنەرانی گۆڤاری (گوڵان)ی دەکەم

(١)

ئەی محەممەدی خەمڕەوێنی ژیان
لەدایکبوونت پیرۆز لە هەموان
هەوری ڕەحمەتی ئاسمانی شاری
بۆ شادیی خەڵکی، ماندوو و خەمباری

(٢)

ئەی پێغەمبەری دادو تەبایی
ڕێ نیشاندەری، ئاشتی و برایی
تۆ خۆشەویستی لای هەموومانی
خاوەن پەیامی ئازادی و جوانی

(٣)

ئەی سۆزو ڕەحمەت بۆ گشتمان هەموو
ئومێدی دڵی مرۆڤی ماندوو
تۆ خەندەت خستە، سەر لێوی هەموان
هەناسەت دایە، سپێدەی بەیان

(٤)

ئامێزی گەرمی خەڵکی بێ نەوا
مەشخەڵی ڕێگا و چرا لە شەوا
تۆ سروەی ناز و سەرچاوەی شادیت
سروودی ژیان و بانگی ئازادیت

(٥)

ئەی محەممەدی سەروەری دنیا
بۆ ئێمە ژیای، نەك بۆ خۆت تەنیا
بە قەد گوفتار و کردەوەی چاکت
درود و سەلام لەگیانی پاکت

(٦)

تۆ بەخێرهاتی، تۆ خێرت هانی
نمەی باران و کانیاوی ژیانی
تۆ فێرت کردین، بە ئاکار و دین
بۆ خواپەرستی و خۆشیی گەل بژین

**لەم بۆنەو یادە پڕ شکۆیەدا گرنگە ئەو ڕاستییە بزانین کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە فەرموودەکانی فێری کردووین کە نابێت ژینگە پیس بکەین**





# پاراستنی لێبوردەیی و پێکەوەژیان

## بەشێکە لە ستراتیژیەتی پارتی دیموکراتی کوردستان



**مەحمود محەمەد**

ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

له کوردستان مەسەلەی پێکەوەژیان بابەتێکی نوێ نییە، لەم چوارچێوەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، ئەوا دەبینین کە پێکەوەژیانی ئایین و ئایینزایی و نەتەوەیی ڕیشەیەکی دوور و درێژی هەیە، لەم نیشتمانەی ئێمە سەدان ساڵە تەواوی پێکهاتەکانی کریستیان بە سریان و کلد و ئاشوورییەوە، جوو و ئێزدی و موسڵمان بە هەر دوو مەزهەبی شیعە و سوننەوە، هەروەها لەناو موسڵمانانی سوننەش تەریقەتەکانی وەك قادری و نەقشبەندی، هەموو پێکەوەژیاون، هەر بۆیە ئەم یەکتری قبووڵکردنە بە هەبوونی جیاوازییەکانیانەوە، بووەتە هۆکاری ئەوەی جۆرێك لە سەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگە دروست بکات.

ئەم خەسڵەتە جوانەی پێکەوەژیان کە لە کوردستاندا بوونی هەیە، لەسەر ئاستی ناوچەکە دیاردەیەکی دەگمەنە و ئەگەر لەسەر ئاستی عێراقیش بەراوردی بکەین، ئەوا جوگرافیای کوردستان ڕاستییەکمان پیشان دەدا، کە بەشەکانی دیکەی عێراق بوونی نییە، هەر بۆ نموونە : ئاشکرایە ژیانی گوند، ڕەسەنایەتیی هەموو کۆمەڵگەیەك پیشان دەدا، لەم چوارچێوە ئەگەر سەرنج بدەین، تەنیا لە زاخۆوە هەتا حەمرین گوندی تێکەڵاو لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان بوونی هەیە، لەم سنورەدا گوندمان هەیە، لەسەر ئاستی نەتەوەیی تێکەڵاوە و کورد و تورکمان هەتا عەرەبیش پێکەوە دەژین، گوندمان هەیە لە ڕووی جیاوازیی ئایینەوە، موسڵمان بە سوننە و شیعەوە، هەروەها کریستیان و کاکەیی و زەردەشتی پێکهاتوون، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەی لەو دیوی حەمرینەوە گوندی تیکەڵاو، یان فرەیی و پێکەوەژیان بوونی نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو ئەقڵییەتەی لەو ناوچانە فەرمانڕەوایی کردووە، قەد ئەوەی قبووڵ نەبووە کە هەبوونی ئەم هەموو جیاوازییانە لەسەر ئەرزێك قبووڵ بکات، کە ئەوان بە هی خۆیانی دەزانن، بەڵام کوردستان ئەوەی قبووڵ کردووە، نەك ئەو ئەرزەی بە تەنیا بە هی کورد نازانێت، بەڵکو بە ئەرزی هەموو ئەو پێکهاتانەی دەزانێت کە لەسەر ئەرزی کوردستان دەژین، کە تۆ نیشتمانت بە هی هەمووان زانی، کەواتە جیاوازییەکانی لە ڕووی ئایینی و مەزهەبییەوە قبووڵ دەکەیت.

ئەم چەند دێڕەم بە پێویست زانی بۆ ئەوەی باس لەوە بکەم پارتی دیموکراتی کوردستان بۆچی بایەخێکی هێندە گرنگ بە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دەدات؟ بێگومان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ فەلسەفەی دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەویش دروستکردنی تەبایی و یەکڕیزیی ناوخۆی کوردستانە، کۆکردنەوەی هەموو هێز و توانای ناو کوردستانە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تەوژمەی دەیویست مافەکانی خەڵکی کوردستان پێشێل بکات، بەرنامەو پلانی ئەوەیان دادەنا، چۆن خەڵك سەرکوت بکەن، چۆن مافەکانیان لێ بستێنن و ئازادییەکانیان بۆ نەهێڵنەوە، بارزانیی نەمر لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارانەی ئەو سەردەمی کە پارتی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنن، بۆ ئەوە بووە کە سەرتاسەری کوردستان هیچ سنوورێکی جوگرافی، عەشایری، لەهجەوی، ئایینی و ئایینزایی نەمێنێت، هەموو پێکەوە بن، هەموو پێکەوە ببنە ئەو سپەرەی کە نەهێڵێت پلانی دوژمنان سەرکەوتوو بێت، بۆیە ئەم یەکڕیزی و یەك تەباییە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو ڕێزگرتنەی کە ئێستاش لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان وەك کەلتووری ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی لێ هاتووە، بۆ نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی دیکەی جیاواز لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە پارتی پێکهاتەکەی، تەنیا پێکهاتەی کورد نییە، لە زۆر حاڵەتدا لە ئایینزا، لە ئایینەکان و نەتەوەکانی دیکە، لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان بوون و جێگەشیان پارێزراو و دیار بووە، بۆ نموونە لە ناو کورددا، بۆ ماوەیەك سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان کوردێکی فەیلیی شیعە بووە، بۆ چەندین جار ئەندامی سەرکردایەتی و دەستڕۆیشتووی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان کریستیان بووە، لە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، پارتی دیموکراتی کوردستان جەختی لەوە دەکردەوە، جگە لەوەی کە دەبێت مافەکانی گەلی کورد بچەسپێنرێت و ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت، بە هەمان شێوە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت مافی ئەو نەتەوە و ئایینانەی لە کوردستان دەژین بچەسپێنرێن. حکومەتی ئەو کاتی عێراق زۆر دژی ئەو داوایەی سەرکردایەتیی شۆڕشی

**بارزانیی نەمر لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارانەی ئەو سەردەمی کە پارتی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنن، بۆ ئەوە بووە کە سەرتاسەری کوردستان هیچ سنوورێکی جوگرافی، عەشایری، لەهجەوی، ئایینی و ئایینزایی نەمێنێت، هەموو پێکەوە بن، هەموو پێکەوە ببنە ئەو سپەرەی کە نەهێڵێت پلانی دوژمنان سەرکەوتوو بێت**

**ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی سەرۆک مسعود بارزانی بۆ ئەندامانی پارتی لە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور ئەوە بووە، با نوێنەری پێکهاتە جیاوازەکان خۆیان لیژنەیەک لەناو خۆیان پێکبهێنن و ئەوەی ئەو لیژنەیە بە مافی پێکهاتەکانی دادەنێت، ئەوە بخریتە ناو دەستووری کوردستانەوە**

**پارتی پێکهاتەکەی، تەنیا پێکهاتەی کورد نییە، لە زۆر حاڵەتدا لە ئایینزا، لە ئایینەکان و نەتەوەکانی دیکە، لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان بوون و جێگەشیان پارێزراو و دیار بووە**



ئەیلوول بوو، لەبەر ئەوەی نەیدەویست پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی بکاتە پارێزەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، ئەمە لە کاتێکدا کە هەر لە بنەڕەتدا پاراستنی لێبوردەیی و پێکەوەژیان بەشێك بووە لە تێڕوانین و بیرکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەوەی دەبێ پێکهاتەکان و ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی ناو کوردستان هەموویان مافیان بۆ دابین بکرێت. ئەمە لەوێوە هاتووە و هێزی پارتییش لەوەدایە کە بە چاوێك سەیری پێکهاتەکانی کوردستانی کردووە و زۆریش دیار بووە، زۆر جار پێشمەرگەیەکی کریستیان لەگەڵ پێشمەرگەیەکی کوردی موسڵمان، یان پێشمەرگەیەکی ئێزیدی پێکەوە لە سەنگەرێکدا بەرانبەر دوژمن شەهید بوون و خوێنیان تێکەڵاو بووە. لە ڕووی جیاوازیی مەزهەبیشەوە سوننەیەك و شیعەیەکیش ئاوا لە سەنگەرێکدا بوون، پێشمەرگەمان هەیە کە خەڵکی مەندەلی و خانەقین بووە، بەڵام لە دەڤەری زاخۆ شەهید بووە، ئەوە نیشانەی ئەوپەڕی کراوەییە و هەوڵێکە کە لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان هەبووە بۆ ئەوەی ئەم یەکڕیزی و تەباییەی نێوماڵی کوردستانی بە هەموو جۆرەکانیەوە وەك خۆی بمێنێتەوە .لەمەش زیاتر و جیا لەوەی تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکان لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان بوونیان هەیە، پارتی پشتگیریی ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی ئەو پێکهاتە جیاوازانەش دەکات کە لە دەرەوەی پارتی بە سەربەخۆ خەباتی خۆیان دەکەن، بۆ ئەوەی بەر هێرشی ئەو هێز و لایانەنە نەکەون کە بڕوایان بە پێکەوەژیانی برایانەی پێکهاتەکان نییە، هەروەك لە چەند ساڵی ڕابردوو بینیمان، هەندیك هێز و لایەنی سیاسی بە ئاشکرا دژایەتیی خۆیان بۆ کۆتای نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لەناو پەرلەمانی کوردستان دەربڕی.

لێرەوە بۆ ئەوەی مافی پێکهاتە جیاوازەکان چوارچێوەیەکی دەستووری و یاسایی وەربگرێت و کەس بۆی نەبێت بە مەزاجی حزبی دەستکاریی مافەکانیان بکات، پارتی پشتگیری تەواوی خۆی بۆ نوینەرانی ئەو پێکهاتانە لە نووسینەوەی دەستووری کوردستان دەربڕی و ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئەندامانی پارتی لە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور ئەوە بووە، با نوێنەری پێکهاتە جیاوازەکان خۆیان لیژنەیەك لەناو خۆیان پێکبهێنن و ئەوەی ئەو لیژنەیە بە مافی پێکهاتەکانی دادەنێت، ئەوە بخریتە ناو دەستووری کوردستانەوە.

**ژیانی گوند، ڕەسەنایەتیی هەموو کۆمەڵگەیەک پیشان دەدا، لەم چوارچێوە ئەگەر سەرنج بدەین، تەنیا لە زاخۆوە هەتا حەمرین گوندی تێکەڵاو لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان بوونی هەیە**

**بۆ ماوەیەک سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان کوردێکی فەیلیی شیعە بووە، بۆ چەندین جار ئەندامی سەرکردایەتی و دەستڕۆیشتووی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان کریستیان بووە**

**هەر لە بنەڕەتدا پاراستنی لێبوردەیی و پێکەوەژیان بەشێک بووە لە تێڕوانین و بیرکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەوەی دەبێ پێکهاتەکان و ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی ناو کوردستان هەموویان مافیان بۆ دابین بکرێت**

**کاتێک پاپا لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆبووەوە، ڕاشکاوانە پێی گوتبوو، هۆکاری سەرەکیی ئەم هاتنەم بۆ عێراق و کوردستان تۆ بووی جەنابی سەرۆک بارزانی، هاتم تۆ لە نزیکەوە ببینم و سوپاست بکەم بۆ ئەو هەڵوێستەی بەرامبەر بە پاراستنی پێکهاتە جیاوازەکان هەتانبووە و ڕێگەتان نەدا کریستیانەکان کۆمەڵکوژ بکرێن**

لایەنێکی دیکەی ئەم پێکەوەژیان و لێبوردەییەی کوردستان کە سەرنجی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکیشاوە و گەیشتووەتە ئەو ئاستەی پاپای فاتیکان بۆ خۆی سەردانی کوردستان بکات و، گەورەترین نوێژی قوداس لە هەولێری پایتەخت ئەنجام بدات، ئەمەش بەرهەمی ئەو هەنگاوانەی سەرۆك مسعود بارزانی بووە کە هەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ ـەوە کاتێك پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق کەوتنە بەر مەترسیی توندوتیژی، دەرگای کوردستانی بۆ ئاوالا کردن، بەڵام سەرنجڕاکێشانی گەورە ئەو کاتە بوو کە تیرۆریستانی داعش بە ناو دەوڵەتی خەلافەتیان ڕاگەیاند و کەوتنە پاکتاوکردنی تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، لەم قۆناخەشدا سەرۆك بارزانی نەك هەر دەرگای کوردستانی بۆ ئاوالا کردن، بەڵکو لە پێناوی پاراستنی پێکهاتە جیاوازەکان و ئازادکردنەوەی ناوچەکانیان خۆی لە پێشەوەی بەرەکانی شەڕ بوو، هەتا شنگال و تەواوی ناوچەکانی دەشتی نەینەوا لەسەر دەستی هێزی پیشمەرگە بە هاوکاریی هاوپەیمانان ئازاد نەکرانەوە، نەگەڕایەوە بۆ تەلاری سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، ڕەنگدانەوەی ئەم سەرکردایەتییە لۆژیکییەی سەرۆك بارزانی و ئازایەتیی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، لە قسەیەکی پاپادا جوان خۆی بەرجەستە کرد، کاتێك پاپا لەگەڵ سەرۆك بارزانی کۆبووەوە، ڕاشکاوانە پێی گوتبوو، هۆکاری سەرەکیی ئەم هاتنەم بۆ عێراق و کوردستان تۆ بووی جەنابی سەرۆك بارزانی، هاتم تۆ لە نزیکەوە ببینم و سوپاست بکەم بۆ ئەو هەڵوێستەی بەرامبەر بە پاراستنی پێکهاتە جیاوازەکان هەتانبووە و ڕێگەتان نەدا کریستیانەکان کۆمەڵکوژ بکرێن.

پێش ئەوەی پەیامی کۆتاییم لەم چەند دێڕەدا دەرببڕم، دەمەوێت ئەوەش بە خوێنەران بڵێم، ئەم نووسینەی من تەنیا وتارێك نییە بۆ پیشاندانی پێکەوە ژیان لە کوردستان، بەڵکو ئەمەم وەك پێشەکییەك بۆ ئەو کتێبە نووسیوە کە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی ئامادەی کردووە، ئەمەش وەك بە دیکۆمێنتکردنی ئەم سیما جوانە لە زاری هەموو نوێنەرانی ئایینە جیاوازەکانی کوردستانەوە.

لە دوماهیشدا دەمەوێت بڵێم: پەیامی ئێمە هەر ئەوەیە کە پێکەوەژیان قووڵتر بکەین، لە سەر بنەمای ئەو جیاوازییانەی هەمانە لە ڕووی ئایینی و نەتەوەیی و ئایینزاییەوە ڕەفتار لەگەڵ یەکدی نەکەین، ئەمە نەخوێندرێتەوە، ئەوەی توانای ئینسانەکانە بخوێندرێتەوە، ئایین و نەتەوە و ئایینزا نەبێتە بنەمایەك بۆ هەڵسەنگاندنی ئینسانەکان، بەڵکو توانا و دڵسۆزی و هەوڵ و کۆششەکانیان بۆ چاکتر پێکەوەژیان و پێشکەوتنی ئەو وڵاتە بخوێندرێتەوە و پێوەر بێت، بۆ ئەوەی کە کەسێك بتوانێت خزمەتی ئەم وڵاتە بکات، لێی گەڕێن کە چ نەتەوە و ئایین و ئایینزایەکی هەیە، لەسەر ئەوە ئێمە دەتوانین ژیانێکی زۆر خۆشتر بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکەین، نەك لە سەر بنەمای جیاوازی، ئەگەر ئێمە ئاوامان کرد کە ئەوان لە ناو کۆمەڵگەی ئێمە جیاوازن، غەدر لە خۆمان و لە ئەوانیش دەکەین، کەواتە ئێمە پێکهاتەکانمان هەن، بەڵام کە باس دەکەین و دەڵێین پێکهاتەکان هەن، بەو مەفهوومە نییە کە لە یەکدی جیاواز بین و بە ئێوەیەك ڕەفتار بکەین کە مافەکان بۆ هەندێك هەبن و بۆ هەندێك نەبن، دەبێت هەموو وەکو یەك بن، بەڵام هەر یەکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەو تایبەتمەندییانە پارێزراو بن، نەك ئەوەی جیاواز بن لە یەکتری، ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە پێویستە هەموومان خۆمان بە بەرپرسیار بزانین بەرانبەر بەم نیشتمانە، نیشتمانێك کۆمان دەکاتەوە پێی دەڵێن کوردستان، کاتێك کە دوژمنانی خەڵکی کوردستان هێرشیان هێنایە سەر کوردستان، جیاوازییان نەکرد، ئەوەی لە ئەشکەوتەکاندا خەڵکیان خنکاند و سووتاندیانن، دوو ئەشکەوت بوون، بەشێکی لە ئەشکەوتێك لەو ئەشکەوتانە بەشێکی زۆری لە خوشك و برایانی کریستیان بوون، بەشەکەی دیکەی لە ئەشکەوتەکەی دیکەش موسڵمان بوون، ئەوەی کە لە بادینان ڕووی دا لە ساڵی شەستەکان، من تەسەور دەکەم هەر ئەو پێکەوە بوونە هێزێك دەداتە کوردستان، بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن و کرانەوە بە ڕووی دنیادا، ئیعتبارێکی زیاتریشی لە جیهاندا دەبێت، پێکەوە بوونمان و گرنگیدان بە یەکدی دەبێت لەسەر بنەمای بەرهەم و توانا و ئیمکاناتی فیکری و کردەنی بێت، نەك لەسەر بنەمای چ ڕەنگە، چ ئایینە، چ مەزهەبە، چ نەتەوەیە...



# ڕەوشی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان شانازییە بۆ هەمووان



مەلا ڕەعد نووری ئۆمەربلی

کارگێڕ و وتەبێژی لقی هەولێری یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان

به شانازییەوە موسڵمانانی کوردستان بە تێگەیشتنێکی جوان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام حاڵی بوون. خودای گەورە لە قورئانی پیرۆز لەگەڵ هەموو مرۆڤەکان بێ جیاوازی دەدوێت و فەرموویەتی:

(( يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)) الحجرات / ١٣ واتە: ئەی خەڵکینە ئێوەمان هێناوەتە بوون، لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، ئینجا ئێوەمان دابەش کردووە لە سەر نەتەوە و خێل و عەشیرەت، ئەویش تەنیا بۆ لێك جیاکردنەوە و بەکترناسین و هیچی تر، ئەوە لای خوا ڕێزدارترە کە تەقوای زیاترە، خودای گەورە زانا و لێزانترە .

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ((لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ)) البقرة / ٢٥٦

واتە: زۆرکردن لە ئاییندا نییە .

کەواتە پێکەوەژیان هۆکاری سەرەکیی سەقامگیری هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو و خۆڕاگرە، بۆیە کوردستان جگە لە زۆرێك لە شانازییەکانی، گەورەترین و بەهێزترین شانازیی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەییە، پێکەوە ژیانی ئایینی لە کوردستان تابلۆیەکی جوانی پیشانی گشت وڵاتانی دونیا داوە، هەر ئەوەشە وای کردووە، کوردستان لەسەر پێی خۆی بوەستێت بەرامبەر ئەو هەموو نەهامەتی و دژایەتییەی کە لە بەرامبەری دەکرێت. ئەگەر تەماشا بکەین، دەبینین پێکەوەژیانی ئایینی وەکو نموونەیەکی جوان لە چەند ناوچەیەك ڕەنگی داوەتەوە، لەوانە:

١:عەنکاوە لەگەڵ گەڕەك و گوندە نزیکەکانی
٢:قەزای شەقڵاوە.
٣: قەزای دیانا.
٤:قەزای کۆیە.
٥: قەزای شێخان.
٦: بەشێك لە گەڕەکەکانی دهۆك.
٧: گەڕەکەکانی عارەبان و تەعجیل، جوو و موسڵمانان.

لەگەڵ چەندین شوێنی دیکە لە شار و شارۆچکە و قەزا و ناحیە و گوندەکانی کوردستان کە نموونەی جوانیان پێشکەش کردووە، لە گوندێکی بچووك هەم مزگەوت و هەم کەنیسەشی لێیە، یان مزگەوت و پەرستگای ئایینێکی دی بوونی هەیە.

هەندێك نموونەی پێکەوەژیان لە نێوان پەیڕەوانی ئایینەکان لە کوردستان :

١: لە قەزای شێخان سێ ئایینی سەرەکی بوونی هەیە، موسڵمان و ئێزیدی و مەسیحی، کاتێك مانگی ڕەمەزان دێت، ئەوانەی ئێزیدی و مەسیحین و دراوسێی موسڵمانێك بن، نانی نیوەڕۆیان لێنانێن، دڵێن لەکاتی لێنانی شیوەکە بۆنی بۆ ماڵی دراوسێ موسڵمانەکەمان دەڕوات و ئەوان پێی ئازار دەخۆن، هەروەها لە بووك گواستنەوە و تەعزیە و خێر و شەڕ لەگەڵ یەکتر بەشدارن.

لەساڵی ( ١٩٤٦_ ١٩٤٧ ) لە قەزای شێخان لە گەڕەکێکی نوێ کە موسڵمانان خانوویان لێ دروست کرد، شوێنێکیان دەویست بۆ مزگەوت، زەوییان دەست نەکەوتبوو، دواتر لە لایەن میری ئێزیدییان پارچە زەوییەك کرا بە دیاری بۆ موسڵمانان بۆ ئەوەی مزگەوتی لەسەر دروست بکەن، مزگەوتەکە تا ئێستاش ماوە، ئەمەش پێی دەگوترێت ڕۆحی پێکەوەژیان .

لە دەڤەری شارەزوور و پێنجوێن پیاوێکی زانا و ناودار هەبوو بە ناوی شێخ مەعروف، دیارە کچێکی مەسیحی بۆ کورەکەی دەخوازێت، بۆ یەك چرکەش سەر ناخەنە سەری کە موسڵمان بێت، بە مەرجی موسڵمانبوونیش نەیانخواستبوو، بۆیە کاتێك منداڵێکی کوڕیان دەبێت، باوکی منداڵەکە ناوی لێ دەنێت (محمد) کاتێك شێخ مەعروف پێی دەزانێت، ڕازی نابێت و ناوی لێ دەنێت (عیسا) و بە کورەکەی دەڵێت: ئێستا بۆ خۆت و خێزانت وەکو یەکە.

هەروەها لە قەزای شەقڵاوە قەشە بەڕێزەکان لە مانگی مەولوود بەشداری ئاهەنگی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر محەمەد ( د.خ ) دەکەن لە مزگەوتەکان و لەیادی لەدایکبوونی پێغەمبەر عیسا (ع) مامۆستایانی ئایینی ئیسلام بەشداری دەکەن لە ناو کەنیسەکان، تا گەیشتووەتە ئەوەی وتاریش لە یادەکە پێشکەش بکەن و، ستایشی ئەو یەکتر قەبووڵکردنانە دەکەن، موسڵمانان و مەسیحییەکان و ئێزیدییەکان و ئایینزاکانی دیکەش لە هەموو خۆشی و ناخۆشیی یەکدی بەشدارن، بەتایبەتی لە پرسە و ماتەمێنی.

لە سەرەتای هاتنی (داعش) بەداخەوە کە دژی مرۆڤایەتی بوون، دەستیان لە هیچ کەس نەپاراست و قوربانیی سەرەکی خوشك و برایانی ئێزیدی بوون، دواتر مەسیحییەکانی مووسڵ و شارەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق ئاوارەی کوردستان بوون، ئەوکات مامۆستایانی ئایینی ئیسلامی دەرگای

**پێکەوە ژیان هۆکاری سەرەکیی سەقامگیری هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو و خۆڕاگرە**

**پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستان تابلۆیەکی جوانی پیشانی گشت وڵاتانی دونیا داوە**

**موسڵمانان و مەسیحییەکان و ئێزیدییەکان و ئایینزاکانی دیکەش لە هەموو خۆشی و ناخۆشیی یەکدی بەشدارن، بەتایبەتی لە پرسە و ماتەمێنی**

**لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان جوو و مەسیحی و ئێزیدی پۆستی باڵای وەکو وەزیر و پارێزگار و کەسی دەسترۆیشتوو لە ڕیزەکانی حکومەت هەبوون**



مزگەوتەکانیان بە ڕووی خێزانە ئێزیدییەکان کردەوە، تاکو جێگای گونجاویان بۆ دابین کرا و، زۆرێك لە موسڵمانان گریانیان لەگەڵ ئەوان تێکەڵ ببوو.

لە سەردەمی کەرەنتینە و ڤایرۆسی کۆرۆنا بەڕێز مەتران بەشار سەردانی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستانی کرد و بەشێکی زۆر لە (موعەقیم و ماسك)ی بە دیاری بۆ مامۆستایان و مزگەوتەکانی هێنابوو.

حەفتا ساڵ بەر لە ئێستا لە سەرجەم وڵاتانی عەرەب بە ناوی ئایین سەرجەم جووەکانیان لە وڵاتەکانیان بە زۆرەملێ گواستەوە، وڵاتی عێراقیش لەوان بەدەر نەبوو و بەشداریی ئەو تاوانە گەورەیەی کرد.

دەگێڕنەوە کاتێك کە جووەکانی کوردستان ماڵاواییان لە موسڵمانانی دراوسێ و شەریك و هاوڕێکانیان دەکرد، بە گریان و دەست لەملکردن ماڵاواییان دەکرد و، موسڵمانانی کورد زۆر پێی دڵگران بوون، بەڵام لەژێر ستەمی حکومەتی ئەوکات کە هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو، تا کۆتا وێستگەکان خوشك و برا جووەکانیان بە گریان و چاو پڕ لە فرمێسك بەڕێ کردوون، تاکۆ ئێستاش هەندێك لە بەتەمەنەکان باسی سەردەمی ئەو کاتمان بۆ دەکەن، کە چەندە بە ئارامی و ئاسوودەیی پێکەوە ژیاون.

لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان جوو و مەسیحی و ئێزیدی پۆستی باڵای وەکو وەزیر و پارێزگار و کەسی دەستڕۆیشتوو لە ڕیزەکانی حکومەت هەبوون.

لە ئێستاشدا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیریان هەیە و لە پەرلەمانی کوردستان شوێنیان هەیە بە کۆتا و لە چەندین شوێنی دی پۆستی باڵایان هەیە، لە هەمووشی گرنگتر لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتیی تایبەت بە نوێنەرایەتی ئایینەکان هەیە،

وەکو:

١: ئایینی مەسیحی .
٢: ئایینی ئێزیدی .
٣: ئایینی جوو
٤:ئایینی سابیئەی مەندایی
٥:ئایینی زەردەشتی
٦: ئایینی بەهائی

لەگەڵ نەتەوەکانی وەکو:

١: کورد
٢: تورکمان
٣: عەرەب
٤: شەبەك

ئەمەش باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو تابلۆ جوانەی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەییە کە پێی دەڵێن: کوردستان، تکایە ئەو تابلۆ جوانەی پێکەوە ژیان بپارێزن و کوردستان ئاوەدان.





# ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەر

# پێگەی کوردستانی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەهێزتر کرد

بەپێی ئاکامە بەرایییەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، جیا لەوەی لە ڕیزبەندی پارت و قەوارە سیاسییەکان هەڵکشان و داکشانی گەورە ڕووی داوە، بەڵام لەسەر ئاستی هەر دوو پێکهاتەی سەرەکی (کورد و عەرەبی سوننە) دوولایەنی سەرەکیی ڕێژەی نیوەی زیاتری دەنگەکان کورد و عەرەبی سوننەیان بەدەست هیناوە، ئەو دوولایەنەش یەکەمیان پارتی دیموکراتی کوردستانە کە ٣٣ کورسیی کوردی بە دەست هێناوە، دووەمیشیان قەوارەی تەقدومە کە ٣٨ کورسیی عەرەبی سوننەی بە دەست هێناوە.

هاوشێوەی کورد و سوننە، لە ناو هیز و قەوارە سیاسییەکانی شیعەشدا تەیاری سەدر سەرووی ٧٠ کورسی بە دەست هێناوە، لەوانەیە لە ڕێژەی نیوەی دەنگدەرانی لایەنە شیعەکان خۆی نزیك بکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دابەشبوونیکی بەرفراوان لەناو ماڵی شیعە هەیە، وەك هێزیکی سەرەکی بۆ نوێنەرایەتیی شیعە لە پرۆسەکەدا ئاستەنگی زۆری لەبەردەمدایە و هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن کە لە نیوان (دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتیی نوری مالیکی و هاوپەیمانیی فەتح بە سەرۆکایەتیی هادی عامری)، ئەوانیش ببنە ڕکابەرێکی سەرسەختی سەدر و هەوڵی پێکهێنانی کوتلەی گەورە بۆ پێکهێنانی حکومەت بدەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە بە دەست ژماردنەوەی دەنگەکاندا دەوڵەتی یاسا و فەتح، ژمارەی کورسییەکانیان بۆ زیاتر لە ٦٠ کورسی بەرز بووەتەوە و جیاوازیەکی زۆر گەورەیان لەگەڵ تەیاری سەدر نییە، بەڵام ئەوەی دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لەناو پرۆسەکەدا، ئەوەیە کە هیچ لایەنێکی شیعە بە بێ کورد و سوننە کوتلەی گەورەی بۆ دروست ناکرێت.

لە ناو ئەم نەخشە تازەیەی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کە کورد و عەرەبی سوننە دەبنەوە شادروستکەری ڕاستەقینە (Real King maker)، جۆرێك لە لێکتێگەیشتنی هاوبەش لە نێوانیاندا دروست بووە، بەتایبەتیش لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و قەوارەی تەقدوم، هەردوو قەوارەکەش ڕێژەی زیاتر لە نیوەی دەنگی کورد و عەرەبی سوننەیان بەدەست هیناوە، ئەوا زۆر نزیکە لێکتێگەیشتنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و قەوارەی تەقدوم ببێتە دەروازەیەکی باش بۆ تێگەیشتنی نێوان هەردوو پێکهاتەی کورد و عەرەبی سوننە، ئەمەش لەو خاڵەدا ڕەنگ دەداتەوە، ڕێژەی زۆری دەنگدەرانی کورد و سوننە دەنگیان بە لایەنە نەتەوەییەکە داوە، نەك لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکان، بۆ ئەمەش زۆر نزیکە لەسەر ئاستی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکەوە وەك یەك تیم بە نوێنەرایەتیی کورد بچنە نێو دانوستاندنەکان و قەوارەی تەقدوم و هاوپەیمانیی عەزم-یش پێکەوە وەك یەك تیم بە نوێنەرایەتیی عەربی سوننە بچنە ناو دانوستاندنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق.

## ● کۆتاییهاتنی وەهمی زۆرینە و گەڕانەوەی ناچاری بۆ شەراکەت و هاوسەنگی

ئیدارەی جۆزیف بایدن بە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق دلخۆشە و ئامادەباشیی ئیدارەکەشی پیشان داوە کە ئامادەیە مامەڵە لەگەڵ حکومەتی داهاتووی عێراق بکات، پێشوەختەش پشتگیریی خۆی بۆ پیشان داوە، ئەم خۆشحاڵییەی ئیدارەی ئەمریکا بۆ ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە چەند خاڵێکی لێ دەخوێندریتەوە کە بریتین لە:

١- لە ناو پێکهاتەی شیعەی عێراقدا (خەونی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بە ڕێگەی زۆرینە و کەمینە) بووە بەشێك لە ڕابردوو، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەر دوو لایەنی سەدر لە لایەك و دەوڵەتی یاسا و هاپەیمانیی فەتح لە لایەکەی دیکە، لەبەر دابەشبوونی نێوماڵی شیعە، خۆیان لە یەك هاوپەیمانیدا بۆ کۆناکرێتەوە و پێویستیان بە هاوپەیمانی لەگەڵ کورد و سوننە هەیە، کورد و سوننەش بەو مەرجە بەشدار دەبن کە خەونی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی وەلا بنرێت و بگەڕێنەوە بۆ ناو چوارچێوەی دەستووری عێراق و سەرلەنوێ لەسەر بنەمایەکی دروست دووبارە عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی بونیاد بنرێتەوە.

٢- ئاکامی دەنگدانی کورد لە پرۆسەی

عەرەبی عێراق (بە شیعە و سوننە) لەسەر ئاستی ڕای گشتی ئەم توانا و لۆژیک و ئیرادەیەی سەرۆک بارزانی- یان بۆ بونیادنانەوەی دەوڵەت بینیوە، بۆیە پێ ناچێت بتوانن ئەمجارە بە تاکتیک لەگەڵ سەرۆک بارزانی ڕێکبکەون و کە گەڕانەوە بۆ بەغدا ڕێککەوتنەکە پێشێل بکەن

بەپێی ئاکامە بەرایییەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، جیا لەوەی لە ڕیزبەندی پارت و قەوارە سیاسییەکان هەڵکشان و داکشانی گەورە ڕووی داوە

ئەوەی دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لەناو پرۆسەکەدا، ئەوەیە کە هیچ لایەنێکی شیعە بە بێ کورد و سوننە کوتلەی گەورەی بۆ دروست ناکرێت

ڕێژەی زۆری دەنگدەرانی کورد و سوننە دەنگیان بە لایەنە نەتەوەییەکە داوە، نەک لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکان

هەڵبژاردنی ئەمجارەدا، بە ڕێژەی ٨٠٪ دەنگی خۆیان داوە بە هەر دوو لایەنی سەرەکی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) ئەم دوو لایەنە سەرەکییە کە پێکەوە لە پرۆسەی سیاسیی کوردستان و پرۆسەی سیاسیی عێراقدا شەریکن، ئاکامێکی دڵخۆشکەرە بەوەی کە دەنگدەرانی کوردستان ئەو هێز و لایەنانەیان سزا داوە کە بەردەوام بانگەشەی عێراقچێتییان دەکرد و هەوڵەکانیان بۆ ڕووخاندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان خستبووەگەڕ، بۆیە ئەمجارە نوێنەرایەتیی کورد لە پرۆسەکە لە دەستێکی ئەمیندا دەبێت و پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی دەستوور و بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان سەنگ و شکۆی زیاتر دەبێت.

٣- بە هاوشێوەی دەنگدەرانی کورد، دەنگدەرانی عەرەبی سوننە بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز دەنگیان بە هەر دوو لایەنی قەوارەی تەقدوم و هاوپەیمانیی عەزم داوە، ئەوجا چ حەلبوسی سەرۆکی قەوارەی تەقدوم و چ خەمیس خەنجەر سەرۆکی هاوپەیمانیی عەزم کە بۆچوونێکی قەومیی عەرەبی سوننەیان هەیە، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی خەوبینیی سوننە بە حوکمڕانیی عێراقەوە بووەتە بەشێك لە ڕابردوو، ئەوا لە ئێستادا نە بایکۆتی پرۆسە سیاسیەکە دەکەن، نە چارەنووسی خۆشیان بە حزبە ئیسلامییەکانەوە گرێ دەدەنەوە، بەڵکو بیر لە داهاتووی کۆمەڵگەی عەرەبی سوننە دەکەنەوە، کە ئەم بیرکردنەوە تازەیەش پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی ئاسانتر دەکات.

ئەم سێ وەرچەرخانە گرنگە کە ئاکامی هەلبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق لەناو کۆمەڵگەی هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکە دروستی کردووە، ڕەخساندنی ئەو زەمینەیەیە بۆ جێبەجێکردنی بیرۆکەی فیدراڵییەتی ڕاستەقینە لە عێراقدا کە لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ خودی جۆزیف بایدنی سەرۆکی ئێستای ئەمریکا و ئەو کات سەرۆکی لیژنەی دەرەوەی ئەنجومەنی سەنات ناوی لێنابوو دابەشکردنی نەرم (Soft partition).

ڕیشەی پرۆژەی دابەشکردنی نەرم کە لە چوارچێوەی پرۆسەی فیدراڵیەتی عێراق ڕەگی خۆی داکوتاوە، لەو بیرۆکەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەر سێ پێکهاتەی (کورد و سوننە و شیعە) ناتوانن پێکەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەنترالّی پێکەوە بژین، ئەوجا بۆ ئەوەی پێکەوە ژیان لە نێوانیان دروست بکرێت و عێراقیش وەك دەوڵەت لەبەریەك هەڵنەوەشێت، ئەوا تەنیا دەروازە بۆ دەرچوون لەم تەنگژەیە ئەوەیە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا هەر سێ پێکهاتەکە لە سەر ئاستی لۆکاڵ خۆیان حوکمڕانیی خۆیان بکەن و لە سەر ئاستی دەوڵەتی فیدراڵیش پێکەوە هاوکار و هەماهەنگ بن.

عەرەبی شیعەی عێراق، لە دوای پرۆسەی ڕووخانی ڕژیمی بەعس و سەدام، بە گەرمی پێشوازییان لە پرۆسەی فیدراڵی دەکرد، بەڵام عەرەبی سوننە دژی دەوەستانەوە، ئەمەش زەمینەی بۆ ئەوە ڕەخساند کە شیعەی عێراق هەوڵبدەن چەمکی فیدراڵییەت لە عێراقدا نەمێنێت و هەنگاویان بۆ دەوڵەتیکی ئۆتۆکراتی ئایینی هەڵگرت و، داوای حوکمڕانیی زۆرینە و کەمینەیان دەکرد، بەڵام ئاکامی هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق، عەرەبی شیعەی لە عێراقدا خستووەتە دووڕێیانێکەوە، یان ئەوەیە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ناو دەستوورەکە و سەرلەنوێ عێراقیکی فیدراڵیی ڕاستەقینە بونیاد بنرێتەوە، یان ئەوەیە موجازەفە بە حوکمڕانیی شیعە بکەن و عێراقیش لەبەریەك هەڵبوەشێت.

## ● دەستە ئەمینەکەی کوردستان دەیەوێت عێراقی داهاتوو چۆن بێت؟

لە تەمموزی ٢٠١٠ و لە میانەی چاوپێکەوتنێکی سەرۆك بارزانی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، ئەو پرسیارەمان ڕووبەڕووی سەرۆك کردەوە: ماوەی زیاتر لە سێ مانگە پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراقدا ئەنجام دراوە و هەتا ئێستاش کێشمەکێشەکان بۆ دانانی بەرنامەیەك بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو دیار نییە، ئایا لەلای بەڕێزتەوە دەستپێشخەرییەك هەیە کە هەموویان پێکەوە کۆ بکەیتەوە؟ سەرۆك بەم جۆرە وەڵامی دایەوە: «دەتوانم بڵێم پرۆسەکە ئێستا زۆر زۆر ئاڵۆز بووە، بڕیار

■

**لە ناو ئەم نەخشە تازەیەی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کە کورد و عەرەبی سوننە دەبنەوە شادروستکەری ڕاستەقینە (Real King maker)، جۆرێک لە لێکتێگەیشتنی هاوبەش لە نێوانیاندا دروست بووە، بەتایبەتیش لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و قەوارەی تەقدوم**

■

**ئیدارەی جۆزیف بایدن بە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق دلخۆشە و ئامادەباشیی ئیدارەکەشی پیشان داوە کە ئامادەیە مامەڵە لەگەڵ حکومەتی داهاتووی عێراق بکات**

■

**لە ناو پێکهاتەی شیعەی عێراقدا (خەونی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بە ڕێگەی زۆرینە و کەمینە) بووە بەشێک لە ڕابردوو**

■

**ئاکامێکی دڵخۆشکەرە بەوەی کە دەنگدەرانی کوردستان ئەو هێز و لایەنانەیان سزا داوە کە بەردەوام بانگەشەی عێراقچێتییان دەکرد و هەوڵەکانیان بۆ ڕووخاندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان خستبووەگەڕ**



بوو ئەمڕۆ (٢٠١٠/٧/١٣) پەرلەمان کۆببێتەوە، بەڵام دواخرا بۆ دوو هەفتەی دیکە، وەك من دەیبینم، دوو هەفتەی دیکەش هیچ ناکرێت، ڕۆژ بە ڕۆژیش بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت، گرفتەکە ئەوەیە ئەو برایانەی بەغدا بڕیاری ئەوەیان نەداوە کێشەکە چارەسەر بکەن. ئەگەر بزانم سەرۆکی کوتلەکان و لایەنە سەرەکییەکان بڕیاری ئەوەیان داوە چارەسەرێك بدۆزنەوە، من ئامادەم، لێرە داوەتیان بکەین و لە خزمەتیاندا بین، یان من بچمە بەغدا، بەڵام بۆ ئەو وتووێژەی تا ئێستا هەبووە، من بەشدار نابم.. من پێموایە ئەگەر دەستوور بە ئەمانەتەوە جێبەجێ بکرێت، هیچ گرفتێك نابێت، ئەگەر هەر گرفتێکیش بێتە پێشەوە زۆر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت. ئەو دەستوورە زەحمەتێکی زۆری بۆ کێشراوە، هەروا بە ئاسانی دروست نەبووە، من ماوەی ٥٣ ڕۆژ لە بەغدا مامەوە و لەگەڵ برایانی تر خەریك بووین تا داڕێژراوە، بەڵام هێشتاش ئەم دەستوورە بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەستوورێکی زۆر پێشکەتووە، دەستوورێکە دەتوانین بڵێین بەشی زۆری مافەکانی ئێمەی تێدایە و ڕێگەچارەی بۆ هەموو گیروگرفتەکان دەستنیشان کردووە، بۆیە من پێموایە هیچ بەدیلێك لە دەستوور باشتر نییە..»

دوای چەند مانگێك لەم دیدارەی گوڵان سەرەنجام هەموو سەرۆك فراکسیۆنەکانی عەرەبی شیعە و سوننە هاتنە کوردستان و جارێکی دیکە سەرۆك ئەم بۆچوونانەی خۆی کرد بە کرۆکیی ئەو ڕێککەوتنەی کە ناوی لێ نرا: «ڕێککەوتنی هەولێر بۆ پێکهێنانی کابینەی دووەمی نوری مالیکی».

گرنگیی ڕێککەوتنی هەولێر کە تەواوی سەرۆك فراکسیۆنەکانی (کورد و شیعە و

**هەر دوو لایەنی سەدر لە لایەک و دەوڵەتی یاسا و هاوپەیمانیی فەتح لە لایەکەی دیکە، لەبەر دابەشبوونی نێوماڵی شیعە، خۆیان لە یەک هاوپەیمانیدا بۆ کۆناکرێتەوە و پێویستیان بە هاوپەیمانی لەگەڵ کورد و سوننە هەیە**



سوننە) ئیمزایان لەسەر کردووە و لە ١٩ خاڵی سەرەکی پیکهاتووە، تەنیا پێداگری نییە لەسەر چەسپاندنی مافە دەستوورییەکانی کوردستان، بەڵکو نەخشەیەکی ڕێگەیە بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ وەك یەك سەفقە، نەك بە شێوەیەکی ئینقائیانە ماددەیەکی جێبەجیٚ بکریت و، دەیان ماددەی دیکە پێشیل بکرێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر ڕێککەوتنی هەولێر وەك خۆی جێبەجیٚ بکرایە، ئەوا لە بری ئەوەی ئەو هەموو کارەسات و کاولکارییە بەسەر عێراقدا بێت، عێراق دەبووە دەوڵەتیکی فیدراڵی ڕاستەقینە و هەر سیٚ پێکهاتەی سەرەکییش حوکمڕانیی خۆیان لەسەر ئاستی لۆکال دەکرد و لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیشدا پێکەوە هاوکار و هەماهەنگ دەبوون، ئەو داهاتەی بۆ دژایەتیی مافەکانی گەلانی عێراق بەفیرۆ درا، دەکرا عێراقی وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی پیٚ بکرێتە سویسرای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام خاڵی سەرەکی لە تێکدانی زەمینەی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە گرنگە، دوو هۆکار بوو، یەکەمیان نەبوونی مەرجەعییەتێك کە بتوانێت عەرەبی سوننە لە چواردەوری بەرنامەیەك کۆبکاتەوە، دووەمیان خەوبینینی عەرەبی شیعە بوو بە حوکمڕانیی زۆرینە و کەمینە و هەنگاوهەڵگرتن بەرەو دەوڵەتێکی ئیسلامی، کە سەرەنجام ئەو غرووربیەی لایەنە سیاسییەکانی شیعە زەمینەی بۆ دەوڵەتی بەناو خەلافەتی تیرۆریستانی داعشی لیٚ بەرهەم هات.

لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٤ – ٢٠١٨ کە کوردستان و عێراق لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش بوون بە هاوکاریی هاوپەیمانان، پرسی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا هەڵپەسێرا بۆ دوای

**ڕیشەی پرۆژەی دابەشکردنی نەرم کە لە چوارچێوەی پرۆسەی فیدراڵیەتی عێراق ڕەگی خۆی داکوتاوە، لەو بیرۆکەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەر سیٚ پێکهاتەی (کورد و سوننە و شیعە) ناتوانن پێکەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەنترالی پێکەوە بژین**

کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش، لەو ماوەیەدا جارێکی دیکە بەرنامەیەك لە چوارچێوەی پڕۆژەی ڕیفراندۆمی کوردستان دانرا، بۆ ئەوەی ببێتە نەخشەی ڕێگە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نیوان هەرێم و بەغدا، بەڵام دیسان غروووری شیعە و دەستی خیانەتی ناوخۆ ئەم پرسەیان بە لایەکی دیکەدا برد و، گەیشتە ئەوەی بە هێزی سەربازی قەوارەی هەرێمی کوردستان برووخێنن، بەڵام خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕێبەرایەتی سەرۆك مسعود بارزانی ئەو خەونەی لە گۆڕ نا و، لەگەڵ ئەوەی گەمارۆیەکی توند لەلایەن حکومەتی عێراقەوە خرایە سەر کوردستان، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی نیسانی ٢٠١٨ گەلی کوردستان متمانەیەکی بەرزی بە پارتی دیموکراتی کوردستان بەخشییەوە و جارێکی دیکە بە هەموو لایەکیان ڕاگەیاند، چارەنووسی گەلی کوردستان و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە دەستی ئەو ڕابەرە ئەمینەدایە کە ناوی مسعود بارزانی-یە.

بۆ ئەمەش هەردوو هاوپەیمانیی سەدر و فەتح، بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت هاتنەوە لای سەرۆك بارزانی و دووبارە ئەوەیان پیشان دایەوە کە ئامادەن لەسەر ئەو پڕۆژەیە هەوڵەکانیان یەك بخەن و دووبارە عێراق بونیاد بنێننەوە و کاولکارییەکانی کۆمەڵگەی سوننە دووبارە چاك بکرێنەوە، بەڵام ماوەی کەمتر لە ساڵێکی نەخایاند، خۆپیشاندانەکانی تشرین لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق دەستی پێ کرد و، حکومەتی عادل عەبدولمەهدی-یان ناچار کرد دەست لەکار بکێشێتەوە و سەرەنجامیش لە بەر سەختیی بارودۆخی پرۆسە سیاسییەکەی عێراق، بڕیار لە هەڵبژاردنی پیشوەختە درا، کە لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ڕابردوو ئەنجام درا و ئەمجارەشیان بە ڕیژەی زیاتر لە نیوەی دەنگدارانی کورد متمانەیان بە پارتی و سەرۆك بارزانی بەخشییەوە.

لە ئێستادا و لە دوای ڕاگەیاندنی ئاکامە بەراییەکانی هەڵبژاردن، وەك چاودێرانی سیاسی دیوە شاراوەکەی گوتارە سیاسییە جیاوازەکان دەخوێننەوە، لەسەر ئاستی هێز و لایەنەکانی عەرەبی سوننە و شیعە قەناعەتێکی زۆرینە هاتووەتە ئاراوە کە بێجگە لەو بەرنامە و پڕۆژەیەی کە سەرۆك مسعود بارزانی لە کۆنگرەکانی لەندەن و پاریس و هاوینەهەواری پیرمام و پاشانیش دوایین جار لە ڕێککەوتنی هەولێری ٢٠١٠، ڕێگەیەکی دیکە نییە بۆ ئەوەی ئەم پاشاگەردانییەی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق کۆتایی بێت و، دەست بکریت بە ئاوەدانکردنەوەی وڵات و دابینکردنی خزمەتگوزاریی پێویست و سەرەکی بۆ هاووڵاتیانی عێراق.

قووڵایی ستراتیژیەتی بیرکردنەوەی سەرۆك مسعود بارزانی بە پلەی یەکەم پێداگرییە لەسەر مافە دەستوورییەکانی تەواوی گەلی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئامانجی یەکەمی بارزانی ئەوەیە کە برایەتی و پێکەوەژیان لە نێوان هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بێتە ئاراوە و قۆناخی شەڕ و کاولکاریی ١٠٠ساڵەی مێژووی هاوچەرخی عێراق کۆتایی پێ بهێنرێت.

ئەوانەی لە نزیکەوە چاودێریی پرۆسەی سیاسیی تەواوی عێراق دەکەن و، تووڕەیی خەڵکی عێراق لە لایەنە سیاسییەکانی شیعە و سوننە بە وردی دەخوێننەوە، ڕایەکی ئەرێنییان سەبارەت بە پرۆسەی دانوستانەکانی ئەم جارەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق لا دروست بووە و دەڵێن: سەرۆك مسعود بارزانی ئەو دەوڵەتمەدارەیە توانیویەتی لەناو پاشاگەردانی و ناسەقامگیریی سیاسیی دەوڵەتی عێراقدا، هەرێمی کوردستان بکاتە ناوچەیەکی جیاواز و پێشکەتوو لە عێراقدا و، عەرەبی عێراقیش (بە شیعە و سوننە) لەسەر ئاستی ڕای گشتی ئەم توانا و لۆژیك و ئیرادەیەی سەرۆك بارزانی-یان بۆ بونیادنانەوەی دەوڵەت بینیوە، بۆیە پێ ناچێت بتوانن ئەمجارە بە تاکتیك لەگەڵ سەرۆك بارزانی ڕێکبکەون و کە گەڕانەوە بۆ بەغدا ڕێککەوتنەکە پێشێل بکەن، ئەمجارە یەك ڕێگە لە پێشیانە، ئەوەتا یان دەبێت ڕێککەوتنەکە لەلایەن هەرسێ پێکهاتەی (کورد و شیعە و سوننە) بە هاوکاری و هەماهەنگی جێبەجێ بکرێت، ئان ئەوەیە وەك باڵیۆز پیتەر گالبریس ناوی لێ ناوە . عێراق کۆتایی دێت.

**ئاکامی هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق، عەرەبی شیعەی لە عێراقدا خستووەتە دووڕیانێکەوە، یان ئەوەیە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ناو دەستوورەکە و سەرلەنوێ عێراقیکی فیدراڵیی ڕاستەقینە بونیاد بنرێتەوە، یان ئەوەیە موجازەفە بە حوکمڕانیی شیعە بکەن و عێراقیش لەبەریەک هەڵبوەشێت**

**ئەگەر ڕێککەوتنی هەولێر وەک خۆی جێبەجێ بکرایە، ئەوا لە بری ئەوەی ئەو هەموو کارەسات و کاولکارییە بەسەر عێراقدا بێت، عێراق دەبووە دەوڵەتیکی فیدراڵی ڕاستەقینە و هەر سێ پێکهاتەی سەرەکییش حوکمڕانیی خۆیان لەسەر ئاستی لۆکاڵ دەکرد و لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیشدا پێکەوە هاوکار و هەماهەنگ دەبوون**

**ئەو داهاتەی بۆ دژایەتیی مافەکانی گەلانی عێراق بەفیڕۆ درا، دەکرا عێراقی وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی پێ بکرێتە سویسرای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**• ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دووبارە دانپێدانانەوە بە سەروەریی عێراقدا**

بەپێی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی مۆڵەتی درێژکردنەوەی ماندێتی یۆنامی لە عێراقدا پێ دەرچووە، بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەم جارە دوو مەرجی داناوە:

١- هەڵبژاردنەکان لەلایەن چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان و چاودێری نێودەوڵەتییەوە چاودێری دەکرێت.

٢- لە دوای ٣٠ ڕۆژ لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، دەبێت نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاپۆرتێك سەبارەت بە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە بەرز بکاتەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و بۆ ئەوەی شەرعییەتی نێودەوڵەتی پێ بدرێت.

سەبارەت بە خاڵی یەکەمیان و پێداویستیی عێراق بە نوێنەری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش ڕاشکاوانە ئاماژەی پێ کراوە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ڕەوشی دوای ساڵی ٢٠٠٣ و ئێستای عێراقدا نییە، بۆیە ڕەوشەکە وادەخوازێت، یۆنامی بمێنێتەوە.

سەبارەت بە خاڵی دووەمیشیان بەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر ئەم هەڵبژاردنە ڕاپۆرتێك بنێرێت بۆ ئەنجومەنی ئاسایش، ئەمەش مانای ئەوەیە عێراق ئەو دەوڵەتە دامەزراوەیی و خاوەن سەروەرییە نییە کە خۆی وەك دەوڵەت ئاکامی هەڵبژاردنەکە پەسەند بکات، هەر بۆیە ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایش شەرعییەتی بە پرۆسەکە و ئاکامی هەڵبژاردنەکان دایەوە، ئەوا هەنگاوی یەکەم بۆ دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق لە چوارچێوەی دەستوورەکەی دەست پێ دەکاتەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکار و پشتیوانی دەبێت.

دیارە سەبارەت بەم دوو مەرجەی بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، عێراق وەك دەوڵەت و دامەزراوەکانی هەر دوو مەرجەکەی قبووڵ کردووە و هەتا ئێستا سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە و ئاکامەکانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پشتیوانی لێ دەکرێت.

بەڵام خاڵی وەرچەرخانی مەترسیدار لەو لێدوان و گوتارانەوە سەرچاوە دەگرن، کە هەوڵەکانیان لە تانەی یاساییەوە، خەریکە دەگۆڕێت بۆ بەکارهێنانی زمانی چەکی میلیشیایی و ئاڵۆزکردنی باروودۆخە بۆ جارێکی دیکە، ئەمەش هەڕەشەیەکی مەترسیدارتر لەسەر ئایندەی پرۆسەی سیاسی دروست دەکات، عێراقیش لە لێواری هەڵدێر زیاتر نزیك دەکاتەوە، بەڵام بە دیوێکی دیکەدا کە هەست دەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە جددی لەسەر خەتەوە و چیدیکە بوار بۆ ئەوە نەماوەتەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تواناکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی شکستخواردووی بەفیڕۆ بدات، ئەمە مەرجەعییەتی نەجەفی هێناوەتە سەر خەت، بەوەی داوای لە خەڵك کرد، لە هەڵبژاردنەکان بەشداری بکەن و ئاکامەکانیشی قبووڵ بکەن، ئەوەی تا ئێستا لە ناو پرۆسەی دوای ڕاگەیاندنی ئاکامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی ئەم جارە دەبیندرێت، زۆر جیاوازە لە دیاردە نەرێنییەکانی هەڵبژاردنی ٢٠١٨، هەر بۆیە ئەگەر ئەم ئاراستەیە وەك ئێستا بەردەوام بێت، ئەوا مەزندە دەکرێت، ناچاری کارێك بن کە بونیادنەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی دەست پێ بکاتەوە.



**لە هەڵبژاردنەکانی نیسانی ٢٠١٨ گەلی کوردستان متمانەیەکی بەرزی بە پارتی دیموکراتی کوردستان بەخشییەوە و جارێکی دیکە بە هەموو لایەکیان ڕاگەیاند، چارەنووسی گەلی کوردستان و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە دەستی ئەو ڕابەرە ئەمینەدایە کە ناوی مسعود بارزانی-یە**

**لەسەر ئاستی هێز و لایەنەکانی عەرەبی سوننە و شیعە قەناعەتێکی زۆرینە هاتووەتە ئاراوە کە بێجگە لەو بەرنامە و پرۆژەیەی کە سەرۆك مسعود بارزانی لە کۆنگرەکانی لەندەن و پاریس و هاوینەهەواری پیرمام و پاشانیش دوایین جار لە ڕێککەوتنی هەولێری ٢٠١٠، ڕێگەیەکی دیکە نییە بۆ ئەوەی ئەم پاشاگەردانییەی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق کۆتایی بێت**

# بۆ بەرگریکردن لە مافە دەستووری و نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان
# گرنگە بەرەیەک بۆ فراکسیۆنە کوردستانییەکان دروست بکرێت

**پارتی چەند بەهێزتر بێت، هەنگاوی زیاتر دەنێت بۆ کوردستانێکی سەقامگیر و ئاوەدان و بەهێز و پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی نێوماڵی کورد**

لەم هەڵبژاردنەدا پارتی دیموکراتی کوردستان بووە گەورەترین حزبی کوردستان و بووە خاوەنی ٣٣ کورسیی پەرلەمانی، واتا زۆر زیاتر لە ٢٥ کورسی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ی پێشووی پەرلەمانی عێراقدا؛ پارتی حزبی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزە و خۆی بە نوێنەر و خەمخۆری هەموو گەلی کوردستان دەزانێت و، خاوەنی دۆزی ڕەوای کوردە، ئەم سەرکەوتنە وادەکات ئەرکی قۆناغی داهاتوومان قورستر بێت و، دەبێ پێکەوە لەیەك سەنگەردا بین. پارتی چەند بەهێزتر بێت، هەنگاوی زیاتر دەنێت بۆ کوردستانێکی سەقامگیر و ئاوەدان و بەهێز و پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی نێوماڵی کورد. لەدوای ئەم هەڵبژادنە ئەوەی بۆ ئێمەی کورد گرنگە یەکڕیزیی نێوان پارت و لایەنە سیاسییەکانە، هەروەکو چۆن لە پەیامی سەرۆك بارزانی بە ڕوونی و ئاشکرا هاتووە و جەختی لەسەر یەکڕیزیی نێوان لایەنە کوردستانییەکان کردەوە بەوەی: «لەدوای هەڵبژاردن لایەنە کوردستانییەکان یەکڕیز و تەواوکاری یەکتری بن و بە یەکەوە بۆ یەك ئامانجی هاوبەش و لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان بەرگریکاریی لە ماف و دەستکەوتەکان کار بکەن». ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە بەیانەکەیدا ئاماژەی لە سەر گرنگیی یەکڕیزیی نێوان لایەنە سیاسییەکان کردەوە. مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە بە سەرپەرشتیی سەرۆك بارزانی کۆبوونەوە لە ڕاگەیاندراوەکەیاندا بە ڕوونی و ئاشکرایی جەختیان لەسەر پاراستنی دەستکەوت و مافەکانی خەڵکی کوردستان و پرەنسپەکانی (شەراکەت و سازان و هاوسەنگی) کردەوە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، تەئکیدیان لەسەر پێویستیی ڕێکخستنەوەیەکی سەردەمییانە بۆ عێراق کردەوە. ئەمەش هەمووی لەپێناو بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و گەلی عێراقدایە، لە کاتێکدا کە وڵاتەکە بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت، چیتر تەحەمولی چارەسەرنەکردنی ئەو هەموو کێشە هەڵواسراوانە ناکات.

هەر چۆنێك بێت، هێشتا دوائەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕانەگەیەندراوە، هەر چەندە حزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە زەحمەت قبووڵی شکست دەکەن و، ئەوانەی دەنگی کورسیان کەم



**مەسعود حەیدەر**
ڕاوێژکاری سەرۆک بارزانی
بۆ گوڵان دەنووسێت

هێناوە، تانە و سکاڵاو نارەزایەتی دەردەبڕن، بەڵام لە کۆتاییدا حزبە سیاسییەکان واقیعە نوێیەکە قبووڵ دەکەن، ئەم حاڵەتەی ئێستای عێراق لە ڕەتکردنەوەی ئەو حزبانەی ژمارەی کورسییەکانیان کەمە چاوەڕوانکراو بوو، خۆ لە ٢٠١٨ دا بارودۆخەکە زۆر لەمە خراپتر بوو، ئەو کات کۆگاکانی سندوقەکانی دەنگدەرانیان دەسووتاند و هێرش دەکرایە سەر بنکەکانی دەنگدان و ڕووخانی حکومەت و خۆپیشاندانەکان و شۆڕشی تشرینی لێکەوتەوە، ئەو سەردەمە کەسایەتی و سەرکردە ژیرەکان و خاوەن دیدگا و تێڕوانینی دوور مەودا بە عەقڵی مەنتیق و لۆژیکانە کۆبوونەوە و ڕێککەوتن. پرۆسەی سیاسی بە بێ تەوافوقی سیاسی لەناو ماڵی شیعە و لەنێو پێکهاتەکان ناچێت بەڕێوە، بۆ هێورکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکانیش نابێت فاکتەر و ڕۆڵی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەبیر بکەین کە بەو ئاراستەیە ناچێت بارودۆخەکە زیاتر بشێوێنێت، بەڵکو بە ئاراستەی نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان دەچێت و ناکۆکییەکان هێور دەکەنەوە، بەتایبەتی ڕۆڵی ئیقلیمی بۆ نزیککردنەوەی ڕاوبۆچوونەکانی نێو ماڵی شیعە کە ڕەنگە بە جێبەجێکردنی هەندێك گۆڕانکاریی بچووك هەمووان ڕازی بکەن. ئیشکالیاتی حزبەکان لەوەدایە کە ژمارەی کورسییەکانی کەم دەکات، ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ڕەت دەکەنەوە، لە کاتێکدا هەر حزبەکانە ئەندام و چاودێریان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان دامەزراندووە و ڕازی بوون لە یاسای هەڵبژاردنەکە و بەڕێوەچوونی شێوازی پرۆسەکە، بۆ ئەم حاڵەتەش میکانیزمی یاسایی و شێوازی ڕێکوپێکی تانە و پێشکەشکردنی سکاڵا هەیە، ئیتر ئەو هەموو نارەزایەتی و گومان و هەڕەشە بۆ پەنابردنە بەر چەك و توندوتیژی هەڵەیەکی کوشندەیە و شەقامی عێراقیش ئەمەی قبووڵ نییە و خوازیارن وڵات لە دۆخی بێ خزمەتگوزاری و خراپیی دۆخی بژێوی ژیانیان تێپەڕێنن و حزبەکان خۆیان سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەجیندەی دەرەکی نەکەن.

> **هەر چەندە حزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە زەحمەت قبووڵی شکست دەکەن و، ئەوانەی دەنگی کورسیان کەم هێناوە، تانە و سکاڵاو نارەزایەتی دەردەبڕن، بەڵام لە کۆتاییدا حزبە سیاسییەکان واقیعە نوێیەکە قبووڵ دەکەن**

بۆ ئێمەی کورد دیمەنەکە زۆر جیاوازە و گرنگە لەسەر ئاستی عێراق یەکریز و یەکدەنگ بین، لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو کورد خاوەنی قەزییەی نەتەوە و نیشتمانین و وەکو کوردستانییەکان

**ڕاستە لە هەرێمی کوردستان هەموو حزبەکان گرفت، یان ئیشکالیاتیان لەنێوان خۆیاندا هەیە، بەڵام دەکرێت هەموو ئەمانە لە هەرێمی کوردستان لە نێو خۆیاندا بە دانوستاندن و گفتوگۆ چارەسەر بکرێت**

**لەناو پەرلەمانی عێراقدا لایەنی سیاسی و کەسایەتیی شیعە هەیە کەوتوونەتە ژێر ئەجندەی دەرەکی و خێر و خۆشییان بۆ هەرێمی کوردستان ناوێت و لە هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتی مەرکەزی و حوکمڕانیی زۆرینەدان**

**لایەنی سیاسیی شیعە و کەسایەتیی شیعەی زۆریش هەیە خوازیارن بە هاوبەشی لە نێوان شیعە و سوننە و کورد ئەم وڵاتە بەڕێوەبچێت و هەموو کێشەکان چارەسەر بکرێت**

ئیشکالیاتمان لەسەر خاك و مافی نەتەوەیی و نیشتمانی لە عێراقدا هەیە، زۆر گرنگە حزبە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی عێراقدا لەسەر ئەم پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییانە یەکهەڵوێست بن، ڕاستە لە هەرێمی کوردستان هەموو حزبەکان گرفت، یان ئیشکالیاتیان لەنێوان خۆیاندا هەیە، بەڵام دەکرێت هەموو ئەمانە لە هەرێمی کوردستان لە نێو خۆیاندا بە دانوستاندن و گفتوگۆ چارەسەر بکرێت، گرنگ ئەوەیە گرفتەکانی ئێرە نەگوازرێتەوە نێو پەرلەمانی بەغدا و کاریگەریی نەرێنی بە سەر مافی خەڵکی کوردستان لە خاك و شایستە داراییەکان نەبێت، کاتی ئەوەیە هەنگاو بنێین بۆ دروستکردنی بەرەیەکی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ بەرگریکردن لە مافە دەستووری و نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان بڕوای وایە دەبێت وەرەقەیەکی کوردستانی لە ڕێگەی شاندێکی کوردستانییەوە بە ڕەچاوی تایبەتمەندێتی قەزییەی کوردی هەبێت دانوستان و گفتوگۆکان لەبەغدا لەسەر ئەم بنەمایە دەبێت کە هەموو مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کوردستانی تێدا دەبێت و خۆمان بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە بکەین، چونکە بە تەئکید لەناو پەرلەمانی عێراقدا لایەنی سیاسی و کەسایەتیی شیعە هەیە کەوتوونەتە ژێر ئەجندەی دەرەکی و خێر و خۆشییان بۆ هەرێمی کوردستان ناوێت و لە هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتی مەرکەزی و حوکمڕانیی زۆرینەدان. لە بەرامبەردا بارودۆخەکە هەر وا ڕەشبین نییە، لایەنی سیاسیی شیعە و کەسایەتیی شیعەی زۆریش هەیە خوازیارن بە هاوبەشی لە نێوان شیعە و سوننە و کورد ئەم وڵاتە بەڕێوەبچێت و هەموو کێشەکان چارەسەر بکرێت، لەمەشدا بە چاوی ڕێز و بەرزەوە دەڕواننە سەرۆك بارزانی و خوازیارن هەموو کێشە و گرفتەکان بەچاوی ڕێز و لۆژیکی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی چارەسەر بکەن، هەر لە ئێستاشەوە جموجوڵی سیاسی دەستی پێکردووە و کورد فاکتەرێکی گرنگە بۆ سەقامگیریی عێراق و بە بێ کورد و ڕۆڵی کورد مومکین نییە عێراق سەقامگیر بێت. بێگومان ١٠٠ ساڵی ڕابردوو سەلمێنەر و بەڵگەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە بۆ ئەم بۆچوونە. هەر بۆیە ڕێزگرتن لە دەستوور و ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی (شەراکەت و سازان و هاوسەنگی) لە بنەماکانی حوکمڕانییەکی فیدراڵی دروستە ئەمە بۆ کورد گرنگە، بەپێچەوانەوە وڵات لە گێژاوی ناسەقامگیریی و خراپیی دۆخی خزمەتگوزارییەکان و لاوازی دەرناچێت و، سەدرییەکانیش توانای ئەو چاکسازییەیان نابێت کە کردوویانە بە دروشم و بەڵێنیان بە دەنگدەرانیان داوە. ئومێد دەکەم لە دوای هەڵبژاردنەکان لایەنە سیاسییەکانی شیعە بەتایبەتی ئەوانەی کەوتوونەتە ژێر ئەجندەی ئێرانەوە بارودۆخەکە بەئاقارێکی خراپدا نەبەن، چونکە سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی لە عێراقدا بۆ هەموو پێکهاتەکان و لایەنە سیاسییەکان گرنگە.

سەبارەت بە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئەوانەی لە عێراق بە ناوچە کێشە لەسەرەکان ناوی دەبەن، ڕاستە یاسای هەڵبژاردن تا ڕاددەیەك ڕەچاوی ئەوەی کرد، بەوەی ناوچەکان بە شێوەیەك دابەش بکرێن لە نێوان کورد و تورکمان و عەرەب و هەندێك ناوچەی هاوبەشیش هەبوو سەرەڕای هەبوونی تێبینیی سەرەکی لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکە و نەبوونی کاری هاوبەش لە نێوان لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان، کە دەکرا ژمارەی کورسییەکانی کورد لەم ناوچانە زیاتریش بووایە، دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی وەکو پارتی بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی مێژوویی و نەتەوەیی و نیشتمانی لەم ناوچانەدا مامەڵە بکەن، چونکە دەرئەنجام هەموو کاندیدە دەرچووەکانی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە دەبێت پێکەوە کاربکەن بۆ بەرگریکردن لە پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە و خزمەتی زیاتری خەڵکە خۆڕاگر و دڵسۆزەکەی بکەن کە ساڵانێکە لەژێر بارودۆخێکی سەپێنراوی نائاسایی و نایاساییدان، پێویستە کار بەو ئاراستەیە بکرێت، ئەو پارێزگارە نایاساییە بە زۆر سەپێنراوە بە زووترین کات بگۆڕێت، چونکە پۆستی پارێزگاری کەرکووك ئیستحقاقاتی کوردە وەکو مافێکی سیاسی، هەموو ئەمانە پێویستی بە ئیشکردنە و



گرنگە لە قۆناغی داهاتوودا هەموو حزبەکان لە قۆناغی بانگەشە دەربچن و بە ڕۆحیەتی کوردانە و نیشتمانپەروەرییەوە ڕوو لە بەغدا بکەن و، بەرگری و داکۆکی لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خەڵکی هەرێم و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بکەن و لەم خولە نوێیەی پەرلەماندا ماددەی ١٤٠ی دەستووری جێبەجێ بکرێت.


هەڵوێستی پارتی و سەرکردایەتییەکەی ڕوون و ئاشکرایە بەوەی چاوەڕوانی ئەنجامی کۆتایی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بکەین و بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی مێژووییەوە بڕوانینە بارودۆخەکە، چونکە دامەزراندنی حکومەتی عێراق ماوەیەکی دەوێت و ڕەنگە تا مانگی شوبات و ئاداری ٢٠٢٢ بخایەنێت دوای ئەوەی لەکۆتایی ئەم مانگە دەرئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان ڕادەگەیەنرێت و دادگای فیدراڵی ڕەزامەندی لەسەر دەدات و کۆبوونەوەی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان و دواتر ڕێکەوتن لەسەر سێ سەرۆکایەتییەکە دەست پێ دەکات، عورفی سیاسیی پەیڕەوکراویش وایە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێکهاتەی شیعەیە و سەرۆکایەتیی کۆمار بۆ پێکهاتەی کوردە و سەرۆکایەتیی پەرلەمان بۆ پێکهاتەی سوننەیە، بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار گفتوگۆ و ڕێککەوتن لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی بە سەرپەرشتیی سەرۆك بارزانی بوونی دەبێت، ململانێکان لەسەر پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق توند دەبێت، پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق ئیستحقاقی شیعەیە و لایەنە سیاسییە گەورە شیعەکان بڕیاری لەسەر دەدەن و بە گفتوگۆ و ڕاوێژکاری لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکە بەتایبەتی شەخسی سەرۆك بارزانی وەکو مەرجەعی کورد و کوردستانییەکان، بۆ پۆستی سەرۆك کۆماریش دەبێت ئێمە وەکو کورد لە نێو خۆماندا ڕێکبکەوین و گرنگە پارتی و یەکێتی بەتایبەتی لەسەر یەك کاندید ڕێکبکەوین، لە هەموو حاڵەتێکدا هێشتا زووە بۆ قسەکردن لە سەر زۆر پرس و بابەت، چونکە پرۆسەی یەکلاکردنەوەی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە ماوەیەکی باشی دەوێت و، دواجار دامەزراندنی حکومەت شەش مانگ دەخایەنێت، لەکۆتاییدا پلە و پۆست لای پارتی وەسیلەیەکە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و پارێزگاریکردن لە دەستکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

**ئومێد دەکەم لە دوای هەڵبژاردنەکان لایەنە سیاسییەکانی شیعە بەتایبەتی ئەوانەی کەوتوونەتە ژێر ئەجندەی ئێرانەوە بارودۆخەکە بەئاقارێکی خراپدا نەبەن**

# عێراق دوای هەڵبژاردن دەبێت قۆناغی متمانە دروستکردن بێت

بۆ باسی متمانە، پێویستە بزانین کامە متمانە دروست بێت و لە سەر چ ئاستێك و متمانەمان بۆ چییە؟ سەرەتای بابەتەکەم بە وتەی فەیلەسووفی سەردەم و خاوەن دوو کتێبە بەناوبانگە جیهانییەکە «Sapiens: A Brief History of . Humankind» و «Homo Deus: A Brief History of Tomorrow»، ‹یوڤاڵ هەراری› دەست پێ دەکەم. ئەو فەیلەسووفە باسی ئەوە دەکات کە «کێشەکانی جیهان و هەموو مرۆڤ ئێستا یەك شتن و بە هاریکاری هەموومان دەتوانین مامەڵەیان لەگەڵ بکەین. سەرکردەی جیهانی و یەك وڵات بە قیادەی جیهان بوونی نییە کە بە تەنیا بتوانیت ڕووبەڕووی کێشە جیهانییەکان کە هی هەموومانە ببێتەوە.» ئەو نموونەی سێ کێشەی ‹چەکی ئەوتۆمی Nuclear Weapon، گۆڕانی ئاو وهەوا Climate Change، گەشەی تەکنەلۆژیا Technology Development دێنێتەوە کە کێشەی هەموو جیهان و گشت وڵاتێکە و دەڵێت: ئایا هیچ وڵاتێك بە تەنیا دەتوانێت ڕووبەڕووی چەکی ئەتۆمی و گۆڕانی ئاو و هەوا ببێتەوە، یان ڕێکخستن بۆ گەشەی تەکنەلۆژیا بکات؟ بێگومان نا. کەواتە پێویستمان بە هاوکاری هەیە لەسەر ئاستی جیهانی بۆ چارەسەری ئەمانە. بۆ ئەمەش پێویستە متمانە دروست بێت لە نێوان وڵاتان،چونکە هێزەکان زۆرتر شاراوەن و داهێنانەکانیش شاراوەن. ئەگەر متمانە نەبێت لەنێوان وڵاتان، ناتوانن لە بەرامبەر ئەم کێشانە سەرکەوتوو بن، بەتایبەتی گەشە و داهێنانی تەکنەلۆژیا وەك چەکی ئەتۆمی نییە کە وڵاتێك دروستی بکات و ئاشکرا ببێت و بتوانیت خۆتی لێ بپارێزیت، یان لێی قەدەغەی بکەیت، بەڵکو وڵات هەیە دەتوانێت بە نهێنی ئەو هێزە شاراوە و نەبینراوە کە هێزی تەکنەلۆژیا و AI بەکار بهێنێت و داهێنان بکات و سەرئێشە بۆ جیهان دروست بکات.

ئەم فەیلەسووفە باسی نموونەی نەبوونی متمانە دەکات لە ئێستادا لە نێوان ئەمریکا و چین کە هۆکاری سەرەکیی زۆربەی کێشە جیهانییەکانن و ئاگاداری داهێنانەکانی یەکتر نین، لەولاشەوە باسی متمانەی نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا دەکات، کە متمانەیان بە یەك هەیە، بۆیە دەتوانن پێکەوە ڕووبەڕووی زۆر کێشە ببنەوە. ئەمە بێنین لۆکاڵی بکەین بۆ ناو عێراق، لە ئێستادا وەك جاران کێشەکان کێشەی ڕەگەزی و مەزهەبی نین، هێندەی کێشەی سەروەری و ئیدارە و سیاسین، لەو لاشەوە هاوبەشین هەموومان لە کێشەکانی تیرۆریزم و داعش و ئابووری و دەستتێوەردان و نەمانی سەروەریی وڵات. کەواتە لێرەدا دەبێت هەموان بە هاوکاریی یەکتر ڕووبەڕووی ئەم کێشانە ببینەوە، چونکە هی هەموومانن، نەك هی نەتەوەیەك، یان مەزهەبێك، سەردەمەکەش نەك لای ئێمە، بەڵکو لە هەموو شوێن وای لێ هاتووە، کەس کەس ناکوژێت لە سەر هەندێك پرسی وەك نەتەوە ئایین و مەزهەب، ئەمڕۆ شەڕەکان لەسەر هێز و شتی دیکەن. لە ماوەی ٣٠ ساڵی زیاتری دوای نەمانی ڕژێمی پێشوو لە عێراق، هەموو شت تاقی کرایەوە، هەموو جۆرە هاوپەیمانییەتێك تاقی کرایەوە، هەموو جۆرە تەوا فوقێك کرا، هیچیان نەیانتوانی عێراق لە مەترسییە گەورەکانی بەردەمی ڕزگار بکات و ئارامییەکی بۆ بگێڕێتەوە، ئەویش لە بەر ئەوەی متمانە نەبووە. شەڕەکان قەیرانەکان لە نەبوونی پێکەوە ژیانی نەتەوەیی و مەزهەبی هێندە سەریان هەڵنەداوە، ئەوەندی لە نەبوونی پێکەوەژیانی سیاسی سەریان هەڵداوە، پێکەوە ژیانی سیاسی و



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەموو پێکەوە ژیانێکیش لە سەر بنەمای متمانە دروست دەبێت. لە سەر دووریی لەیەك دروست نابێت.

لە هەڵبژاردنی ٢٠١٠ی نیشتمانی بەریتانیا دێڤید کامیرۆن (نوێنەری پارتی پارێزگارەکان) ڕەخنەی لە سیاسەتی بەریتانیا گرت و گوتی: «تاکەی ئێمە لەو سایدەوە بڕۆین کە ئەمریکا پیایدا دەڕوات؟ ئایا سایدیدیکە نییە؟» لە وەڵامدا گۆردن براون (نوێنەری پارتی کریکارن) گوتی: «بەڵێ، سایدی دیکە هەیە و ساید زۆرە پیایدا بڕۆین بە بی ئەمریکا، بەڵام هەر کاتێك بەهێزتر بووین لە تیرۆریزم، قەیرانی دارایی، گۆڕانی ئاو و هەوا، خۆمان چارەسەرمان بۆ ئەمانە هەبوو، دەچینە سایدی ئەو بەر و بە دوای ئەمریکادا ناڕۆین». کەواتە هەرکات ئێمەش لە عێراق یان هەرێمی کوردستان بەهێزتر بووین لە مەترسیی داعش و قەیرانی دارایی و دەستتێوەردانی دەرەکی، خۆمان بە تەنیا توانیمان ڕووبەڕووی ئەمانە ببینەوە و سەقامگیری و ئارامی بۆ عێراق بگەڕێنینەوە و پێویستیمان بە ئەوی دی نەبوو، ئەوکات دەتوانین بە جیا بژین، ئەمەش ئەستەمە و هیچ لایەنێك بە تەنیا ناتوانێت ئەوە بکات. کەواتە لەم قۆناغەدا پێویستمان بە هاریکاریی یەکتر هەیە، بۆ ئەمەش دەبێت متمانە هەبێت. بۆیە ئەگەر هەموو لایەنەکان چ لە سەر ئاستی عێراق و چ لە سەر ئاستی هەرێم ئەو متمانەیە دروست نەکەنەوە لەنێوان یەکتر، ناتوانن بژین و وڵات سەقامگیر بکەن و بەرەو پێشەوەی بەرن. لە سەر ئاستی دەسەڵات و هاووڵاتییش ئەم هەڵبژاردنە پێی گوتین بایکۆتی نزیکی ٦٠٪ بۆ سەرەوەی دەنگدەر لە سەر ئاستی وڵات چ پەیامێکە، بێگومان ئەویش پەیامی نەمانی متمانەی نێوان خەڵك و دەسەڵات و نێوان خەڵك و سیستمی فەرمانڕەوا و حکومەتە، ئەمەش دەبێت دروست ببێتەوە، بێگومان ئەگەر لەسەر ئاستی سیاسی و ئیدارەی وڵات متمانە لە نێوان لایەنەکان دروست نەبێتەوە، متمانەی نێوان خەڵك و دەسەڵات و پارتەکانیش ئەستەمە دروست ببێتەوە. بەتایبەتی ئەمڕۆ چاوەڕێ دەکرێت بۆ ئایندەی عێراق لە سەر ئاستە ناوچەیی و جیهانییەکەش کاریگەر بێت، نەك ئیتر مێژووکەی ئایندەشی وەك ڕابردوو هەر بە کێشەکانی خۆیەوە سەرقاڵ بێت. ئەم کاریگەرییەش دەبێت وا بێت کە تاك بە شتێك لەوەی وڵات هەیەتی، بەشدار بێت لە هاوکێشە ئەقلیمی و جیهانییەکە، ئەو بەشدارییەش بەهێزبوونی عێراقی لە سەر بنەمای متمانە و هاوبەشی و هاریکاری دەوێت، تاکو ئەو ئیرادەیەی بۆ دروست بێت، کە کاریگەر بێت. کەواتە پیویستمان بە داهێنانێکە بۆ سیاسەت و حوکمڕانی کە پێشتر تاقی نەکرابێتەوە و گونجاو بێت بۆ ئێستامان، ئەگینا مێژووی خۆمان وئەم وڵاتەمان کۆتایی هاتووە، چونکە بەرهەمهێنانی سیاسەتێك کە بتوانێت حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو لەگەڵ سەردەمەکە بکات، وەك شتەکانی دیکەی داهێنراوی دەستی مرۆڤە، فەیلەسوف هەراری دەڵێت: ‹History began when human invented gods، history end when human became gods› واتە مێژوو دەستی پێ کرد، ئەو کاتەی مرۆڤ شتی داهێنا، مێژووش ئەو کاتە کۆتایی پێ هات، کە مرۆڤ خۆی بوو بە شت و بەرهەم هات›. کەواتە ئەگەر نەتوانین ئەو داهێنانە کە سیاسەتێکی نوێی حوکمڕانییە بۆ ئەم وڵاتە بەرهەم بهێنین، ئەوا مێژوومان تەواو بووە و خۆمان دەبینە ئەو شتەی کە قەیرانەکانی ئەم وڵاتە بەرهەمی هێناوین.

## ستیڤن زونێس

ڕێکخەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ بۆ گوڵان:

# دەبێت پێکهاتەکانی عێراق لە بارەی دەسەڵات و داهاتەوە بگەنە ڕێککەوتن

**ستیڤن زونێس پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ، وانەبێژ و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك ناتوندوتیژی، چارەسەرکردنی ناکۆکی، سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە جیهانیبوون و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە هەمان زانکۆ و، لە ئێستادا ڕێکخەری ئەم پرۆگرامەیە. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە کێشە و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی و قەیرانەکانی ئەم ناوچەیە و بارودۆخی عێراق و ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراق.**

## دیمانەی تایبەت



*** چۆن لە بارودۆخی ئێستا عێراق دەڕوانیت، بە تایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمانییەی لە ماوەی ڕابردوودا ئەنجام دران؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە عێراق بە هەمان شێوەی زۆرێك لەو وڵاتانەی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هاتنە دامەزراندن، بە دەست چەندین کێشەی بنەڕەتی و قووڵەوە دەناڵێنێت، بۆ نموونە ئەم وڵاتە لە چەندین پێکهاتەی جیاواز پێك دێت، کە هەست ناکەن ناسنامەیەکی هاوبەشیان هەیە، بەڵکو هەر یەکەی پابەندە و پەیوەستە بە ناسنامەی گرووپ و پێکهاتەکەی خۆیەوە. ئەوەش ئاشکرایە کە لەوەتەی ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و سەربازی دەستێوەردانی کردووە لەم وڵاتەدا، واتە لە ساڵی ٢٠٠٣دا، ئەوا هەوڵدەدات یەکگرتوویی ئەم وڵاتە بپارێزێت و نایەوێت بە چەشنێك بەجێی بهێڵێت کە ببێتە مایەی شکست و کارەسات بۆ ئەمریکا، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەو هەوڵانەی ئەمریکا بە تەنیا نابنە هۆی ئەوەی وڵاتێکی کارا دروست ببێت، بەڵکو دەبێت پێکهاتەکان بگەنە ڕێککەوتنێکی بنەڕەتی بۆ دابەشکردنی داهات و دەسەڵات. ئێستا هەرێمی کوردستان خاوەنی هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەرە و تا ڕادەیەك سەربەخۆییەکی ئەمری واقیعی هەیە، سوننە و شیعەکانیش لەگەڵ یەکدا ناکۆکن، کە من پێم وایە دەکرێت بونیادی سیاسیی عێراق بە چەشنێك بێت، کە پێکهاتەکان بتوانن ببنە خاوەنی خۆبەڕێوەبەری، بەڵام ئەمە پێویستی بە هێنانەئارای هاوکاری هەیە لە نێوان ئەم سێ پێکهاتەیە و لە نێو هەر پێکهاتەیەکیشدا بە جیا، دواتر نابێت ئێمە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێران لەبەرچاو نەگرین لە عێراقدا، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە میلیشیاکانەوە، لەبەر ئەوە من بە ڕەشبینییەوە لە چەند ساڵی داهاتووی عێراق دەڕوانم.

**عێراق بە هەمان شێوەی زۆرێک لەو وڵاتانەی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هاتنە دامەزراندن، بە دەست چەندین کێشەی بنەڕەتی و قووڵەوە دەناڵێنێت**

دەکرێت بونیادی سیاسیی عێراق بە چەشنێک بێت، کە پێکهاتەکان بتوانن ببنە خاوەنی خۆبەڕێوەبەری، بەڵام ئەمە پێویستی بە هێنانەئارای هاوکاری هەیە

نابێت ئێمە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێران لەبەرچاو نەگرین لە عێراقدا، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە میلیشیاکانەوە، لەبەر ئەوە من بە ڕەشبینییەوە لە چەند ساڵی داهاتووی عێراق دەڕوانم

پێویستە ئەمریکا کەم تا زۆر هێزێک لە عێراقدا بهێڵێتەوە و جێگیر بکات، بە تایبەتی کە ئێران دەستڕۆیشتووە لە عێراقدا و چەندین میلیشیاش لە عێراقدا هەن

*** چۆن لە ئایندەی پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمریکا دەڕوانیت و، ئایا پێت وایە ئەم دوو وڵاتە بتوانن پەرە بە هاوبەشییەکی ستراتیژی و درێژمەودا بدەن، بە تایبەتی کە لەم بارەیەوە گفتوگۆی ستراتیژی لە نێوانیادا ئەنجام دراوە؟**

- لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی ئەمە ڕووبدات، دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوە پیشان بدات، کە عێراق گرنگی و بایەخی هەیە بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەیی و ستراتیژییەکانی و دەبێت وەبەرهێنانی لە عێراقدا بکات و، مەرج نییە سەرجەم پەیوەندییەکانی ڕەهەندێکی سەربازییان هەبێت، هەرچەندە من پێم وایە پێویستە ئەمریکا کەم تا زۆر هێزێک لە عێراقدا بهێڵێتەوە و جێگیر بکات، بە تایبەتی کە ئێمە دەزانین ئێران دەستڕۆیشتووە لە عێراقدا و چەندین میلیشیاش لە عێراقدا هەن، کە پشتیوانی لە ئێران دەکەن. بەڵام ئەوەی لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن بڕوانێت، دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم پرسە نەبووەتە ئەولەوییەتی سەرەکی و جددیی ئەم ئیدارەیە.

*** ئەگەر باس لە ئەولەوییەتی ئیدارەی سەرۆک بایدن بێت، ئەوا ئاشکرایە کە ئەم ئیدارەیە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی لەگەڵ ئێراندا کردووەتە ئەولەوییەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەتۆمیی ئەو وڵاتە، یان با بڵێین زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، ئایا پێت وایە ئەم هەوڵ و هەنگاوانە سەرکەوتن بەدەست بهێنن؟**

- من زۆر بە گومانم لەم بارەیەوە، دواتر من پێم وابوو هەر شێوازی دەستپێکردنی گفتوگۆکان هەڵە بوو، لەبەر ئەوەی یەکێک لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی گفتوگۆ و دانوستاندنەکان (بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا) ئەوەیە کە تۆ نابێت هەر لە سەرەتاوە ڕای بگەیەنیت کە خواستی بەرامبەرەکەت بەدی دەهێنێت، مەبەستم ئەوەیە نەدەبوو ئیدارەی ئەمریکا هەر لە سەرەتاوە ڕای بگەیەنێت کە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، چونکە ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی ئێران بەردەوام بێت لە بنیاتنانی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی، بە بێ ئەوەی ڕووبەڕووی سزا ببێتەوە، خۆ ڕەنگە ئێران هەر بایەخ بەوەش نەدات کە بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنەکە، چونکە ئەوەتا ڕووسیا و چین هاوکاری بوون بۆ زاڵبوون بە سەر سزا ئابوورییەکاندا.

*** ئەی چۆن لە پەیوەندییەکانی نێوان ئیدارەی سەرۆک بایدن و ئیسرائیل دەڕوانن، ئایا هیچ جیاوازی و ساردبوونەوەیەک لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا بەدی دەکرێت لە سایەی ئەم ئیدارەیەدا، بە تایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەرچاوبگرین کە لە سەردەمی سەرۆک ترەمپدا پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە، گەرموگوڕییەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیبوو؟**

- ئەوەی دەتوانین لەم بارەیەوە بیڵێین ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل زۆر باشن، ئێمە دەزانین لە سەردەمی ئیدارەی سەرۆک ئۆباما ئەم پەیوەندییانە ساردوسڕییان تێ کەوت و، لە سەروەختی ئیدارەی ترەمپیشدا باشتر بەرەوپێش چوو، بە تایبەتی هاوکارییەکی زۆر هەبوو لەنێوان سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ و پارتی کۆماری بە گشتی و سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل (بنیامین نەتنیاهۆدا) کە ئەمەش بارگرژیی لەگەڵ پارتی دیموکراتەکانی ئەمریکادا دروست کرد و، ئێستاش نە ترەمپ و نە نەتنیاهۆ لە دەسەڵاتدا نەماون و، ئیدارەیەکی جیاواز دەستبەکار بووە، بەڵام پەیوەندیی نێوان سەرۆک کۆماری ئەمریکا جۆ بایدن و سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل (نەفتالی بێنێت) پەیوەندییەکی نزیک و دۆستانەیە و، پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵاتەکەش باشە، هەرچەندە جیاوازە لەو پەیوەندییەی کە لە ڕۆژگاری دەسەڵاتداریی ترەمپ و نەتنیاهۆدا هەبوو. چونکە بایدن خۆشحاڵە کە نەتنیاهۆ لە دەسەڵاتدا نەماوە و حکومەتێکی نوێ لە ئیسرائیلدا پێکهاتووە، لەلای خۆیەوە حکومەتی ئیسرائیلیش دەیەوێت پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکادا دروست بکات و، ئەو بارگرژی و ناڕەحەتییانە چارەسەر بکات کە بە هۆی هەڵوێستەکانی بنیامین نەتنیاهۆوە لای پارتی دیموکراتەکان دروست ببوو. کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا پەیوەندییەکان لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا لە ئاستێکی زۆر باشدان.

*** ئەی چۆن لە کێشە و ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین دەڕوانن، بە تایبەتی کە ئەمە ململانێ و ناکۆکییەکی درێژخایەن و ئاڵۆزە و، هەوڵەکانیش بۆ چارەسەرکردنی بە شکست و نائومێدی کۆتاییان هاتووە؟ ئایا پێت وایە ئیدارەی**

**جۆ بایدن بەهۆی ئەو نزیکییەی کە لەگەڵ حکومەتی ئیسرائیلدا هەیەتی، بتوانێت فشار دروست بکات، یان هاوکار بێت بۆ بەرەوپێشبردنی هەوڵەکانی چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییە؟**

- بە تێڕوانینی من باشترین و گونجاوترین چارەسەر ئەوەیە کە دروستکردنی دەوڵەتێکی فەلەستینی لە خۆبگرێت کە لەپاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا بێت، ئەوەی پێی دەگوترێت (ئەو چارەسەرەی دوو دەوڵەت لە خۆ دەگرێت)، مەبەستم ئەوەیە دەبێت ئیسرائیل و فەلەستین لێك جیا ببنەوە و، وەك دوو دەوڵەتی سەربەخۆ لەگەڵ یەکتردا بژین، هەرچەندە لە ئێستادا ئەگەری ئەمە لە ئارادا نییە، ئەویش لەبەر ئەوەی لە ئێستادا دەسەڵاتی فەلەستینی بە سەرۆکایەتیی ئەبوو مازن لە قەیران و تەنگژەدایە، لە هەمان کاتدا خودی ئەبوو مازن کەسێکی بەساڵاچووە و، چاوەڕوان دەکرێت کەسێکی دیکە جێی بگرێتەوە، هەروەها ئیدارەی جۆ بایدنیش (بە پێچەوانەوەی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما) بایەخ بە گرتنەبەری هەوڵ و کۆششێکی جددی بۆ گەیشتن بەو چارەسەرە نادات کە ئاماژەم پێ کرد. لەلایەکی دیکەوە خودی حکومەتەکەی ئیسرائیلیش لە هاوپەیمانێتییەکی بەرفراوان پێك هاتووە، لەو پەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ و، بۆ یەکەم جاریش لە مێژوودا عەرەبی تێدایە، کە بریتییە لە لیستەکەی مەنسوور عەبباس (لیستی عەرەبی یەکگرتوو)، مەبەستم ئەوەیە پێکهێنانی ئەم حکومەتە و بەردەوامبوونی بەندە بەوەی ئەم حکومەتە نەکەوێتە گفتوگۆوە لەبارەی ئەو کێشانەی زۆرترین مشتومڕ و ناکۆکییان لەسەرە، واتە ئەگەر ئەم حکومەتەی ئێستای ئیسرائیل گفتوگۆ لەسەر ئەم چەشنە چارەسەرە بکات، ئەوا هاوپەیمانێتییەکەی دەڕووخێت، کەواتە ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە کە ئەم حکومەتە بە هاوکاریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و باقیی وڵاتانی دیکەی عەرەبی، کار بکات بۆ باشترکردنی بارودۆخی فەلەستینییەکان، لە ڕووی ئابوورییەوە نەك چارەسەرکردنی کێشەکە، کە ئێمە هەوڵەکان بەم ئاراستەیەدا بەدی دەکەین. ئەوەتا شا عەبدوڵای ئەردەن و سەرۆك کۆماری میسر، ئەل سیسی، پێشوازییان لە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل و کرد و لە هەوڵدان بۆ کارکردن بەم ئاقارەدا.. بە هەمان شێوە ئەو وڵاتە عەرەبییانەی کە ڕێککەوتنی ئاشتییان لەگەڵ ئیسرائیلدا واژۆ کردووە، وەك ئیمارات و بەحرەین و مەغریب، هەمان سیاسەت درێژە پێ دەدەن. لێرەدا من نامەوێت لە گەورەیی کێشەی فەلەستین کەم بکەمەوە، چونکە دەبێت بە تێپەڕبوونی کات کار بۆ چارەسەرکردنی بکرێت، چونکە بارودۆخی نەخوازراوی لێ دەکەوێتەوە، وەك ئەو دۆخەی بەم دواییانە لە غەززە ڕوویان دا. مەبەستم ئەوەیە دەبێت ڕۆژانە بایەخ بەم کێشەیە بدرێت و تەرکیزی لەسەر بکرێت، بەڵام تەرکیزەکە لەسەر چارەسەرەکە نەبێت، بەڵکو لەسەر درێژەپێدان و باشترکردنی بارودۆخی هەنووکەیی بێت.

**دەبێت ئیسرائیل و فەلەستین لێك جیا ببنەوە و، وەك دوو دەوڵەتی سەربەخۆ لەگەڵ یەکتردا بژین**

*** ئێوە ئاماژەتان بە ڕێککەوتنەکانی ئاشتی کرد لەگەڵ ئیسرائیلدا، کە شرۆڤەکاران پێیان وایە بە پێچەوانەوەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و هەر یەکە لە میسر و ئەردەن، ڕێککەوتنەکانی ئیسرائیل لەگەڵ هەندێ لە وڵاتانی کەنداودا، بە تایبەتی ئیمارات، گەرموگوڕیی زیاتر لەخۆ دەگرێت، تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی ئێوە لەم ڕووەوە چییە ؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ٢٠٪ی دانیشتووانی ئیسرائیل لە عەرەب پێکهاتوون و، ئێستاش ئەم پێکهاتەیە دەیانەوێت باشتر ئاوێتەی کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسرائیل ببن، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا نوێنەرایەتییان هەیە لە حکومەتدا، بۆ ئەوەی سوودمەند بن لەو گەشەکردنەی لە ئیسرائیلدا هەیە. واتە ڕاستە ئەمانە فەلەستینین و بایەخ بە کێشەی فەلەستین دەدەن، بەڵام سەرەتا و پێش هەموو شت گرنگی بە ژیان و گوزەرانی خۆیان دەدەن. ئەمە هەمان حاڵەتە کە لە وڵاتانی دیکەی عەرەبیدا بەدی دەکرێت، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کەنداو کە ڕێککەوتنی ئاشتییان لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ کردووە، کە نیگەرانییان لەبارەی ئێران و تورکیا و گرووپە توندڕەو و تیرۆریستییەکان هەیە، هەروەها ئەم وڵاتانە بایەخ بە ئایندەی خۆیان دەدەن و دەزانن ڕۆژێك دێت ئابووریی پشتبەستوو بە نەوت بەرەو داکشان و کۆتایی دەچێت، دەیانەوێت ئابوورییەکی نوێ بینات بنێن و، دەزانن لەم ڕووەوە دەکرێت ئیسرائیل ببێتە هاوبەشێکی بەسوود. من گەشبینم لە بارەی ئەم ڕێککەوتنانەوە، چونکە ئەوە بوو بینیمان کە تەنانەت شەڕەکەی غەززەش هیچ کاریگەرییەکی نەکردە سەر ئەم ڕێککەوتنانە.

**٢٠٪ی دانیشتووانی ئیسرائیل لە عەرەب پێکهاتوون و، ئێستاش ئەم پێکهاتەیە دەیانەوێت باشتر ئاوێتەی کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسرائیل ببن**

**هاوکارییەکی زۆر هەبوو لە نێوان سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ و پارتی کۆماری بە گشتی و سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل (بنیامین نەتنیاهۆدا) کە ئەمەش بارگرژیی لەگەڵ پارتی دیموکراتەکانی ئەمریکادا دروست کرد**



د. شاخەوان عەبدوڵا ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق و ئەندامی لێژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووك و بەرپرسی دەرچووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووك، سەبارەت بە پرسی سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق و، چەند بابەتێکی پەیوەندار بە پرسی کەرکووك، لەم دیمانەیەدا وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی داوەتەوە.

## د. شاخەوان عەبدوڵا

**بەربژێری دەرچووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کەرکووك بۆ گوڵان:**

# سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکان بۆ متمانەی بەهێزی کوردستانیان و کەرکووکییەکان بە سەرۆک بارزانی دەگەڕێتەوە

*** لەم هەڵبژاردنەدا پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمار کرد، ئایا تاچەند ئەم سەرکەوتنە ئەرك و پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان زیاتر دەکات؟**

-پارتی دیموکراتی کوردستان جگە لەوەی پارتێکی سیاسییە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، هاوکات خاوەن قەزییەکی نەتەوەیی و نیشتمانییشە، پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە دروستبوونیەوە لە ساڵی ١٩٤٦ بەو ئامانجە دروست بووە، کە تەواوی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردستانیان کە پێشێل کراون بەدەستیان بهێنێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی بە درێژایی تەمەنی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان بە ڕابەرایەتیی سیمبولی نەتەوەیی مەلا مستەفا بارزانی، پارتی قوربانییەکی زۆری داوە لە پێناو پاراستنی ژیانێکی شایستە و پڕ کەرامەت و شکۆی کورد و کوردستانییان، پارتی ڕەمزی موقاوەمەیە و بەرگریکارێکی سەرسەختی قەزییەی کوردی بووە، لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و جیهانیش خاوەنی دیپلۆماسییەت و پێگەیەکی سیاسیی بەهێزە، ئەو پێگە بەهێزەشی لە پێناو نەتەوەکەیدا بەکار هێناوە، هەر کاتێك پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێز بووبێت، دەستکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان بەدەستهاتووە و، بەهێزبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێزیی گەلی کوردیش بووە، بۆیە هیچ کاتێك پارتی و جەماوەرە نیشتمانپەروەر و دڵسۆزەکەی، لە گۆڕەپانی سیاسیدا لێك جیا ناکرێنەوە، لە ڕۆژە سەختەکانیشدا بەرپرسیارێتیی مێژوویی هەبووە و، بەرامبەر قەزییەی میللەتەکەی

سازشی نەکردووە، لەم پێناوەدا دەریایەک لە خوێن و قوربانی پێشکەش کردووە.

سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم هەڵبژاردنەدا، بەتایبەتی لە کەرکوک و شنگال و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، سەلمێنەری ئەوەن کە گەلی کوردستان متمانەیەکی زۆریان بە سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، هەرچەندە من پێم وایە ئەم دەنگانەش دەنگی ڕاستەقینەی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبووە و، دەکرا پارتی دەنگی زیاتر بەدەست بهێنێت، چونکە ئێمە تەنیا لەماوەی یەک مانگدا بەبێ بوونی بارەگا و کادیرەکانمان، ئەو بانگەشەیەمان دەست پێ کرد و تەنانەت لە هەندێک ناوچە ڕێگایان نەدا بانگەشەی هەڵبژاردنیش بکەین، کادیر و ئەندامانمان ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبوونەوە، لەم تێڕوانینەوە خەڵکی دەنگی بە سەرۆک بارزانی و بەربژێرەکانی ئەو داوە، دەنگدانی زۆری خەڵکی کەرکوک بە پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی دەخاتە بەردەم ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی گەورەتر و مێژووییەوە، خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستییە باش دەزانن کە پەرلەمانتار و نوێنەرەکانی سەرۆک بارزانی و پارتی لە پەرلەمانی عێراق، تا چەند پابەندن بە دیسپلینی کاری نەتەوەیی و نیشتمانییەوە، لە دوای هەڵبژاردنەکانیش سەرۆک بارزانی لە پەیامەکەیدا جەختی لەسەر ڕۆڵ و هەڵوێستی خۆڕاگرانە و دڵسۆزانەی کەرکوکییەکان و ناوچە کوردستانییەکان کردەوە و، ڕێزدار مسرور بارزانی ڕاستەوخۆ لە دوای هەڵبژاردنەکە پیرۆزبایی لە خەڵکی کەرکوک کرد، تەنانەت پێش هەڵبژاردن ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی و ڕێزدار مسرور بارزانی بەردەوام لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی کەرکوک بوون و، پرسی کەرکوک لای ئەوان قەزییە بووە و، بۆ یەک ڕۆژیش لە هزری ئەواندا کەرکوک لەیاد نەچووە و، لە نزیکەوە خۆیان بە بەرگریکار و دڵسۆزی کەرکوکییەکان زانیوە، لەهەوڵیشدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، ئومێدەوارم ئەم هەڵبژاردنە ببێتە خێر و خۆشی و بەرهەمی باشی بۆ کوردستانیان بەگشتی و کەرکوکییەکان بەتایبەتی هەبێت.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر پرسی کەرکوک هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی هەبووە و نەچووەتە ژێر باری هیچ فشار و هەڕەشەیەکیشەوە، هاوکات کاری بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوک کردووە، ئایا لە دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگێکی زۆری لەو پارێزگایە بەدەست هێنا، ئومێد هەیە بارودۆخی شارەکە ئاسایی ببێتەوە؟**

- چەندە پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکان دوور بێت، ئەوەندە ئەو ناوچانە زیاتر دەکەونە بەر هەڕەشەو نائارامیی زیاتر، جەنابی مەلا مستەفا بارزانی لەپێناو کەرکوک و مافی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستانیان قوربانییەکی زۆری دا و ئامادە نەبوو سازش لەسەر کوردستانییەتی ئەم شارە بکات و، مێژووی دوورونزیکی پارتی شایەتی ئەم هەقیقەتەن، ئەم دڵسۆزییەی مەلا مستەفا بارزانی و جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ کەرکوک لای کەرکوکییەکان بەرز و پیرۆزە و، خەڵک پێزانینی بۆ ئەم هەڵوێستە مێژووییە نەگۆڕە هەیە. پارتی دیموکراتی کوردستان لای دۆست و دوژمن ڕوونە، کە چۆن ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی تەعریب و پرۆسەی ڕاگواستن و سڕینەوەی ناسنامەی کوردستانییانەی شاری کەرکوک و هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بووەتەوە.

*** لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر کەرکوک کەوتووەتە ژێر بارودۆخێکی ناسرووشتی و نائاساییەوە و چەندین گرووپی چەکدار لەم پارێزگایە و لە تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دیکە هەن، ئایا وەک ئەندامێکی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوک چۆن دەڕوانیتە بارودۆخی شارەکە؟**

- لە کوێ پارتی دیموکراتی کوردستان هەبێت، ئارامی و ئاسایش هەیە، ئەم ڕاستییە لە ئێستادا لای هەموو کوردستانییەکی کەرکوک و ناوچەکانی دیکەی ماددەی ١٤٠ی دەستوور ڕوون و ئاشکرایە، بەپێچەوانەوە لە غیابی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ژیان و سەروماڵی خەڵکی دەکەوێتە دەست قەدەرێکی نادیار و ئەگەرێکی پڕ مەترسییەوە، ئەوەتا لەو سەردەمەی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارەگاکانی و پێشمەرگەکانی بارزانی لە کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکان دوورن، بزانە چەند خێزانی کورد کۆچیان کردووە، بە دەیان گەنج و خەڵکی سڤیلی ئەم ناوچانە بوونەتە قوربانیی کاری تیرۆریستی، بارزانی و پارتی ئەو هێزەیە کە دەتوانێت بالانسی زۆر شت ڕابگرێت و ئارامی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بۆ کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکان بگەڕێنێتەوە.

**جەنابی مەلا مستەفا بارزانی لەپێناو کەرکوک و مافی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستانیان قوربانییەکی زۆری دا و ئامادە نەبوو سازش لەسەر کوردستانییەتی ئەم شارە بکات**

**پارتی ڕەمزی موقاوەمەیە و بەرگریکارێکی سەرسەختی قەزییەی کوردی بووە، لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و جیهانیش خاوەنی دیپلۆماسییەت و پێگەیەکی سیاسیی بەهێزە، ئەو پێگە بەهێزەشی لە پێناو نەتەوەکەیدا بەکار هێناوە**

**چەندە پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان دوور بێت، ئەوەندە ئەو ناوچانە زیاتر دەکەونە بەر هەڕەشەو نائارامیی زیاتر**

**لە غیابی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ژیان و سەروماڵی خەڵکی دەکەوێتە دەست قەدەرێکی نادیار و ئەگەرێکی پڕ مەترسییەوە**

نەدیم شەحادە

بەڕێوەبەری جێبەجێکاری زانکۆی ئەمریکی لوبنانی لە نیویۆرک بۆ گوڵان:

# لوبنان دەوڵەتێکی شکستخواردوو نییە، بەڵکو دەوڵەتێکی تێکشکاوە

**نەدیم شەحادە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری زانکۆی ئەمریکی لوبنانییە لە نیویۆرك و توێژەری بواری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیایە لە دامەزراوەی چەتەم هاووس، پێشتر بەڕێوەبەری سەنتەر فارێس بوو بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی توفتس. هەروەها بەڕێوەبەری دیراساتی لوبنانی بوو لە زانکۆی ئوکسفۆرد. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە بارودۆخی لوبنان و هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەو نادڵنیاییە ئابووری و سیاسییەی باڵی بەسەر ئەو وڵاتەدا کێشاوە، ئەو داڕووخانە ئەمنییەی ڕووی دا، و ئاسۆی چارەسەرەکان و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**



## دیمانەی تایبەت

*** هەروەك ئاشكرایە وڵاتی لوبنان دوچاری تەنگژەیەكی قووڵ و توند بووەتەوە، ئەو حاڵەت و هەلومەرجەی لە لوبناندا دەگوزەرێت، بەرجەستەبوونی داڕووخانی دەوڵەت و دامەزراوەكانیەتی، كە ئەوپەڕی سەختی و دژواری بۆ ژیان و گوزەرانی خەڵكەكە دروست كردووە، ئێوە چۆن وەسفی بارودۆخی لوبنان دەكەن؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئەوەی لە وڵاتی لوبناندا دەگوزەرێت بارودۆخێکی تا دوا ڕادده ئاڵۆزە، بەڵام ئەگەر من وەڵامەکەم سادە بکەمەوە، ئەوا دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە هۆکاری سەرەکیی کێشە و تەنگژە و قەیرانەکانی ئەم وڵاتە بریتییە لە کێشەی سیاسی، کە هەروەك بینیمان و دەبینین ئەم کێشە و دژوارییە سیاسییانە دەرئەنجام و ئاکام و دەرهاویشتەی خراپیی ئابووریان لێکەوتووەتەوە لە ماوەی ١٥ بۆ ٢٠ساڵی ڕابردوودا، درێژەکێشانی ئەم دۆخە نالەبارە ئابوورییەش سەری کێشا بۆ داڕووخانی باری دارایی. کەواتە ڕاستە ئەم سێ ڕەهەندە، یان لایەنە (سیاسی و ئابووری و دارایی) پێکەوە گرێدراون، بەڵام هۆکارە سەرەکییەکە سیاسییە، واتە ناکرێت تۆ چارەسەری دۆخە خراپە داراییەکە بکەیت، ئەگەر چارەسەری هەلومەرجی نالەباری ئابووری نەکرێت، چارەسەرکردنی دۆخی نەخوازراوی ئابووری بەندە بە یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییەکانەوە، کێشە سیاسییەکەش پتر پەیوەستە بەوەی دەبێت وڵاتەکە بە چ ئاراستە و ئاقارێکدا بڕوات، کە ئەمە هەمان کێشەیە کە عێراق بەدەستیەوە دەناڵێنێت، دواتر کێشەی پەیوەندییەکانی لوبنان بە ئێران و مەسەلەی حزبوڵا و کاریگەریی هەموو ئەم کێشە سیاسییانە لەسەر ئابووری وڵاتەکە.

**هۆكاری ئەوە سیاسی و كاربەدەست و بەرپرسەكانی وڵاتەكەی ئێمە هیچ كارێك ناكەن، ئەوەیە كە سیستمە سیاسییەكە دوچاری سستی و ئیفلیجبوون بووەتەوە**

*** بەڵام ئەوەی لەم ماوەیەی دواییدا بە سەر وڵاتی لوبنان و ئابووریی ئەو وڵاتە و ژیان و گوزەرانی خەڵكدا هات، مایەی تێڕامانی قووڵ و**

**هەڵوەستەلەسەرکردنێکی جددییە، بە تێڕوانینی ئێوە چی ڕوویدا تا وڵاتەکە بەو دۆخە بگات؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانین دۆخەکە بگەڕێنینەوە بۆ کەڵەکەبوون و درێژەکێشانی کاریگەرییەکانی دۆخە ئابوورییەکە، کە بینیمان لە کۆتاییدا دەرهاویشتەکانی ئەم دۆخە سەریان کێشا بۆ داڕووخانێکی تەواو. مەبەستم ئەوەیە ئەگەری ئەوە هەبوو ئەم دۆخە چەندساڵێك پێش ئێستا ڕووی بدایە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە ساتەوەخت و ڕووداوێکی گەورە بکەین، کە بریتییە لە بە ئامانجگرتن و کوشتنی ڕەفیق ئەل حەریری، کە دواتر کۆمەڵێك کەسایەتیی سیاسی و ڕۆژنامەنووس و بەرپرسی ئەمنییش کرانە ئامانج و کوژران، بە تایبەتی ئەوانەی کاریان لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەدا دەکرد، بۆ بەرژەوەندیی ئەو دادگایەی پێکهێنرابوو بۆ دادگاییکردنی بکوژانی حەریری. پاشان ١٩ مانگ وڵات دوچاری ئیفلیجبوون هات و ناوەندی شاری بەیروت داگیرکرا بە ئامانجی ڕووخاندنی حکومەتەکە بۆ ئەوەی ئەو دادگاییکردنەوە بەڕێوە نەچێت و ئەنجام نەدرێت. ئەمە لە نێوانساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٨دا ڕوویدا.

*** لە ئێستادا حکومەتێکی نوێ پێکهاتووە لە لوبنان، ئایا پێتان وایە ئەم حکومەتە بتوانێت هەنگاوی جددی بنێت بۆ لانی کەمی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی خراپترین داڕووخان و پووکانەوەی ئابووری کە دوچاری لوبنان بووە؟ ئایا پێت وانییە ئەگەر ئەم حکومەتەش نەتوانێت هەوڵی جددی بدات، ئەوا لەگەڵ داڕووخانە ئابوورییەکەدا داڕووخانێکی ئەمنیی مەترسیداریش دوچاری لوبنان دەبێتەوە، کە لە ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژی دواییدا بەدیمان کرد؟**

- من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە سیاسەتمەداران و بەرپرسانی ئەم وڵاتە بێ ئاگا بن لە کێشە و لە بارودۆخەکە، مەبەستم ئەوەیە مەسەلەکە، یان کێشەکە ئەوە نییە کە بڵێین سیاسییەکان ئاگایان لە کێشە و قەیرانەکانی وڵاتەکە نییە، هەر بۆیە هیچ هەوڵ و هەنگاوێکیشیان نییە بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە، نەخێر، ئەمە مەسەلەکە نییە، بەڵکو من پێم وایە هۆکاری ئەوە سیاسی و کاربەدەست و بەرپرسەکانی وڵاتەکەی ئێمە هیچ کارێك ناکەن، ئەوەیە کە سیستمە سیاسییەکە دوچاری سستی و ئیفلیجبوون بووەتەوە، کە ئەمە یەکەم جار نییە لوبنان و سیاسییەکەی بەم دۆخەدا گوزەر بکات، بەڵکو چەندین جار دوچاری ئەم حاڵەت بووەتەوە. چونکە لە ماوەی ٢٠١٣ و ٢٠١٦ لوبنان بۆ ماوەی ٢٩ مانگ بێ حکومەت بوو. هەروەها نەمانتوانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجام بدەین، ئەوە بوو ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە بۆ ٢٢ جار دوا خرا، مەبەستم ئەوەیە ٢٢ جار پەرلەمان کۆبوونەوەی کرد بۆ ئەوەی هەموو جارێك بڕیاری دواخستنی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکە بدات، وڵاتەکەش بێ سەرۆك بوو. کەواتە ڕیشەی کێشەکان بێخەمی، یان گەندەڵیی بەرپرسەکان نییە، بەڵکو ئەوەیە تەواوی سیستمە سیاسییەکە ئیفلیج بووە و تەواوی وڵاتەکە بووەتە بارمتە. لەم ڕوانگەیەوە ڕەنگە وەسفکردنێکی ورد نەبێت بڵێین لوبنان دەوڵەتێکی شکستخواردووە، بەڵکو دەتوانین بڵێین لوبنان دەوڵەتێکی تێکشکاوە و ئەوە بوو بینیمان چۆن دوچاری ئەو حاڵەتی داڕووخانە بووە.

*** بەڵام لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتە نوێیەکەی ئەو وڵاتەدا ئایا پێت وایە لایەنە سیاسییە جیاوازەکان هەنگاو بەرەو کۆدەنگی و سازشکردن و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ دەرچوون لەم بارودۆخە دەگرنەبەر؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وانییە گەیشتن بە سازشکردن و کۆدەنگی کێشەکانی لوبنان چارەسەر بکات، بەپێچەوانەوە ئەوەی ئەم وڵاتەی بەم ڕۆژە گەیاند، کۆدەنگی و سازشکردن بوو. چونکە ئەمە سیستمە بە سەر ئێمەدا سەپێنرا، دوای داگیرکردنی بەیروت لە ساڵی ٢٠٠٨ و سووتاندنی ڕۆژنامە و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، کە دواتر کۆبوونەوە و ڕێککەوتنی دەوحە هاتەئاراوە، کە مافی ڤیتۆی بە حزبوڵلا دا، کە حزبوڵلا توانی بە هۆی ئەم مافەوە حکومەت و سیستمە سیاسییەکە بەرەو ئیفلیجبوون ببات. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە، زنجیرە سازش و کۆدەنگییەکان بوو کە لوبنانی بەم ڕۆژەی ئێستا گەیاند، چونکە هەر جارێك ئەم سازشکردن و ڕێککەوتنە دەکرێت، ئەوا کێشەکان زیاتر دەبن و قەیرانەکانی قووڵتر دەبنەوە، خۆ ئەگەر نەگەینە سازشیش ئەوا کارەکان دوچاری چەقبەستوویی دەبنەوە. کەواتە کێشەکان لەوە دەرچوون کە بە سازشکردن چارەسەر بکرێن. دواتر من پێم وایە لوبنان دابڕێنراوە و گۆشەگیر کراوە لەلایەن هەموانەوە، بە تایبەتی وڵاتانی کەنداو، کە پێیان وایە ئەو وڵاتە لە ژێر کۆنترۆڵی حزبوڵلادایە و لەم ڕووەوە لێی بێ ئومێد بوون و پشتیان تێ کردووە. ئێمە دەزانین ئەم حکومەتەش بە بێ پشتیوانیی وڵاتانی دیکە ناتوانێت سەرکەوتوو بێت.

**لە ماوەی ٢٠١٣ و ٢٠١٦ لوبنان بۆ ماوەی ٢٩ مانگ بێ حکومەت بوو. هەروەها نەمانتوانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجام بدەین، ئەوە بوو ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە بۆ ٢٢ جار دوا خرا**

**من پێم وانییە گەیشتن بە سازشکردن و کۆدەنگی کێشەکانی لوبنان چارەسەر بکات، بەپێچەوانەوە ئەوەی ئەم وڵاتەی بەم ڕۆژە گەیاند، کۆدەنگی و سازشکردن بوو**

**لە عێراقیشدا کار دەکرێت بۆ بەرهەڵستیکردن و بەرەنگاربوونەوەی میلیشیاکانی سەر بە دەوڵەتێکی دراوسێ و کەسانێکی دیاریکراو دەکرێنە ئامانج و دەکوژرێن و گەندەڵی هەیە و کاری قاچاخچێتی هەر بەردەوامە**

**ئەوەی دەگوزەرێت بەشێکە لە ململانێ و ڕکابەرییەکی ئیقلیمی، ئەم ڕۆڵە ئیقلیمییەش لە لوبنان و سووریا و فەلەستین و عێراقدا بەدی دەکرێت، ئەمەش مایەی هەڕەشەیە بۆ هەموو لایەک**



*** ئێوە باسی پشتیوانیی دەرەکی دەکەن بۆ حکومەتی لوبنان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو دەیانتوانی چی بکەن بۆ ئەوەی لوبنان دوچاری ئەو بارودۆخە نەبێتەوە؟**

- من پێم وایە دەیانتوانی کاری زۆر بکەن بۆ پشتیوانیکردن لە ئەنجامدانی چاکسازییەکان لەو وڵاتەدا، چونکە لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە پرۆسەی چاکسازی ڕاوەستاوە و جێبەجێ ناکرێت. هەروەها لوبنان نەیتوانی سنوورەکانی کۆنترۆڵ بکات و ڕێگە لە کاری قاچاخچێتی بگرێت، نەیتوانی فرۆکەخانە و بەندەرەکانی کۆنترۆڵ بکات. دواتر تێکڕای لوبنان کرایە ئامرازێك بۆ گەمە ئیقلیمییەکان. کە لێرەشدا دووبارەی دەکەمەوە، ئەوە سازش بوو کە ئەم دۆخە نەخوازراوەی بە سەر لوبناندا هێنا.

*** باشە دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی بەردەوامبوونی ئەم دۆخە نائارام و ناسەقامگیرەی لوبنان ئایا لەسەر هەلومەرجە ئیقلیمی و بگرە نێودەوڵەتییەکەش دەبێت، کە ئاشکرایە سەرەڕای ئەوەی حکومەتی نوێ لەو وڵاتەدا پێکهاتووە، بەڵام هێشتا نادڵنیایی باڵی بەسەر دۆخەکەدا کێشاوە؟**

- من پێم وانییە مەسەلەکە دەرئەنجام و دەرهاویشتە بێت، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە ئایندە و چارەنووسی وڵاتی ئێمە بەشێکی دانەبڕاوە لەو ڕکابەرییەکەی لە ئارادایە، ئێوە بڕوانن ئەم حاڵەتە لە عێراقیشدا بەدی دەکرێت و لە عێراقیشدا کار دەکرێت بۆ بەرهەڵستیکردن و بەرەنگاربوونەوەی میلیشیاکانی سەر بە دەوڵەتێکی دراوسێ و کەسانێکی دیاریکراو دەکرێنە ئامانج و دەکوژرێن و گەندەڵی هەیە و کاری قاچاخچێتی هەر بەردەوامە. هەروەها لە عێراقیشد نادڵنیایی هەیە کە دوای مەرجەعی باڵای سیستانی، مەرجەعێکی دیکە جێی بگرێتەوە کە سەر بە دەوڵەتێکی دراوسێ بێت. ئەم حاڵەتە لە لوبنان ڕووی دا، کە دوای کۆچی دوایی ئایەتوڵا محەمەد حەسەن فەزڵوڵا دەست بەسەر دامەزراوەکەیدا گیرا. کەواتە لێرەدا دەمەوێت دووپاتی بکەمەوە کە ئەوەی دەگوزەرێت بەشێکە لە ململانێ و ڕکابەرییەکی ئیقلیمی، ئەم ڕۆڵە ئیقلیمییەش لە لوبنان و سووریا و فەلەستین و عێراقدا بەدی دەکرێت، ئەمەش مایەی هەڕەشەیە بۆ هەموو لایەك. بە تێڕوانینی من فەرامۆشکردنی ئەم ڕۆڵە ئیقلیمییە بۆ هەموو لایەك مایەی مەترسی دەبێت.



**ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد**

سەرۆکی شارەوانیی هەولێر بۆ گوڵان:

# تەواوکردنی قۆناغی دووەمی شەقامی ١٥٠ مەتری ئاسانکارییەکی گەورە بۆ هاتوچوو و جموجووڵی بازرگانی دروست دەکات

**ئاشکرایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی بەرچاوی بە ڕەوتی گەشەپێدان و ئاوەدانی داوە، ئەمەش لە درێژەپێدان و فراوانکردنی پڕۆژەکاندا بەرجەستە بووە، بە تایبەتی هەندێ پڕۆژەی گرنگ و ستراتیژی کە کاریگەریی گەورەیان لەسەر جووڵەی هاتوچوو و جموجووڵی بازرگانی هەیە، بۆ نموونە شەقامی ١٥٠ مەتری لە شاری هەولێر، کە لە ئێستادا دەست کراوە بە جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمی ئەم پڕۆژەیە، بۆ باسکردنی وردەکارییەکانی ئەم پڕۆژەیە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد سەرۆکی شارەوانیی هەولێر ئەنجام دا.**

*** پڕۆژەی بازنەی ١٥٠مەتریی شاری هەولێر چەند کیلۆمەترە و پانییەکەشی چەندە، چەند بەرزەپرد لەخۆ دەگرێت و، بە چەند قۆناغ جێبەجێ دەکرێت؟ ئەم پڕۆژەیە پێویستی بە بودجەیەکی زۆر هەیە لەم قەیرانەدا، ئایا چۆن دابین کراوە؟**

- پڕۆژەی ١٥٠مەتریی شاری هەولێر یەکێکە لە پڕۆژە ستراتیژییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، بە یەکێك لە پڕۆژە گرنگەکانی ناو شاری هەولێر هەژمار دەکرێت، چونکە بە تەواوبوونی دەبێتە یەکێك لەو پڕۆژە گرنگانەی کە هۆکارێك دەبێت بۆ کەمکردنەوەی جەنجاڵیی هاتوچوو لە هەولێر، لەبەر ئەوەی پڕۆژەی ١٥٠مەتری گشت خاڵە گرنگەکانی هاتوچووی ناو شاری هەولێر و شەقامە سەرەکییەکانی بەحرکە و شەقڵاوە و کەسنەزان بە یەکەوە دەبەستێتەوە. ئەمە لە ڕووی هاتوچووی بازرگانییشەوە گرنگیی زۆر تایبەتی خۆی دەبێت، هاوکات لە ڕووی بووژانەوەی ئابوورییشەوە تەکانێکی گەورە بەو شوێنانە دەدات کە شەقامەکەیان پێدا تێپەڕ دەبێت، چونکە دەبێتە هۆکارێك بۆ بەرزبوونەوەی نرخی ئەو زەوی و یەکە نیشتەجێبوون و باڵەخانانەی لەو زۆنانەدا دروست کراون و، دەبێتە هۆکارێکی بەهێزیش بۆ وەبەرهێنەران کە لە درێژایی ئەو شەقامەدا پڕۆژە و کاری وەبەرهێنان ئەنجام بدەن، بەتایبەتی لە ڕووی یەکەی نیشتەجێبوون و باڵەخانەی بازرگانی و...هتد، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە قۆناغی یەکەمی ئەو شەقامە کە شەقامی هەولێر – بەحرکە، هەولێر - شەقڵاوەیە و درێژییەکەی ١٠ کیلۆمەترە و هەردوو شەقامەکەی چوون و هاتن- جگە لە شەقامە خزمەتگوزارییەکانی- پانییان ١٩مەترە، کە لە ساڵی ڕابردوودا تەواو بوون، کە ئەو بەشە چەندین بەرزەپرد و ژێرپرد، هەروەها چوارڕێیان و سێ ڕێیان لەخۆ دەگرێت، ئەو شەقامە سەرجەم ڕێگە یەکتربڕەکانیش کە لە سنوورەکەیدایە، بە یەکەوە دەبەستێتەوە. لە ڕاستیدا پاش تەواوبوونی ئەو بەشەی شەقامەکە بۆ زیاتر ئاسانکاری و کەمترکردنەوەی جەنجاڵی، بڕیار درا کە بەشی دووەم لە شەقامی ١٥٠ مەتری کە دەکاتە شەقامی هەولێر – شەقڵاوە و هەولێر – کەسنەزان دەستی پێ بکات، کە درێژییەکەی حەوت کیلۆمەتر و دووسەد مەترە و، پانی و شێوەی هەردوو شەقامی هاتوچووەکە و هەردوو دوو شەقامە خزمەتگوزارییەکە، بە هەمان شێوەی بەشی یەکەمی شەقامەکەیە و، ئەو بەشەی شەقامەکەش بەپێی ئەو گرێبەستە و ماوەی کارکردنەی بۆی دانراوە دەبێت لە مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠٢٢ تەواو بکرێت، بەم شێوەیە ئاسانکارییەکی یەکجار زۆر بۆ هاتوچووی هاووڵاتیان فەراهەم دەبێت، کە درێژیی ئەو دوو بەشەی شەقامی ١٥٠مەتری بە گشتی دەکاتە ١٧کیلۆمەتر و دوو سەد مەتر و، ئەو بەشەی ئێستا لە ١٥٠ مەتری کاری تێدا دەکرێت، چوار بەرزەپرد و چەند یوتێرنێك لە خۆ دەگرێت، کە لە شێوەی بەرزەپردن، بەڵام یوتێرنن، واتە سوورانەوەیە لە ئاراستەی شەقامێك بۆ ئاراستەیەکی دیکەوە، هەروەها یەکتربڕێکی تەواویش لە چوارڕێیانی کەسنەزان

**پڕۆژەی ١٥٠مەتری گشت خاڵە گرنگەکانی هاتوچووی ناو شاری هەولێر و شەقامە سەرەکییەکانی بەحرکە و شەقڵاوە و کەسنەزان بە یەکەوە دەبەستێتەوە**

**پڕۆژەکە هەلێکی زۆری کارکردنی بۆ خەڵکی ناوخۆ تێدا دەستەبەر کراوە، ئەمەش داوایەکی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان لە کۆمپانیاکان، کە هەلی کار بە ڕێژەیەکی زۆر، یان هەر هەمووی بە خەڵک و گەنجانی ناوخۆ بدەن**

**ئێستا لەو بەشەی شەقامی ١٥٠ مەتری ٩٠٠ کرێکاری خۆماڵی و ژمارەیەکی زۆر ئامێر تێیدا کار دەکەن**



**بەشێکمان لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار هەیە کە بەشی دیراسات و دیزاینە و، بە هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی ڕاوێژکاری لە کۆلێژی ئەندازیاری سەرنج و تێبینی و هەموو بەدواداچوونێک بۆ دیزاینەکان ئەنجام دەدەن**

**ماستەرپلان و دیزاینەکە لەلایەن کۆمپانیاوە کراوە و، لەلایەن حکومەتیشەوە وردبینیی لەسەر ئەنجام دراوە، ئینجا چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە**

دەبێت، کە لەگەڵ شەقامی کەسنەزان یەکتر دەگرێتەوە، ئەمە پێی دەگوترێت ئاراستەگۆڕ کە ئەمانەش لە شەقامەکە دروست دەکرێن و، بە درێژایی ئەو شەقامانەی ١٥٠ مەتری تۆڕی ئاوەڕۆ بە پێوانەی جیاجیا بە هەموو پێداویستییەکیەوە، بە سیستمێکی زۆر هاوچەرخ و زانستی دروست کراوە، شەقامەکەش بە هەموو جۆرێ ئەو نیشانەی هاتوچوویانەی کە پێویستیەتی و هێڵکاری و جوانکاری و پەرژین و بەربەستی لەسەر شۆڵدەرەکانی بۆ دادەنرێت، کە هەموو ئەمانەش بۆ سەلامەتیی شوفێران و هاووڵاتیانمانە، خاوەنی پرۆژەکەش حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەتایبەتی وەزارەتی شارەوانی و سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر، بەڵام لەلایەن هێمن گرووپەوە جێبەجێ دەکرێت، کە کۆمپانیایەکی خۆماڵیی کوردستانییە و خاوەن ئەزموون و شارەزاییەکی هاوچەرخە.

*** ئەو بەشەی ئێستای ١٥٠ مەتری چەند ئامێر و کرێکار کاری تێدا دەکات و لە چ قۆناغێکی جێبەجێکردندایە و تێچووی چەندە؟**

- ئەو بەشەی پرۆژەکە زیاتر لە (٩٥) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، کە هێمن گرووپ بە قەرز جێبەجێی دەکات و، پرۆژەکە هەلێکی زۆری کارکردنی بۆ خەڵکی ناوخۆ تێدا دەستەبەر کراوە، ئەمەش داوایەکی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان لە کۆمپانیاکان، کە هەلی کار بە ڕێژەیەکی زۆر، یان هەر هەمووی بە خەڵك و گەنجانی ناوخۆ بدەن. هەر بۆیە دەبینین ئێستا لەو بەشەی شەقامی ١٥٠ مەتری ٩٠٠ کرێکاری خۆماڵی و ژمارەیەکی زۆر ئامێر تێیدا کار دەکەن.

*** ئەو بەشەی ئێستا کاری تێدا دەکرێت، چ گرنگییەکی بۆ جووڵەی بازرگانی دەبێت؟**

- بەدڵنیایەوە ئێمە دەزانین ئەو بەشە بازنەییەی شەقامی ١٥٠مەتری کە بریتییە لە هەولێر – کەسنەزان و هەولێر – شەقڵاوە، ئاسانکارییەکی زۆر بۆ هاتوچوو دەستەبەر دەکات، بەتایبەتی بۆ ئۆتۆمبیلی گەورە و بارهەڵگر، کە وادەکات بەکەمترین ماوە بچنە ئەو ڕێگا و ئاراستە بازرگانییانەی دەیانەوێت، ئەمەش دووبارە دەبێتە هۆکارێك بۆ بووژاندنەوەی ئابووری، بە تایبەتی بۆ کەرتی بازرگانیی نێوان هەولێر و دەروازە و خاڵە سنوورییەکان و شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان.

*** وەك شارەزا و پسپۆڕێك، ئەگەر باسی ستانداردی ئەو شەقامە بخەیتەڕوو و ئەو کەرەستانەی تێدا بەکاردێت، تا چەند جێگای دڵنیایی و گونجاون بۆ پڕۆژەکە و ماستەرپلانەکەی، یان نەخشەکەی کێ دروستی کردووە، کەسانی بیانی، یان شارەزایان و ئەندازیارانی خۆمان؟**

- سەرەتا جێی خۆیەتی پرسیاری ئەوە بکەین بۆچی شەقامی ١٥٠ مەتری بازنەییە، ئەمە



بۆ ماستەرپلانی شاری هەولێر دەگەڕێتەوە کە لەسەر بنەمای بازنەی دەوری قەڵا دانراوە، چونکە هەموو شەقامەکان هەر لە بازنەی دەوری قەڵاوە تا دەگاتە شەقامی ٣٠ مەتری و ٤٠ مەتری و ٦٠ مەتری و ١٠٠ مەتری و ١٢٠ هەر هەموویان بازنەیین و، شەقامەکانی دیکەش بەتایبەتی ئەوەی لە قەڵاو شارەوە دەردەچێت، تیشکیین، لەلایەکی دیکەوە شاری هەولێر تایبەتمەندیی خۆی هەیە، چونکە قەڵای هەولێر سیمای شارەکەی دیاری کردووە و ئەم شەقامەی ١٥٠ مەتری بە ستانداردی جیهانی ئاشتۆ کە کورتکراوەی (AASHTO)، هەروەها لەسەر بنەمای ستانداردی کۆرد (CHORD) کە ستانداردێکی عیراقییە، لە هەقیقەدا ئەم دوو ستانداردەش بنەمان بۆ ئەوەی ئەو جۆرە پڕۆژانە لەسەری بنیاد بنرێن. دیزاینی ئەو پڕۆژانە پێشتر لەلایەن هێمن گرووپەوە ئامادە کرابوون، بەڵام وردبینی و پێداچوونەوەی پێدا کراوە، چونکە ئێمە بەشێکمان لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار هەیە کە بەشی دیراسات و دیزاینە و، بە هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی ڕاوێژکاری لە کۆلێژی ئەندازیاری سەرنج و تێبینی و هەموو بەدواداچوونێك بۆ دیزاینەکان ئەنجام دەدەن، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ماستەرپلان و دیزاینەکە لەلایەن کۆمپانیاوە کراوە و، لەلایەن حکومەتیشەوە وردبینیی لەسەر ئەنجام دراوە، ئینجا چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەموو کەرستە و چینە قیرتاوکردنەکان و پێداویستییەکانی بەرزەپرد و ژێرپرد و شەقامەکە، بەپێی مواسەفاتی تاقیگەی بیناسازی و بەپێی هەردوو مەرجی کاروباری ئەندازیاریی شارستانی و بەڵێندەرایەتی بەشی یەکەم و دووەم، هەموو ئەو ڕێنماییانەی هەیە تێدا جێبەجێ دەکرێت، تاوەکو بتوانرێت لە دەرئەنجامدا پڕۆژەکە پوخت و ڕێکوپێك و بە ستانداردێکی هاوچەرخ بێت و، ئەو پەرژینانەی لە شەقامەکە بەکار دێت، بە شێوەیەکی وایە کە بتوانێت بەرگری هەموو پێداکێشان و ڕووداوێکی هاتوچوو بکات. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە پێویستە شوفێران لەو جۆرە شەقامانەدا پابەندی ئەو ڕێنمایی و خێراییانە بن کە لە سەر شەقامەکە بۆیان دەستنیشان کراوە، تا شەقامەکە زیاتر بەرگە بگرێت و پارێزگاری لە مانەوەی بکرێت.


*** شەقامەکە لەو کاتەدا تەواو دەکرێت کە بڕیاری لێ دراوە، ئایا ڕاستەوخۆ دەست بە قۆناغێکی دیکەی ئەو شەقامە دەکرێت، یان بۆ ماوەیەك دوادەخرێت، ئەگەر دوادەخرێت بۆچی؟**

- هێمن گرووپ کارەکانی بە دیقەت و جددییە و، ڕێنمایی و مەرج و ستانداردی هاوچەرخ و پێشکەوتوو جێبەجێ دەکات، هاوکات لە کارەکانیدا خێرایە، چونکە ئامێر و پێداویستیی زۆر و تازەی هەیە و، کرێکار

**پێویستە شوفێران لەو جۆرە شەقامانەدا پابەندی ئەو ڕێنمایی و خێراییانە بن کە لە سەر شەقامەکە بۆیان دەستنیشان کراوە، تا شەقامەکە زیاتر بەرگە بگرێت و پارێزگاری لە مانەوەی بکرێت**

**بەپێی ئەو گرێبەستەی کە کراوە هەر نۆژەنکردنەوەیەکی شەقامەکە پاش تەواوبوونی، بۆ ماوەی یەک ساڵ لەلایەن کۆمپانیای ناوبراوەوە ئەنجام دەدرێت**







و شارەزا و پسپۆڕانی زیاد لە پێویست بەکار دەهێنێت، کە ئەمەش وادەکات پڕۆژەکان لە کات و سات و ماوەی دیاریکراوی خۆیدا و زووتریش تەواوی بکات، بەڵام بەپێی بەرنامە و ئەو پلانەی بۆ پڕۆژەکە دانراوە لە مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠٢٢ تەواو دەبێت، هەروەها بەپێی ئەو گرێبەستەی کە کراوە هەر نۆژەنکردنەوەیەکی شەقامەکە پاش تەواوبوونی، بۆ ماوەی یەك ساڵ لەلایەن کۆمپانیای ناوبراوەوە ئەنجام دەدرێت، هەر چەندە هەوڵمان داوە لە جۆرە پڕۆژانەدا ماوەی چاککردنەوە لەلایەن کۆمپانیای جێبەجێکارەوە زیاتر بێت، پاشان ئێمە وەك وەزارەت و سەرۆکایەتی سەرپەرشتیی بکەین، هاوکات زۆر پێویستە ئەماژە بەوەش بکەین کە ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو کات لە هەوڵی ئەوەدایە کە زۆرترین و باشترین خزمەتگوزاری و پڕۆژە بۆ خەڵك و هاووڵاتیانی کوردستان ئەنجام بدرێت.


*** لەم ماوەیەدا لە ڕاگەیاندنەکاندا چەندین هەواڵ و پرێس کۆنفرانس خرایە ڕوو کە لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و سەرۆکایەتیی شارەوانییەوە چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاری لەسەر داهاتی ١٥٪ی شارەوانییەکان جێبەجێ دەکرێت، ئەمە چۆنە، ئەگەر بەکورتییش بێت دەکرێت باسی بکەن؟**

- ئێمە وەك سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر، جگە لە ساڵی ڕابردوو (کاتی کەرەنتینە)، ئەگینا بەردەوام لە کار و خزمەتکردنی شارەکەداین و، لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەبێت ئەمساڵ زۆرترین پڕۆژە ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی زۆرترین خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان بگات و گەڕەکەکان کێشەی خزمەتگوزارییان نەمێنێت. ئێمەش هەر لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆکی حکومەت هەستاین بە دەرخستەی چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاری، بۆ ناوشار و گەڕەکەکانی هەولێر، لەم ماوەیەدا توانیمان لەسەر داهاتی سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر کە دوو داهاتمان هەیە، کە یەکێکیان داهاتی ١٥٪ی داهاتی سەرۆکایەتیی شارەوانییە و لە کۆکردنەوەی ڕسوماتە و، داهاتی دووەمیشمان بریتییە لەو داهاتەی کە لە فرۆشتنی زەویی ڕوکن و نایاب دەستمان دەکەوێت، بەم هۆیەوە توانیومانە لە ماوەی ڕابردوو ٣٥ پڕۆژە بە زیاتر لە سێ ملیار دینار لە سەر داهاتی سەرۆکایەتیی شارەوانی جێبەجێ بکەین و، چەندین پڕۆژەی دیکەش لە چاوەڕوانی تەندەر و کەشفەکانیاندان، کە وەڵامیان بگەڕێتەوە و دەست بە جێبەجێکردنیان بکەین، بەم کارو پڕۆژانەش چەندین گەڕەك لە ناو شاری هەولێر کار و پڕۆژەی خزمەتگوزارییان بۆ دابین کراوە و زیاتر ڕووی ئاوەدانی و گەشەکردنیان بەخۆوە بینیوە.

**ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو کات لە هەوڵی ئەوەدایە کە زۆرترین و باشترین خزمەتگوزاری و پرۆژە بۆ خەڵک و هاووڵاتیانی کوردستان ئەنجام بدرێت**

**لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەبێت ئەمساڵ زۆرترین پڕۆژە ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی زۆرترین خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان بگات و گەڕەکەکان کێشەی خزمەتگوزارییان نەمێنێت**







# پارتی زۆرترین نوێنەری ئافرەت لەسەر ئاستی تەواوی حزبە عێراقی و کوردستانییەکان دەنێرێتە ئەنجومەنی نوێنەران

بۆ پاراستنی هاوسەنگیی ڕێژەی نێوان ئافرەتان و پیاوان لە پەرلەمانی عێراق کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ٨٣ کورسیی پەرلەمانی عێراقی لە کۆی ٣٢٩ بۆ ئافرەتان تەرخان کردبوو، کە لە هەر بازنەیەکدا پێویست بوو ئافرەتێك سەربکەوێت، جا بە دەنگی خۆی بێت، یان بە دەنگی کۆتا، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرترین نوێنەری ئافرەتی لەسەر ئاستی تەواوی حزبە عێراقی و کوردستانییەکان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نارد. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان ڕا و سەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە هەیە.


پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بە بەدەستهێنانی ٣٢ کورسی لە پەرلەمانی عێراق، ١١ کورسی لە کۆی ٣٢ کورسییەکەی بۆ ئافرەتان بوو. هەر لەو بارەیەوە عیماد جەمیل ئەندامی لیژنەی زانیاری کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئاماژە بەوە دەکات کە «ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی دەنگی پێویستیان بە دەست هێناوە و گەیشتوونەتە پەرلەمانی عێراق، زیاترە لەو ڕێژەی کە بۆیان دانرابوو.» هەروەها دەشڵێت: «جگە لەو ٨٣ کورسییەی کە تایبەت کراوە بە ئافرەتان، ژمارەیەك ئافرەتی دیکە بە بەدەستهێنانی دەنگی شایستەی خۆیان سەرکەوتوون و ڕێژەکەیان بەرز بووەتەوە».

لەلایەکی دیکەوە سکرتاریەتی گشتی سەرۆك وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند: «٩٧ ئافرەت سەرکەوتوون بۆ پەرلەمانی عێراق، واتە ١٤ کورسی زیاتریان بەدەست هێناوە لەو ڕێژەی بۆیان تەرخان کرابوو».


پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستاندا زۆرترین بەربژێری ئافرەتی هەبوو کە ژمارەیان ١٧ ئافرەت بوو، ئەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە پێشەنگە لە سەرخستنی پرسی ئافرەت و دەستەبەری مافەکانیان. ئەمڕۆش لە کۆی ١٧ ئافرەتەکە ١١ ئافرەتیان کورسیی پەرلەمانی عێراقیان بەدەست هێنا. ئەوان توانییان جارێکی دیکەش ببنە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان بە گشتی و خانمان بەتایبەتی، لەو بارەیەوە دوریا شێروانی مامۆستا لە پەروەردەی سۆران باسی ئەوە دەکات کە: «هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراسییە کە لە دونیای سیاسەت و بەڕێوەبردندا پەیڕەو دەکرێت و، تیایدا تاك بە ویست و خواستی کەسیی خۆی نوێنەرێك دەستنیشان دەکات و، متمانەی پێ دەکات. ئەگەر بێت و باس لە پەرلەمان بکرێت، ئەوە شتێکی دڵخۆشکەرە کە ئافرەت هەم دەنگدەرە و هەم هەڵبژێردراوە، ئەمە هەنگاوێکی گرینگ و جێی بایەخە کە ڕۆڵی ئافرەت لە سیستەمی حوکمڕانی و پایەکانی دەسەڵات بەرەوپێش ببردرێت.» گوتیشی: «ئەگەر بەراوردێك بکەین ئافرەت هەم ڕێژەیەکی بەرزتری تۆمار کردووە بە بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی پێشووتر، هەم ڕۆڵیشی زیاترە، ئەمەش دەرئەنجامی بوێری و کۆڵنەدانی ئافرەتانە کە ڕێژەیەکی باشی ئافرەت بەربژێرن و سەرکەوتوو بوون، ئەمەش ئەنجامێکی دڵخۆشکەرە بۆ منی ئافرەت».

ڕاژان عەبدولڕەحمان ستوونی، ڕۆژنامەوان و چالاکی مەدەنییە و لە دەستپێکی وتەکانیدا دەڵێت: «بێگومان زۆر خۆشحاڵم و وەکو ئافرەتێك خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە دەبینم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێگە و سەنگی ئافرەت لە نێو پرۆسەی سیاسی و جڤاکی کۆمەڵگەکەماندا بەهێزتر دەبێت. توێژی ئافرەت بە شێویەکی بەرچاو لە نێو پروسیسی سیاسی و ...تد بەشدارییەکی کارای هەیە لە سەر هەموو ئاستەکاندا؛ واتە یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و هەروەها لە سەر ئاستی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت، هەموو ئەمانەش ئاماژەن بۆ ئەوەی کە پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان بەرەو پێشڤەچوونی بە خۆیەوە بینیوە و، گەشەی کردووە.» گوتیشی: «توێژی ئافرەت توێژێکی زۆر گرینگە، ئەگەر نیوەی کۆمەڵگەش زیاتر پێك نەهێنێت، ئەوا کەمتر نییە لە نیوەی کۆمەڵگە؛ کەواتە گرینگیدان بە بەشداری پێکردنی ئافرەتان لە هەموو کایەکاندا شان بە شانی ڕەگەزی بەرامبەریان لەسەر گشت بوارەکانی ژیاندا لە هەموو ڕوویێکەوە کاریگەریی ئەرێنی دەبێت. لە پرۆسەی دەنگدانی ئەمجارەشدا بۆ پەرلەمانی عێراق مایەی دڵخۆشییە کە بینیمان ڕێژەیەکی باشی ئافرەت کە کاندید کرابوون، خۆشبەختانە زۆربەیان لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتنیان تۆمار کرد. بۆیە دووبارە زۆر خۆم بە خۆشحاڵ و بەختەوەر دەزانم کە دەبینم ئافرەت هاوشانی ڕەگەزی بەرامبەری خۆی بە بێ جیاوازی لە پێناو پێشکەوتن و گەشەسەندنی وڵاتدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت».

ڕوقیا خالید قوتابی زانکۆیە سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئێمەی ئافرەتان ڕۆڵێکی زۆر گرینگمان هەبوو لە هەڵبژاردنەکان و بە دڵ و گیان پاڵپشت بووین بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ بۆ لیستی شەهیدان و لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان.» گوتیشی: «ئافرەتان هەنگاوێکی باشیان هەڵبڕیوە لە کۆمەڵگە و پێویستە دەسەڵات و کۆمەڵگە ددان بە یەکسانیی ئافرە ت و پیاودا بنێن و باوەڕی تەواو بەوە بهێنن و دڵنیا بن کە چۆن پیاوان توانا و هێز و ئیرادەیان هەیە، ئافرەتانیش هەمان هەڵوێست و توانا و هێزیان هەیە، کە بتوانن تەواوکەری پیاوان بن». جەختی لەوەش کردەوە کە «دەرخستنی توانای ئافرەت بووەتە هۆکاری ئەوەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە کایەکانی بەڕێوەبردنی وڵاتدا زیاتر بێت و، کۆمەڵگەش زیاتر چاوکراوە بێت و، بەرهەم و توانا و کارامەیی ئافرەتان لە هەموو بوارەکاندا ببینێت».



ڕاژان عەبدولڕەحمان ستوونی:
**بەختەوەرم کە دەبینم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێگە و سەنگی ئافرەت لە نێو پرۆسەی سیاسی و جڤاکی کۆمەڵگەکەماندا بەهێزتر دەبێت**



ڕوقیا خالید :
**ئێمەی ئافرەتان بە دڵ و گیان پاڵپشت بووین بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ بۆ لیستی شەهیدان و لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان**



دوریا شێروانی :
**ئەمە دەرئەنجامی بوێری و کۆڵنەدانی ئافرەتانە کە ڕێژەیەکی باشی ئافرەت بەربژێرن و سەرکەوتوو بوون**

# لەساڵرۆژی تەندروستیی دەروونیدا

# هۆشداریی لە هەڵکشانی ڕێژەی تووشبوونی خانمان دەدرێت



سەرەتا دکتۆر ئازاد مەنتك پزیشکی پسپۆڕیی هەناو، باسی ئەوە دەکات کە: «لە ئێستادا بە هۆی بوونی پەتا و نەخۆشیی کۆرۆنا هەم ژمارەی نەخۆشییە دەروونییەکان ڕوو لە زیادبوون بووە، هەم بەدواداچوونی نەخۆشییە دەروونییەکان وەکو پێویست نەبووە.»

وەك ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە باسی کرد، «ئێستا لە جیهاندا هەر کەس و لە هەر جێگایەك بێت، ئەگەری تووشبوونی بە نەخۆشیی دەروونی هەیە.» گوتیشی: «نزیکەی (٥٪)ی خەڵکی باڵغ و پێگەیشتوو نەخۆشیی خەمۆکی هەیە، لە نێوانە تەمەنی (١٠ - ١٩) ساڵی (٧/١)یان نەخۆشییەکی دەروونییان هەیە، ئەوانەی نەخۆشیی (شکستە خۆیی = شیزۆفرینیا)یان هەیە، ئەوانەی تەمەنیان بە (١٠ - ٢٠)ساڵ لە کەسێکی هاوکووفی خۆیان کەمترە. لە هەر ١٠٠ مردن یەکێکیان بە هۆی خۆکوژی و بە هۆی خراپیی (باری دەروونی) دەبێت، بەجۆرێك لە گەنجان (١٥ - ٢٩) ساڵی چوارەم هۆکاری مردن خۆکوژییە بە هۆی نەخۆشییە دەروونییەکان.»

دکتۆر ئازاد مەنتك، ئەوەش دەخاتەڕوو کە: «گرفتی نەخۆشیی دەروونی ئەوەیە کە تێچوونی یەکجار زۆرە.»لە هەموو وڵاتان بڕێکی کەمی بودجە واتە تەنیا (٢٪)ی بۆ تەندروستیی دەروونی تەرخان کراوە، ڕەنگ بێت لە لای خۆمان لەو ڕێژەیە کەمتریش بێت، هەرچەندە خەڵك و عەوام و دەسەڵات دەرکییان بە گرنگیی تەندروستیی دەروونی و ئاڵوودەبوون بە دەرمان کردووە، بەڵام هێشتا وەکو پێویست نییە. لە ئەمریکا هەردوو نەخۆشیی (ڕاڕایی و خەمۆکی) هۆکار دەبێت لەوەیساڵانە یەك تریلیۆن دۆلار زیان لە وەبەرهێنان و داهاتی ئەم وڵاتە بدەن، هەموو ئەگەر ئەو ڕاستییە بزانن، کە: ئەگەر دەوڵەت بڕی یەك دۆلار لە بواری تەندروستیی دەروونی وەبەرهێنان بکات، ئەوا بڕی پێنج دۆلاری بۆ دەگەڕێتەوە. هەروەها ئەگەر بڕی یەك دۆلار لە بواری نەهێشتنی ئاڵوودەبوون سەرف بکات، ئەوا بڕی حەفت دۆلاری بۆ دەگەڕێتەوە. «وەك ئەو پزیشکە باسی کرد، لە ڕۆژی جیهانیی تەندروستیی دەروونی کارەکان بۆ ئەوەیە، کە «ئاگاداری خۆت و خەڵکان بیت،

**بە هۆی بوونی پەتا و نەخۆشیی کۆرۆنا هەم ژمارەی نەخۆشییە دەروونییەکان ڕوو لە زیادبوون بووە، هەم بەدواداچوونی نەخۆشییە دەروونییەکان وەکو پێویست نەبووە**

**ئافرەتان لە پیاوان زیاتر تووشی پشێوی و نەخۆشییە دەروونییەکان دەبن، هەرچەندە لە لای خۆمان ئامار و داتای تەواومان نییە**

**ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبەر بە ڕۆژی جیهانیی تەندروستیی دەروونی دیاری کراوە و، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ساڵانە ئەو یادە دەکاتەوە، وەك دەرفەتێك بۆ هۆشیاربوونەوەی تاك لە پاراستنی تەندروستیی دەروونی، پێگەی ئەلیکترۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان هێما بۆ ئەوە دەکات کە نزیکەی یەك ملیار کەس لە سەرانسەری جیهاندا بە جۆرێك لە جۆرەکان گیرۆدەی پەشێوی عەقڵی دەبن و، لە هەر ٤٠ چرکەیەك کەسێك بە هۆی پەنابردن بۆ خۆکوشتن گیان لە دەست دەدات، هاوکات خەمۆکیی بە هۆکاری سەرەکیی تووشبوون بە نەخۆشییە دەروونییەکان ناو دەبات، هەڵکشانی ڕێژەی تووشبوونی خانمانیش بە نەخۆشییەکانی دەروونی بووەتە باسی سەرباسان و لەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری (گوڵان) پتر تاونوێی ئەو پرسە دەکەین.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

هەتا دەوروبەرێکی تەندروست بۆ هەمووان فەراهەم بێت.» گوتیشی: «ئافرەتان لە پیاوان زیاتر تووشی پشێوی و نەخۆشییە دەروونییەکان دەبن، هەرچەندە لە لای خۆمان ئامار و داتای تەواومان نییە، بەڵام پیاوان زۆرتر ئەگەر و مەترسیی خۆکوژییان هەیە بەراورد بە ئافرەتان، چونکە پیاوان کەمتر دەری دەبڕن، هەتا کەمتریش بەدوای چارەسەرییەوەن.»

پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان دکتۆر ئومێد قادر، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «نەخۆشیی خەمۆکی، یەکێکە لە نەخۆشییە دەروونییەکانی سەردەم کە زۆر بەربڵاوە، ڕێژەکەی لە زۆربەی زۆری نەخۆشییەکانی دیکە زیاترە، خەمۆکی بریتییە لە حاڵەتێك بە کۆمەڵێك نیشانە دەناسرێتەوە، دیارترین نیشانەکان لەزەتی ژیان لای کەسی تووشبوو زۆر کەم دەبێتەوە و، حەزی ئیش و کاری نامێنێت و، سیستەمی خەو و خواردنی تێك دەچێت، یان زیاد یانیش کەم دەبێتەوە، هاوکات تەرکیزی کەم دەبێت و بیرکردنەوە و بۆچوونی نەرێنی لا دروست دەبێت، بەجۆرێك بەرامبەر بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووش ڕەشبین دەبێت، جگە لەوەی تاقەتی گرنگیدان بەخۆی نامێنێت و ناتوانێت ئەرکەکانی ڕۆژانەی ڕایی بکات، تەنانەت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پێ ناپارێزرێت و، حەزی جنسیشی کەم دەبێتەوە.

ئەو کەسە چ ژن بێت، چ پیاو، هەمیشە هەست بە شەکەتی و ماندوویەتی دەکات، ئەگەر هیچ کارێکیشی ئەنجام نەدابێت. کەسی خەمۆك هەمیشە گلەیی لە قەدەری خۆی دەکات و متمانە و باوەڕی بەخۆی و دەوروبەرەکەی نامێنێت و لە هەموو بوارەکانی ژیانکردنیش پاشەکشە دەکات، ئەو نەخۆشییە لە هەموو تەمەنێکدا هەیە، بەڵام لە منداڵاندا ڕێژەکەی زۆر کەمە، زیاتر لە تەمەنی سەرووی ١٨ بۆ ٧٠ ساڵی بوونی دەبێت.»

د. ئومێد قادر لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا دەڵێت: «نەخۆشیی خەمۆکی لای خانمان دوو تا سێ هێندەی پیاوانە»، سەبارەت بە ئەو هۆکارانەش کە وای کردووە ڕێژەی تووشبوون لەناو ئافرەتان زۆرتر بێت، گوتی: «زۆر بۆچوون باس کراون و هۆکارەکانی ڕوون و سەلمێندراو نین، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی تووشبوونی خانمان بەم ڕێژە زۆرە، ڕوودانی گۆڕانکارییە هۆرمۆنییەکانە کە بەهۆی سووڕی مانگانە و دووگیانی و منداڵبوون ڕوو دەدەن، لە هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە کراوە کە بە هۆی ئەوەی ئافرەتان توانای بایەلۆژی و جەستەییان بەراورد بە پیاوان کەمترە، بۆیە لەناو ئەوان ڕێژەی تووشبوون بە خەمۆکی زیاترە، هەندێك سەرچاوەی دیکە دەڵێن لەبەر ئەوەی هەمیشە شەرعیەت و ئەولەوییەت بە پیاو دراوە لە هەندێك کۆمەڵگەدا، بۆیە ئافرەتان تووشی خەمۆکی دەبن، لەکاتێکدا ڕێژەی تووشبوونی ئافرەتان بە خەمۆکی ڕێژەیەکی جیهانییە و لە سەرانسەری جیهاندا ئافرەتان دوو تا سێ هێندەی پیاوان تووشی خەمۆکی دەبن.»

**نەخۆشیی خەمۆکی، یەکێکە لە نەخۆشییە دەروونییەکانی سەردەم کە زۆر بەربڵاوە، ڕێژەکەی لە زۆربەی زۆری نەخۆشییەکانی دیکە زیاترە**

**یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی تووشبوونی خانمان بەم ڕێژە زۆرە، ڕوودانی گۆڕانکارییە هۆرمۆنییەکانە**

## کیفایەت عەلی:

# هیچ شتێک لەوە خۆشتر نییە خۆت سەرچاوەی بژێوی خۆت پەیدا بکەیت

**کیفایەت عەلی عەباس، خانمێکی دەسترەنگینی شاری هەولێرە، ئەو لە ساڵی ١٩٧٦ لە هەولێر لە دایکبووە و بە هۆی دۆخی کۆمەڵایەتی و باری قورسی ژیان لە قۆناغی ئامادەیی پیشەسازی دەستبەرداری خوێندن بووە، وەك خۆی باسی دەکات زیاتر لە شەش ساڵە لە ماڵەوە کاری هەویرکاری و شیرینی و چێشلێنان دەکات، لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەم جۆرە باسی ئەزموونی کارکردنی بۆ خوێنەران دەکات.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

کیفایەت عەلی عەباس کە بە «شێف کیفایەت» ناسراوە، بەمجۆرە باس لە وێستگەکانی تەمەنی و سەرەتای کارکردنی دەکات: «لە تەمەنی دوو ساڵی باوکم کۆچی دوایی کردووە، دوو جار لە سەردەستی رژێمی بەعس دەستبەسەر کراوم، جارێك گیراوم لەبەر ئەوەی باوکم کە پێشمەرگە بوو، لە ساڵی ١٩٧٦ تا ١٩٧٨، جارێکیتر لە ساڵی ١٩٨٨ لە سەر برام گیراوم کە پێشمەرگە بووە. هەر بە زگماکی یەك گورچیلەم هەبووە، هەر لە منداڵیشەوە حەزم بە چێشتخانە و چێشتلێنان بووە، تا پۆلی پێنجی بازرگانیم خوێندووە، بە هۆی ماڵ و منداڵ و ئەرکی زۆر لە خوێندن دابڕاوم. چوار منداڵم هەیە، دوو کچ و دوو کوڕ، لە ساڵی ٢٠١٥ دەستم بە کاری شێفی کردووە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە هاوکار و هاندەر و پاڵپشتت کێ بووە؟ دەڵێت: «هاوسەرەکەم زۆر هاوکار و هاندەرمە و هەر لە ماڵەوە خواردن ئامادە دەکەم بۆ خەڵك و تا ئێستاش بەردەوامم و ڕۆژ بە ڕۆژ کڕیارەکانم زیاتر دەبن، چونکە خواردنەکانی من فرێشن و لەسەر داواکاری کڕیارەکانم ئامادەی دەکەم، هەموو کەرستەکانمان خۆماڵی و تازەیە، هیچ جۆرە کەرستەیەکی ئامادەکراو و لە قوتووکراو بەکار ناهێنم، پێشتریش لە کاری شێفی ئەزموونم هەبووە، چونکە لە چێشتحانە کارم کردووە، هەروەها چەندین بەرنامەم سەبارەت بە چێشلێنان



ئامادە کردووە .»


لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا وەکو دایکێك چۆن توانیویەتی هاوسەنگیی لە کارەکانیدا بکات، گوتی: «شوکر بۆ خوای گەورە بەهۆی ئەوەی منداڵەکانم گەورە بوون، ئەرکیان کەمە، منیش بەرنامەڕێژیم کردووە بۆ کات و ژیانم، تا بتوانم مافی هەمووان بدەم و ڕازییان بکەم، لەبەر ئەوەی هاوسەریشم هاوکارمە بۆیە تا ڕاددەیەکی باش ئەرکم سووك بووە».


سەبارەت بە پڕۆژەی داهاتووشی لە کارەکەی دەڵێت: «بێگومان لە بەرنامەمدا هەیە، چێشخانەی خۆمم هەبێ، تا هەلی کار بۆ چەند کەسێك بەتایبەتی ئافرەتان بڕەخسێنم». گوتیشی: «سەرەتا حەز و خولیای خۆم بووە کاری چێشت و چێشتخانە، دواتریش هەوڵمدا لە ڕووی داراییەوە پشت بە خۆم ببەستم و ببمە هۆکارێك بۆ درێژکردنی دەستی هاوکاری بۆ ئەوانەی پێویستیانە.»

کە پەیامنێری گوڵان داوای پەیامی لێ کرد بۆ ئافرەتان، لە وەڵامدا گوتی: «لە ڕێی گۆڤارەکەتانەوە بەو خانمانە کە حەزی کارکردنیان هەیە و بوێری ئەوە ناکەن، پێیان دەڵێم: هیچ شتێك لەوە خۆشتر نییە خۆت سەرچاوەی بژێوی خۆت پەیدا بکەیت، تەنیا ئەوەندەتان پێویستە ویستی بڕیاردانتان هەبێت و نییەت بێنن، باوەڕبکەن خودا هاوکار و پشتیوانتان دەبێت.» گوتیشی: «من بە هۆی ئەو پیشەیەم هەلی کارم ڕەخساندووە بۆ چەند کەسێك، وەکو ئەوانەی دێن هاوکاریم دەکەن لە ئامادەکردنی خواردنەکان، هەروەها ئەو شوفێر تەکسییانەی کاری گەیاندنم بۆ دەکەن، بێگومان «الاقربون اولی بالمعروف»، ڕۆژانە ئەو خواردنەی دروستی دەکەم بۆ خەڵك، بەشی خۆشمان لە هەمان خواردن دروست دەکەم بە کەرەستەی خۆمان.»

کیفایەت عەلی وەك دواوتەی گوتی: «بە خوێنەران و هەوادارانم دەڵێم: ئاگاداری دەرفەت و هەلەکانی ژیانتان بن، مەهێڵن لە دەستتان بچێ، چونکە ڕەنگە دووبارە نەبێتەوە، بۆیە توانا و بەهرەکانتان بخەنە گەڕ و ببنە مایەی خێر و خۆشی بۆ خۆتان و دەوروبەرتان».








### شیرین کۆکار هونەرمەند و شاعیر:

# عاشقی رەنگ و وشەم

**هونەرمەند و شاعیر خاتوو شیرین محەمەد عەلی ناسراو بە (شیرین کۆکار) ساڵانێکە لە بە هونەری شێوەکاری و لە بواری شیعر نووسین سەرقاڵە خاوەنی چەندین پیشانگەی هاوبەش و تایبەتییە هەردەم سروشتی جوانی کوردستان بۆتە سەرچاوەی تابلۆکانی،حەزێکی زۆری بۆ هونەر هەیە. بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە کاروچالاکییەکانی بەچەند پرسیارێك بەسەرمان کردوە.**

**هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئەلیاس**



***پێمان باش بووسەرەتا لەرێگەی سیڤی هونەری زیاترخۆتان بەخوێنەرانمان ئاشنا بکەیت؟**

-من ناوم (شیرین محەمەد عەلی )یە نازناوم شیرین کۆکارە لەساڵی ١٩٧٠ لە شارۆچکەی پێنجوێن لە دایك بووم،پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایانم تەواو کردوە بەشی هونەر، وەکو کاری هاوبەش ساڵانە لەچالاکی قوتابخانەکان، بەپۆستەر و بڵاوکراوە بەشداری پیشەنگەی هاوبەشم کردوە لە هەموو چالاکییەکان ئامادەبوونم هەبووە،جیاوازی من لەگەڵ هونەرمەندانی شێوەکار،من تێکستی شیعری لەسەر تابلۆکانم دەنووسم.

*** هاوکاری وپاڵپشتی،بۆ هەموو کەسێك لە هەر بوارێك بێت پێویستە، ئەو کەس ولایانە کێن هاوکاری و پاڵپشتی بەرێزتان بوون؟**

- بەداخەوە هیچ کەس و لایەنێك هاوکارم نەبووە لە ئەنجامدانی سەرجەم چالاکییەکانم،هەمووی لەسەر







ئەرکی خۆم بووە،چونکە حەزوخولیایەکی زۆرم بۆ هونەری هەیە.

*** تائێستا خاوەنی چەند پیشانگەی تایبەتی و هاوبەشی؟**

- سەبارەت بە پیشانگەی هاوبەش، لەگەڵ هونەرمەندان بەشداری (١٠) پیشانگەی هاوبەشم کردووە، بەڵام لەسەر ئاستی چالاکی هونەری تاکەکەسی لەساڵی ٢٠١٤ دەستم بە کاری نیگارکردنی تابلۆکردن کردوە بەمەبەستی کردنەوەی پیشانگەی تایبەتی خۆم،هەر بۆ ئەم مەبەستت لە ڕێکەوتی ٧-٧-٢٠١٨ کە ڕۆژی لەدایك بوونمە یەکەمین پیشانگەی تایبەتی خۆم کردەوە،وە ٢٧-٩-٢٠١٩ دووەمین پیشانگەی تایبەتی خۆم کردەوە، و لە١٨-٨-٢٠١٨ لە شاری پێنجوێن بە ٢٢تابلۆ لە فیستیڤاڵی زانستی مفتی پێنجوێنی کرد، پێشانگایەکەم کردوە.

لەپیشانگای تایبەتی دووەمم لەژێر ناوی (شیعرو نیگار لە ئامێزی شیرین دابوو) لەسەر هەموو تابلۆکانم تێکستییان لەسەر بوو،سەرنجی زۆری لەبینەرانی بۆخۆی ڕاکێشابوو، چونکە زۆربەی تابلۆکان و تێکستەکان لەگەڵ یەکتری دەگونجان.

*** بەڕێزتان لەپاڵ هونەری نیگار کردن، شیعریش دەنووسن ئەگەری باسی ئەو بوارەش بکەیت؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت پێش ئەوەی دەست بە کاری هونەری بکەم، سەرەتای دەستپێکردنی نووسینم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٠ وە زۆربەی تێکستەکانم عاشقانەیە گوزارشت لەو ڕوداو و دابڕانانە دەکات کە بەسەر عاشقەکان دارووددەدات،هەر لەسەر ئەو بابەتەش زۆر کەس پرسیاری ئەوم لێدەکەن کە من عاشقم؟ لەوەڵاما دەڵێم، نەخێر عاشق نیم بەڵام من عاشقی ڕەنگەکانم عاشقی وشەکانم بەڵام من بۆعاشقەکان دەنووسم بۆ ئەو کەسانەی ناگەن بەیەك.

*** زیاتر لەکام قوتابخانەی شێوەکاری کار دەکەیت؟**

-من زیاتر لەسەر قوتابخانەکانی سروشتی و تەعبیری تابلۆکانم دەکەم.

***بەکام لە هونەرمەندانی کوردستان سەرسامی،یاخود کاریگەریان لەسەر تۆ هەیە؟**

- من حەزێکی زۆرم بۆ هونەر هەیە، هەموو هونەرەکانم خۆش دەوێت،بەشانۆ و موزیك و سینەما و شێوەکاری،خۆشبەختانە من خۆم لە شێوەکار دۆزییەوە لەهەمان کاتدا سەرسامیشم بە کاری هەموو هونەرمەندێك.

*** بابەتی تابلۆیەکانت لە چییەوە سەرچاوە دەگرن؟**

سەرچاوەی تابلۆکانم زۆرن،وەکو سروشت هەندێك جاریش تێکستی شیعرێکم کردوە بە تابلۆ جاریش وایە بیرکردنەوەی خۆتە یان ڕوداوێك دەبێتە سەرچاوەی تابلۆکانم.

*** ئاستی هونەری شێوەکار بەگشتی و ئاستی شێوەکارانی ئافرەت چۆن دەبینی؟**

- ئاستی هونەری شێوەکاری لەئاستێکی بەرزدایە،بەشانازیەوە ساڵانە چەندەها پیشانگەی تایبەتی و هاوبەشی دەکرێتەوە بۆ هونەرمەندان و ئافرەتی هونەرمەندی بەتوانامان هەیە، ئاستییان زۆر بەشە کارەکانیان مایەی ڕێزن.

*** پێتان وایە هونەرمەندی بەهرەمەند پێویستی بە خوێندنی ئەکادیمی هەبێت؟**

-هونەر سنووری نییە ئاکادیمی بێت، یان ئەکادیمی نەبێت چەندەها هونەرمەندمان لەبواری موزیك، شانۆ، شێوەکاری هەیەخاوەن ئاستێکی بەرزن لە هونەر وەکو قوتابخانەی هونەری وان،بێ ئەوەی دەرچووی ئەکادیمیا یان پەیمانگەی هونەری بن.

*** پرۆژەی نوێتان هەیە؟**

- لە ئێستادا خۆم ئامادە دەکەم بۆکردنەوەی پیشانگەی تایبەتی.

# ئەزموون خەڵاتی باشترین دیزاینی پۆستەری لە تورکیا بەدەست هێنا

پۆستەری فیلمی سینەمایی «ئەزموون» خەڵاتی باشترین دیزاینی پۆستەری لە چلەمین پێشانگای دیزاینی گرافیك لە «تورکیا» بەدەست هێنا، کە لەلایەن هونەرمەندی گرافیست «ئۆندێر سکیپ دۆندەر»Önder Sakıp Dündar دیزاینی بۆ کراوە.

پۆستەری فیلمی سینەمایی «ئەزموون» The Exam چوارەمین فیلمی بڵندی سینەماکاری کورد «شەوکەت ئەمین کورکی»یەو لە بەرهەمهێنانی «مەمەد ئەکتاش»ـە و بەرهەمی هاوبەشی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی ئەڵمانیا و قەتەرە، لە بەشی پێشبڕکێی چلەمین خولی پێشانگای دیزاینی گرافیك GMK لە وڵاتی «تورکیا» بەشداریی کرد و، خەڵاتی باشترین دیزاینی پۆستەری ئەم کارە هونەرییە بە هونەرمەندی گرافیست «ئۆندێر سکیپ دۆندەر» Önder Sakıp Dündar دیزاینەری ئەم پۆستەرە بەخشرا.

فیلمی سینەمایی «ئەزموون» بەرهەمی کومپانیای «میتوس فیلم»ی بەرلین و کومپانیای «مەستی فیلم»ی سلێمانی، کە بە پاڵپشتیی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەم هاتووە، لەلایەن کۆمپانیای نێودەوڵەتیی ئەڵمانی «ئارت هوود» ArtHood لە ئاستی جیهاندا بڵاو دەبێتەوە.




# ئەنجلینا جۆلی: بڕیاری جیابوونەوە لە براد پێت ئاسان نەبوو

لە دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی (The Guardian)خانمە ئەکتەر ئەنجلینا جۆلی دەڵێت، ئەو لەو کەسانەیە کە بە ئاسانی بڕیار نادات، بەتایبەتی ئەگەر بڕیارەکە چارەنووسساز بێت، بۆیە کاتێکی زۆری ویست، تا بڕیاری جیابوونەوەی لە براد پێت بدات.

ئەنجلینا لە بارەی جیابوونەوەی لە براد پێت ئاشکرای کرد، کە بڕیارەکە ئاسان نەبوو، زۆریش بە گرنگ وەریگرت، بۆیە دەڵێت: «زۆر بیرم کردەوە و کاتێکی زۆری ویست تا لە کۆتاییدا ئەو بڕیارە بدەم، چونکە من یەکێکم لەو کەسانەی زۆر بە زەحمەت بڕیار دەدەم، بەتایبەتی ئەگەر بڕیارەکە بۆ من چارەنووسساز بێت».

ئەنجلینای هونەرمەند و باڵیۆزی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران هەروەها دەڵێت: «زەحمەتە کە خۆم لە حاڵەتێکدا ببینمەوە لە براد جیابوومەتەوە، بۆیە زۆر سەرقاڵ بووم، تا لە کۆتاییدا گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە سەرەڕای ئەو چەند ساڵەی بەیەوەکە بەسەرمان برد، دەبێ من و براد جیاببینەوە، ئێمە گرفتەکانمان زۆر بوون، کە ناتوانم ئێستا هەموویان بدرکێنم».

لە کۆتایی دیمانەکەیدا ئەنجلینا دەڵێت: «من زۆر ئاگاداری تەندروستیی خۆمم و زۆریش گرنگی بە پاراستنی خێزانەکەم دەدەم، بەتایبەتی لە رووی دەروونییەوە، بەڵام پێویستە منداڵەکانیشم هەوڵ بدەن و کۆڵ نەدەن، هیوادارم بتوانین تەندروست بین و، هەمیشە وەك خێزانێك پێکەوە بین».

**سەرچاوە: الفن**





# سومەیە ئەلخەشاب: بەهۆی براندزەوە دەناڵێنین

لە تویتێکی سەرنجڕاکێشدا خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژی میسری سومەیە ئەلخەشاب نووسیویەتی: «ئێمە گرێیەکی دەروونیی گەورەمان هەیە، کە پێی دەڵێن گرێی (براندز)، کاتێك ئێمە شتێك دەکڕین، بۆ نموونە جلوبەرگ، کاتێ پێمان دەڵێین ئەو جلوبەرگەت پیرۆزە، لە بەرامبەردا لە جیاتی ئەوەی بڵێن سوپاس، یەکسەر دەڵێن ئەمە فلان براندە».

لە تویتێکی دیکەدا سومەیە بە رەسمی داوای مۆڵەت و تاقیکردنەوەی منداڵبوونی کردووە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت منداڵیان ببێت، لەم بارەوە دەڵێت: «من داوا دەکەم هەر کەسێك بیەوێ منداڵی ببێت، پێشتر بچێت تاقیکردنەوەیەك ئەنجام بدات و، تێیدا فێرە هونەری منداڵ بوون و بەخێوکردنی بکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا ئەمانە شیاوی ئەوەن رۆڵی دایك ببینن، یان دەتوانن نەوەیەکی درووست پێشکەش بە کۆمەڵگە بکەن؟».

سومەیا دەربارەی ئەوانەی لە تاقیکردنەوەکەدا دەرناچن دەڵێت: ئەوانەی کە ناتوانن لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوتوو بن، پێویستە چەند کۆرسێکی مەشق وەربگرن، تا ئەو کاتەی سەردەکەون و دەبنە کەسێکی شیاو، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا زوڵم لە منداڵەکانیان نەکەن.

**سەرچاوە: گولولی**

## هونەرمەند فارس باقێ فیراس بۆ گوڵان:

# سەرەڕای هەموو گۆڕانکارییەکان هونەری ڕەسەن بە زیندوویی دەمێنێتەوە



هونەرمەندی ڕۆژئاوای کوردستان فارس باقێ فراس بە یەکێك لە هونەرمەندە خاوەن ئەزموونەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەناسرێت، لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو گۆرانی گوتووە و، لە سەرەتای هەشتاکانیشدا یەکەم گۆرانیی تۆمار کرد، خۆی ئاواز بۆ گۆرانییەکانی دادەنێت، هەروەها لە بارەی ئاواز و تێکستەوە بەشێکی زۆری هونەرمەندانی کورد لە گشت پارچەکانی کوردستان سوودیان لە کارەکانی وەرگرتووە و هاوکاریی کردوون، ئەم هونەرمەندە ماوەی هەشت ساڵە لە باشووری کوردستان و لە شارۆچکەی زاخۆ نیشەجێیە و ژیان بەسەر دەبات، لە سەردانێکمان چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

**دیمانە: خەلیل بلەیی**

*** دەمانەوێت باس لە سەرەتاکی ژیانی هونەریت بکەین، لە کەیەوە دەستت بە گۆرانیگوتن کرد؟**

- لە ساڵانی حەفتاکان سەدەی ڕابردووەوە من خولیای هونەری موزیك و گۆرانیگوتنم هەبووە و بەردەوام بووم، لە ساڵی ١٩٨١ یەکەم گۆرانیی خۆم بە ناوی (دۆستێ تە کر سلاڤێ) بڵاوکردەوە، تا ئێستا (٣٦) کاسێتی گۆرانیم بڵاوکردووەتەوە، جگە لە گۆرانیگوتن، من ئامێرەکانی عود و بزقیش دەژەنم.

*** لەو ژمارە زۆرەی گۆرانی، گشت ئاوازەکانی هی خۆت بوون؟**

- بەڵێ گشتیان ئاوازی خۆم بووە، هەروەها من تا ئێستا ئاوازی خۆم پێشکەش بە دەیان هونەرمەند کردووە، نەك تەنیا لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵکو لە پارچەکانی دیکەش.

*** لەو سەردەمەی کە یەکەم گۆرانیت بڵاوکردەوە، لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە چۆن ئەم کارەتان ئەنجامدا؟**

- بێگومان کارێکی زۆر ئەستەم بوو و، دوای تۆمارکردنی شەشەم کاسێتم دوچاری ڕاوەدوونان و گرتنیش بوومەوە، چونکە گشت گۆرانییەکانی نەتەوەیی بوون، چوار جار لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردم بە بیانووی ئەوەی گۆرانییەکانی دژی نەتەوەی عەرەبن، بەتایبەتی یەکێك لە گۆرانییەکانی کە تێکستی سەیدا (تیرێژ) بوو، لە بەشێکی تێکستەکەدا هاتووە: رند و شەپال و نازیان ئیرو ددەست جەمبازیان ئیران و تورك و تازییان.

*** بۆچی ڕووتان لە هەرێمی کوردستان کرد؟**

- دوای ساڵی ١٩٩١ لە دڵەوە حەزم دەکرد سەردانی باکووری کوردستان بکەم، بەڵام ئەو دەرفەتەم بۆ نەدەڕەخسا، چونکە نەمدەتوانی بە ئاشکرا بچم، لە ساڵی ٢٠٠٧ هەرچۆنێك بێت بە قاچاغی چووم، بەڵام کە گەڕامەوە ئاشکرا بووم بۆیە سێ مانگ دەستگیر کرام، هەروەها هێمای (X) یان لەسەر پاسپۆرتەکەم دا، واتە گەشتکردنیان لێ قەدەغە کردم. دوای ڕووداوەکانی سوریا ئیتر بڕیارم دا بێمە باشووری کوردستان و ئێستا لە شارۆچکەی زاخۆ نیشتەجێم، بەڵام من زۆر حەز لە دەرکەوتن ناکەم، بۆیە جەماوەر زۆر ئاگاداری هەواڵ و چالاکییەکانم نین.

*** بە ڕای ئێوە لە کام پارچەی کوردستان هونەرمەندان زیاتر توانیویانە ڕەسەنایەتیی هونەری کوردی بپارێزن؟**

- لە گشت پارچەکانی کوردستان هەوڵی زۆر هەیە بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتیی هونەرەکەمان، بەڵام من پێموایە هونەرمەندانی ڕۆژئاوای کوردستان هەنگاوی زۆریان لەو ڕووەوە ناوە، بە هەمان شێوە لە باکووری کوردستانیش هەوڵی زۆر هەبووە، بەتایبەتی لە نوێکردنەوەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکاندا.





*** ئەی سەبارەت بە بوونی ئافرەتانی هونەرمەند لە ڕۆژئاوای کوردستان، چی دەڵێیت؟**

- سەرەڕای هەبوونی ئافرەت دەنگخۆش بەڵام جاران لە ترسی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان نەیاندەتوانی بە ئاشکرا گۆرانی بڵێن، دواتر بارودۆخەکە گۆڕا، بەتایبەتی لە ساڵانی ڕابردوو، بۆیە ئێستا دەبینین ژمارەیەکی زۆری ئافرەتان هاتوونەتە نێو بواری گۆرانی کوردی لە گشت پارچەکانی کوردستان و، بەشێکیان توانیویانە گۆرانیی ڕەسەن پێشکەش بکەن و پشت بە فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردییش ببەستن، ئەمەش هەنگاوێکی دڵخۆشکەرە.

*** هیچ گۆرانییەکت هەیە بە زمانی عەرەبی؟**

- ژمارەیەکی زۆر گۆرانیم ئامادەیە بە زمانی عەرەبی، بەڵام تۆمارم نەکردووە، هۆکاری تۆمار نەکردنەکەشم بۆ ئەوەیە کە نامەوێ کەسانێك ڕەخنەم لێ بگرن و بڵێن بۆچی بە زمانی عەرەبی گۆرانی دەڵێیت، لە کاتێکدا بە لای منەوە زۆر ئاساییە بە زمانی نەتەوەکانی دیکە گۆرانی بڵێم، من خۆیشم زۆر حەز لە گۆرانیی عەرەبی دەکەم، بەتایبەتی گۆرانییەکانی هونەرمەند فوئاد سالم.

*** ئاستی هونەری کوردی بە گشتی چۆن دەبینیت؟**

- بەداخەوە لە ئێستادا هونەر بە گشتی بەو شێوەیە نییە کە ئێمە ئارەزووی دەکەین، ئەمەش تەنیا بۆ ئێمە نییە، بەڵکو بۆ گشت نەتەوەکانی دەوروبەریشمان بە هەمان شێوەیە، دیارە ئەمەش هۆکاری جیاجیای هەیە، لەوانە ڕەنگە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و زۆربوونی کەناڵەکان و سۆشیال میدیا بێت، بەڵام هونەری ڕەسەن هەوادار و عاشقی خۆی هەر ماوە، بەڵگەشمان ئەوەیە کە ئێستا ئەو بەرهەمانەی بەر لە دەیان ساڵە پێشکەش کراون هەوادار و گوێگری خۆیان هەیە لە هەموو تەمەنەکان، هەروەها زۆر لە هونەرمەندە گەنجەکان بەشێکی زۆری گۆرانی و بەرهەمە کۆنەکان بە دەستکاری و نوێکارییەوە دووبارە دەکەنەوە، هەندێکیان تێیدا سەرکەوتوو بوون و هەندێکیشیان وەکو پێویست نەبوون.

دیە نزار:
یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی عێراق

# خەونی من ئەوەیە کە وەک یاریزانێکی کورد بگەم بە پاڵەوانێتیەکانی ئاسیا و جیهان

پارێزگای سلێمانی بەوە ناوی دەکردووە کە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بگرە عێراقیش، لە یارییەکانی گۆڕەپان ومەیدان و لە دروستکردنی چەندین یاریزانی بەتوانا پێشەنگ بووە، یانەی پێشمەرگەی سلێمانیش یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام هەوڵی پێگەیاندنی یاریزانان دەدات و، کێبرکێی سەرجەم یانەکانی عێراق دەکات، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش دیە نزارە، کە ماوەیەکە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، بەتایبەت لە یاریی بازی بەرزدا بەشدارە و، خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە، دیە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٣ی شاری سلێمانییە، لە نزیکەوە چەند پرسیاریکمان لێ کرد، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

فۆتۆ: ئیبراهیم یەشار



*** چۆن بوو هاتیتە نێو دونیای وەرزش؟**

- حەزێکی زۆرم بۆ وەرزش هەبوو، ئەم حەزم وای کرد بێمە نێو دونیای وەرزش و بە ژیانێکی دیکەی وەرزشی ئاشنابم.

*** بۆچی یاریی گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**

-یاریی گۆڕەپان و مەیدان چێژبەخشترین یارییە، لەخۆم دڵنیا بووم کە توانای ئەم یارییەم هەیە.

*** هەست ناکەیت یارییەکی قورست هەڵبژاردوە؟**

- بەڵێ، یارییەکی زۆر قورسە و زۆر ماندوو بوون و هەوڵی دەوێت، بەڵام چێژ لە ماندووبوون و سەرکەوتنەکان وەردەگرم.

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی گۆڕەپان ومەیدان چۆن دەبینی لەسەر ئاستی کوردستان؟**

-ئاستەکان تا رادەیەك پێویست و باشن، هەر چەندە بەپێی ئەوەی کە لە چاو یارییەکانی دیکە زۆر هاوکاری ناکرێن، بەڵام ئاستەکان بەرزن.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بچێتە قۆناغێکی باشتر؟**

- هاوکاریکردنی یاریزانان لە رووی دابینکردنی یاریگای باش و هاوکاریی ماددی و مەعنەوی، تا یاریزان بتوانێ پێداویستییەکانی رۆژانەی دابین بکات.

*** وەکو کچە وەرزشکارێکی پاڵەوان خەونی وەرزشیت چییە ؟**

- خەونی من ئەوەیە وەکو یاریزانێکی کورد بگەم بە پاڵەوانێتیی ئاسیا و جیهان و بەدەستهێنانی مەدالیایەکی جیهانی.

*** بۆچی یانەی پێشمەرگەی سلێمانیت هەڵبژاردوە؟**

- چونکە یانەیەکی باشە بۆ یاریی گۆڕەپان و مەیدان، تواناکانی خۆم لەم یانەیەدا دەدۆزمەوە.

*** وەکو یاریزانێك باشترین ئەنجامەکانت چین ؟**

- چەندین ئەنجامی بەرچاوم بەدەست هێناوە، بەتایبەتی لە بازی بەرز، توانیومە پلەی یەکەم لە سەر ئاستی عێراق بەدەست بهێنم، بەشداری لە پاڵەوانێتیی عەرەبی بکەم لە وڵاتی تونس و، ببمە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق.

*** پێش یاریی گۆڕەپان و مەیدان یاریزانی چ یارییەك بوویت؟**

- پێشتر یاریی تۆپی باسکەم دەکرد، بەڵام توانای من وەکو پێویست بۆ گۆڕەپان و مەیدان گونجاو بوو.

*** هیواو و ئاواتت لەم یارییە چییە؟**

- بەهیوای بەدەستهێنانی مەدالیایەکی زێڕم.

*** خوێندن رێگریی لە وەرزشکردنەکەت نەکردووە؟**

- خوێندن تۆزێك ماندوو بوون زیاد دەکات، بەڵام رێگر نییە لە وەرزشکردن.

*** ئایا بیرت لە جێهێشتنی یانەی پێشمەرگە نەکردۆتەوە؟**

- لە ئێستادا نەخێر.

*** خێزانەکات تاچەند پاڵپشتن بۆ وەرزشکردنت؟**

- خێزانەکەم هاوکار و پاڵپشتیی تەواوم دەکەن، هاوکاری بەردەوامن بۆ سەرخستنی خۆم و بەرزکردنەوەی توانا وەرزشییەکانم.

*** کێشەو گرفتان چییە لەم یارییە ؟**

- وەکو یانە هیچ کێشەیەکمان نییە و هاوکاریی باش دەکرێین.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاسی راهێنەرەکەم رەنجدەر قادر دەکەم، کە هاوکار و پاڵپشتی بەردەوامە و ماندبوونی زۆرمان لەگەڵ دەکێشێت، سوپاس بۆ گۆڤارە جوانەکەی گوڵان بۆ خزمەتی بەردەوامی یاریزانان لە گشت شارەکانی کوردستان.



# میسی باس لە جیاوازییەکانی بەرشلۆنە و پاریس دەکات

لیۆنێل مێسی یاریزانی یانەی پاریس سانت جێرمان لە دیمانەیەکی گۆڤاری فرانس فوتبۆڵ جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەرگیز بە تەنیا خۆی بە باشترین یاریزانی جیهان نازانێت، دەشڵێت: زۆر یاریزانی باشمان هەیە، کە لە ٢٠٢١ لەسەر ئاستی تاکە کەسی ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد وەکو کەریم بێنزێما و لیڤاندۆڤسکی و کریستیانۆ رۆناڵدۆ، بەڵام ئەگەر نازناوی بە کۆمەڵ بکرێتە پێوەر دڵخۆشم دەبم ئەگەر من ئەو خەڵاتە ببەمەوە.

لیۆنێل مێسی، کە ئێستا ناوی لە نێو لیستی ئەو ٣٠ یاریزانەدایە، کە بۆ بردنەوەی خەڵاتی باڵۆن دۆری ئەمساڵ بەربژێر کراون، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەست بە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان بەرشلۆنە و پاریس دەکات.

میسی دەڵێت: لە بەرشلۆنە من لە هەموو شتێکی ئەو یانەیە شارەزابووم، لەو یانەیە گەورە بووم، هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە رۆژێکدا بێت ئەو یانەیە جێبهێڵم.

میسی دەشڵێت: بەڵام ئێستا من لە پاریس هەست دەکەم ونبوومە، هەموو شتێك لێرە بۆ من جیاوازە، بەڵام هەوڵمداوە بەخێرایی خۆم بگونجێنم، زۆر پەرۆشم بۆ داهاتوو، هەستێکی خۆشم هەیە و تادێت زیاتر دەگونجێنم، نێیمار و دی ماریا و پارادیس رۆڵی گەورەیان بینی لە هاتنی من بۆ پاریس، بوونی ئەوان کارئاسانی بۆ من کرد، کە بەخێرایی خۆم بگونجێنم.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا، ئەستێرە ئەرژنتینیەکە جیاوازی لە نێوان MSN و MMN دەکات، لەمبارەیەوە دەڵێت: کاتێك من و سوارێز و نێیمار بەیەکەوە لە بەرشلۆنە یاریمان دەکرد، هەموومان گەنجتربووین لە ئێستا، سوارێز یاریزانێك بوو زیاتر حەزی دەکرد لە بۆکس بمێنێتەوە، بە پێچەوانەی ئێستا، تەنیا مباپێ گەنجە، ئەویش زیاتر حەز دەکات تۆپەکان لە باڵەکان بەخێرایی بۆ نێو بۆکس بگوازێتەوە و زیاتر حەز دەکات تۆپی لا بمێنێتەوە.

میسی گوتیشی: دڵخۆشم بە مانەوەی کلیان مباپێ لە پاریس، چونکە هەست دەکەم زیاتر لە ئامانجەکەمان نزیکمان دەکاتەوە، مباپێ بە ئیسپانی لەگەڵ من قسە دەکات، ئەمەش ئەرکی منی ئاسان کردووە و ئێستا زۆر بەباشی لەیەکتر تێدەگەین.





## سەرۆکی بەرازیل ڕێگەی پێنەدرا بچێتە یاریگە

جایر بۆلسۆنارۆ، سەرۆکی بەرازیل، ئاشکرایکرد کە یانەی سانتۆس نەیهێشتووە بۆ سەیرکردنی یارییەکی بچێتە نێو یاریگە.
سەرۆکی بەرازیل دووپاتیکردەوە، کە دەیویست ئامادەی بینینی یاری نێوان هەردوو یانەی سانتۆس و گریمیۆ لە خولی بەرازیل ببێت، بەڵام یانەی خاوەن یاریگە ڕێگەی نەدا ئەو بچێتە نێو یاریگە، سەرەڕای ئەوەی سەرۆکی وڵاتیشە.
لە دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئەم یارییە یەکەم یاریی یانەی سانتۆس بوو، کە بە ئامادەبوونی جەماوەر لەسەر یاریگەی خۆی ئەنجام بدات، بەڵام مەرجی چوونە ژوورەوەی هەر هاندەرێک ئەوەیە، کە ڤاکسینی دژە کۆرۆنای وەرگرتبێت، بۆیە کاتێک سەرۆک ویستی ئامادەی یارییەکە ببێت، داواکەی ڕەتکرایەوە، لەبەرئەوەی ڤاکسینی وەرنەگرتووە.
جایر بۆلسۆنارۆ، سەرۆکی بەرازیل، لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا، کە ماڵپەڕی مترۆبۆلیس بەتایبەت بڵاویکردووە، دەڵێت:ویستم ئامادەی یاریگەی سانتۆس ببم، سەیری یارییەکە بکەم و هانی ئەو یانەیە بدەم، بەڵام لەوە ئاگادارکرامەوە، کە دەبێت ڤاکسین وەربگرم ئینجا دەتوانم بچمە نێو یاریگە.
سەرۆکی بەرازیل، کە ئامادەنییە ڤاکسین وەربگرێت و بەئاشکرا هانی هاوڵاتیانی وڵاتەکەی دەدات وەرینەگرن، گوتیشی:نازانم بۆچی ڕێگەیان بە من نەدا بچمە نێو یاریگە، من پێشتر کۆرۆنام گرتووە و جەستەم پڕە لە دژەتەن.
هەندێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە بەرازیل باس لەوە دەکەن، کە هێشتا دیارنییە مەبەستی سەرۆک لەو قسانەی چییە؟ ئایا بەڕاستی دەیویست بچێت سەیری یارییەکە بکات، کە بەڕاستی هاندەری یانەی سانتۆسە، یان ویستوویەتی بەم ڕێگەیە سەرکۆنەی ئەوە بکات، کە بەرپرسانی ئەو یانەیە هێشتا سوورن لەسەر ئەوەی هەر هاندەرێک ڤاکسین وەرنەگرێت ڕێگەی پێنەدەن بچێتە نێو یاریگەی یانەکەیان.
گوتەبێژی تایبەت بە یانەی سانتۆس، دوای ئەو لێدوانەی جایر بۆلسۆنارۆی سەرۆکی بەرازیل، دووپاتیکردەوە کە هەموو هاندەرانی یانەکە پێویستە ڤاکسینی دژە کۆرۆنا وەربگرن، ئەگەرنا بۆیان نییە ئامادەی یارییەکانی بن لە یاریگەکەیدا.

## ڕیاڵ مەدرید چاوی لە ئەستێرەیەکی تۆتنهامە

دانیال لیڤی، سەرۆکی یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی ئامادەیە بۆ بەدەستهێنانی قازانجێکی زۆر سێرخیۆ ریگیلۆنی بەرگریکاری ئیسپانی جارێکی دیکە بە ریال مەدرید بفرۆشێتەوە، کە لەو یانەیەی کڕیوە.
سەرچاوەکانی نزیک لە یانەی ریال دووپاتیدەکەنەوە، کە ریال مەدرید لەسەر داوای کارلۆ ئەنچیلۆتی دەیەوێت گرێبەست لەگەڵ یاریزانەکە بکات و ئەو هەڵەیەی چاکبکاتەوە، کە ئەو یاریزانەی لەدەستداوە.
بەگوێرەی ئەو سەرچاوانە، ریال مەدرید پلانی داناوە لە مێرکاتۆی هاوینەی داهاتوودا گرێبەستێک پێشکەشی تۆتنهام بکات، بۆ ئەوەی دەستبەرداری ریگیلۆن ببێت و یاریزانەکە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سانتیاگۆ برنابیۆ.
ئەمە لە کاتێکدایە، کە ریگیلۆن نەیتوانیوە تواناکانی لەگەڵ یانەکەی باکووری لەندەن بسەلمێنێت و تاوەکو ئێستا تەنیا بەشداری لە ٤٥ یاری یانەکەدا کردووە، لە سەرجەم خول و پاڵەوانێتییەکاندا، بەڵام ئەنچیلۆتی دڵنیایە، کە سوود لە تواناکانی وەردەگرێت.
بەگوێرەی هەندێک لە راپۆرتە رۆژنامەکان، ریال مەدرید بۆ بەدەستهێنانەوەی ریگیلۆن دەتوانێت سوود لە مەرجێکی نێو گرێبەستی فرۆشتنی یاریزانەکە بە تۆتنهام وەربگرێت، کە بەهۆیەوە هەر کاتێک ریال مەدرید ویستی یاریزانەکە بگەڕێنێتەوە، دەتوانێت بە ٤٠ ملیۆن یۆرۆ بباتەوە ریزەکانی، بەڵام فلۆرێنتینۆ پێرێزی سەرۆکی یانەی ریال مەدرید هەوڵدەدات بڕی ئەو مەرجەی کەمبکاتەوە بۆ ٣٣ ملیۆن یۆرۆ.
ئەو سەرچاوانە باس لەوەش دەکەن، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە دانیال لیڤیی سەرۆکی تۆتنهام رازی نابێت بە کەمتر لە ٤٠ ملیۆن یۆرۆ دەستبەرداری ریگیلۆنی تەمەن ٢٤ ساڵان ببێت.





# یانەی ئاشتی تیپی کچانی دروست کرد

یانەی وەرزشیی ئاشتیی شاری سلێمانی بۆ یەکەم جار لە یانەکەیان فێرگەی تۆپی پێی کچان دادەمەزرێنن، بە ئامانجی پێگەیاندنی پۆلێك کچە یاریزانی بەتوانا لە سەر ئاستی کوردستان و شاری سلێمانی، تا لە داورۆژدا بەم کچە یاریزانانە کێبڕکێی ئەنجامی شایستە بکەن لەخولەکە، هێدخان محەممەد کە یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یاریی فوتساڵ، بووەتە راهێنەری فێرگەکە، لەم بارەشەوە هێدخان

# دهۆک لە خولی کوردستان جیاواز دەبێت

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆك ئەمساڵ بە شێوەیەکی باشتر و، بە ستافێکی راهێنەرانی کوڕی شارەکە دەستیان بە ئامادەکارییەکان کردووە، کارگێڕیی یانەی وەرزشیی دهۆك بۆ ئەم وەرزە پشتیان بە یاریزانانی کوردی شارەکە بەستووە، بۆ ئەوەی بتوانن ئاست و ئەنجامی باش لە سەر ئاستی کوردستان تۆمار بکەن، لەم بارەشەوە محەممەد عەلی ئەندامی راگەیاندنی یانەی وەرزشیی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ خولی کوردستان ماوەیەکە دەستمان بە ئامادەکاری کردووە، وەکو ستافی راهێنەرانیش (هەرمان ساڵح) راهێنەری تیپی خولی نایابی کوردستانە و، گوڕانکاری لە ستافی یاریزانانیدا کراوە و، تیپێکی نوێ لە یاریزانانی تازە دروست کراوە، کە پێنج یاریزانی وەرزی رابردوو و پێنج یاریزانی گەنجیان سەرخستووە، جگە لەوەش چەند یاریزانێکی کوردمان لە یانەکانی گارە و ئاکرێ و سێمێل هێناوەتە ریزی تیپەکەمان، بۆ ئەوەی ئەم وەرزە لە خولی کوردستان بەم یاریزانانە بتوانین ئاست و ئەنجامی باش پێشکەش بکەین»، محەممەد عەلی گوتیشی: «ئامانجی ئێمە لەم وەرزە لە خولی نایابی کوردستان ئەوەیە کە بتوانین بەشدارێکی بەهێز بین، هەر چەندە ئەم وەرزە بەدەستهێنانی نازناو بۆ تیپەکەی ئێمە زەحمەتە، بەڵام هەموو هەوڵێکی خۆمان دەدەین، بۆ ئەوەی بتوانین شانبەشانی یانەکانی دیکەی کوردستان ئاست و ئەنجامی باشمان لە خولی نایاب هەبێت، لە بارەی ئەرکی تیپەکەش لەم قۆناخە، ئەو ئەندامەی راگەیاندنی یانەی وەرزشیی دهۆك گوتیشی: « وەکو یانەی دهۆك ئەرکمان ئاسان نابێت، چونکە تیپێکی کوڕی شارەکەمان کۆ کردووەتەوە، بەڵام دەبێ باشترین بەشداریمان هەبێت لەم وەرزەدا، ئەگەر هەر گرفتێکمان هەبێت، دەبێت چارەسەری خێرای بۆ بدۆزینەوە و بتوانین گرفتەکانمان چارەسەر بکەین، ئەمساڵیش سەرجەم یاریزانەکانمان کوردن، بەم یاریزانە دەچینە نێو کێبڕکێکانی وەرزی نوێ خولەکەو، دەمانەوێت ئەمساڵ بەشدارێکی بەهێز بین لە سەرجەم یارییەکاندا، هەوڵێش بۆ هەموو ئەنجامێك دەدەین، خولی کوردستانیش ساڵانە خولێکی بەهێزە و لە نێوان یانەکانی بەشداربوودا رکابەری زۆری تێدایە.



محەممەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەیەکە لە سەر داوای یانەی ئاشتی ئەم تیپەم وەرگرتووە، ئێستا ئاسوودەم لەم تیپەدا، کە کۆمەڵێك یاریزانی شاری سلێمانیمان لەژێردەستە و مەشق و راهێنانیان پێ دەکەین، بۆ ئەوەی تیپێکی تۆکمەیان لێ دروست بکەین، پێشتر من کە یاریزان بووم ئێستا دەمەوێ لە پاڵ یاریزانیدا راهێنەرایەتیش تاقی بکەمەوە، وەکو ئەزموونی ژیانی وەرزشییم، بۆمنیش کاتێکی خۆشە هەم وەکو یاریزان هەم وەکو راهێنەریش خزمەتی وەرزشی شارەکەی خۆم بکەم»، هێدخان محەممەد گوتیشی: «ئێستا ئەم تیپە فێرگەیە، ئەگەر ئەم کچە یاریزانانە ئاستیان پێش بکەوێت، ئەوە بڕیار لە بەشداریکردنیش لە خولەکانی کوردستان دەدرێت، ئامانج لە کردنەوەی ئەم تیپەش دروستکردنی بناغەیەکی بەهێزە لە یاریی تۆپی پێی کچان بۆ شاری سلێمانی، ئەوەی لەسەر منیش بێت وەکو راهێنەر، ئەوەی لەتوانام بێت بۆ خزمەتکردنی ئەم یاریزانە و دروستکردنیان بۆ داهاتووی شارەکەمان، درێغی ناکەم و تواناکانی خۆم سەرف دەکەم لە پێناو سەرخستنی وەرزشی شارەکەمان، یانەی ئاشتیش هاوکاری تەواوە بۆ ئەوەی بتوانین تیپەکەمان لە هەموو روویەکەوە ئامادە بێت بۆ هەر خول و پاڵەوانێتییەك و، کچەیاریزانی زیاتریش بهێنینە تیپەکە، بۆ ئەوەی بتوانین لە رێگەی وەرزشەوە خزمەتی ئەم کچە وەرزشکارانەی شارەکەمان بکەین.




# راهێنەرێک لە پێناو یاریزاناندا وازی هێنا

مامۆستا عەباس فەرەج یەکێکە لە راهێنەرەکانی کوردستان لە یاریی فوتساڵ، کە خاوەنی نازناوی خولەکەیە، ئێستاش بڕیاری وازهێنانی داوە لە مەشقدانەوەی یانەی سیروان، چەندین یانەش لەسەر هێڵن بۆ ئەوەی رازیی بکەن بە گەڕانەوەی بۆ کاری راهێنەرایەتی و، دووبارە رکابەریکردن لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامە باشەکان، لەم بارەشەوە مامۆستا عەباس فەرەج راهێنەری پێشووی تیپی فوتساڵی سیروانی نوێ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ ئەوەی مافی کچەکانم نەخورێت و داکۆکیکاری مافی یاریزانەکانم بم، واز هێنانم لە یانەکە راگەیاندووە، لە هەر شوێنێك بم ئەوەم کردووە بۆ ئەوەی یاریزانەکانم ئیمتیازیاتی دارایی خۆیان وەربگرن و جیاوازی نەکرێن، لە هەمەموو شوێنێك بۆ ئەنجامی باش یاریم کردووە و، یاریزانەکانی ئێمە هیچیان لە یاریزانی دیکە کەمتر نییە، بۆیە ئەو بڕیارەشم دا، بۆ ئەوەی چیتر زوڵم لەم کچە یاریزانانە نەکرێت، راهێنەری پێشووی تیپی فوتساڵی سیروانی نوێ گوتیشی: «ئێستا پلانی من ئەوەیە کە ئەم وەرزە ئەو کچانە لەگەڵ یانەی دیکە یاری بکەن و بتوانم مافیان وەربگرم، لە سنووری سلێمانییش یانە هەیە کە گرێبەستی باشیان پێشکەش دەکەن بۆ یاریکردن، بۆیە خۆشم چاودێریی کچە یاریزانەکان دەکەم، بەڵام بۆ خۆم رەنگە پشوو بدەم، وەکو راهێنەر بۆ پاڵەوانێتی دەرەوەی هەرێم رەنگە لەگەڵ یانەیەك کاربکەم و، بۆ خولی کوردستانیش کچەکانم بچنە یانەی دیکە بە مافی شایستە داراییەکانی خۆیان، چەند ساڵە مافی تەواویان وەرنەگرتووە، دەمەوێت چیتر ئەو زوڵمە لە کچەکان نەکرێت، مامۆستا عەباس گوتیشی: «کچە یاریزانەکانی ئێمە لە هەر شوێنێك بووبن ئاست و ئەنجامیان هەبووە، چەندین یانەش هەیە داوای یاریکردنیان لێمان کردووە، بەڵام خۆم پشوو دەدەم تەنیا بۆ کچەکانم چاودێر دەبم، تا بە گرێبەستی باش بچنە یانەی دیکە و، لە ناو سلێمانی و لە دەرەوەی سلێمانییش گرێبەستی باشیان بۆ هاتووە، بەڵام ئەوان چاوەڕوانی بڕیاری من دەکەن، ئەوکات بڕیاری کۆتایی دەدەن.

# تا کۆڤید١٩ زیاتر بمێنێت مەترسیدارتر دەبێت



بە گوێرەی راپۆرتە پزیشکییەکان پێشبینی دەکرێت کە جۆری گۆڕاوی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا پەیداببن، کە لە جۆرە گۆڕاوە ناسراوەکانی ئێستا دژوارتر بن، هەروەها پسپۆڕانی تەندروستی لە نەخۆشخانەی هەنتینگتۆن Huntington لە نیویۆرك ئاماژەیان بەمە کردووە، کە ئەگەر لە ئایندەدا جۆری گۆڕاوی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا پەیدابین، ئەوا لەوانەیە کە ئەم ڤاکسینەی ئێستا کاریگەریی ئەوتۆی بەرانبەریان نەبێت، ئاماژە بەمەش کراوە کە تا ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ ماوەیەکی زۆرتر بسووڕێتەوە، ئەوا ئەگەریی پەیدابوونی جۆری گۆڕاوی نوێتر زیاتر دەبێت، کە نازانرێت ئەوکاتە ڤاکسینەکانی کۆڤید کە ئێستا بەردەستن، رێگا لە بڵاوبوونەوەیان دەگرن یان نا، بەڵام ئێستا بە کوتانی زۆرترین ژمارەی خەڵك، دەتوانرێت کە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تا رادیەکی زۆر باش رابگیرێت، بە مەرجێك هاوکات بێت لەگەڵ پەیڕەوکردنی بەستنی ماسك لە شوێنە قەرەباڵغ و داخراوەکان و پابەندبوون بە دووریی کۆمەڵایەتییەوە. ئەو کەسانەی کە ڤاکسینیان وەرنەگرتووە، یان نایانەوێت ڤاکسین وەربگرن، ئەوا لەکاتی تووشبوونیان بە کۆڤید١٩ دەبنە گەورەترین سەرچاوە بۆ گواستنەوەی ڤایرۆس بۆ کەسانی دیکە، چونکە زیاتر لە کەسانی کوتراو، هاوکات لەگەڵ نیشانەی توند و مەترسیداردا ئەگەری تووشبوونیان لێ دەکرێت.



# چەند نیشانەیەکی شاراوەی کۆڤید١٩

جگە لە نیشانە باو و زانراوەکانی کۆڤید١٩ وەکو بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، کۆکە، پژمین، سەرئێشە، لەرز، زوو ماندووبوون، ئازاری گشتی، هەروەها گرفت لە هەناسەدا، گەلێك جار نیشانەی دیکە هاوکات دەبن کە زۆر باو نین، بۆنموونە سکچوون، یان رشانەوە کە لەوانەیەهاوکات بن لەگەڵ ئازارێکی سووك، یان نارەحەتیی سك، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن کە لە نزیکەی ٨٠٪ ی حاڵەتەکاندا بەدی دەکرێت، کە مەرج نییە هاوکات بێت لەگەڵ نەمانی هەستی بۆنکردن و چێژکردندا، شێوان Confusion و کەوتن بەتایبەتی لە تووشبووە بەساڵاچووەکاندا، هەروەها پەیدابوونی پەڵەی سوور لەسەر پێست کە زۆر لە پەڵەکانی Rash میکۆتە Chicken pox دەچن، بەتایبەتی لەسەر پێستی قاچ و پێیەکاندا، کە تا ئێستا چۆنییەتی روودانی ئەم پەڵانە بە تەواوی روون نییە، پێدەچێت کاردانەوەی زێدەی سستمی بەرگریی لەش بەرانبەر بە ڤایرۆسی کۆرۆنا هۆکار بێت، گەلێك جاریش تووشبوو بە تەواوی بێ نیشانەیە و، لە هەمان کاتیشدا ڤایرۆس بۆ کەسانی دیکە دەگوازێتەوە.

# زیادبوونی ئارەزووی خواردن پاش چاکبوونەوە لە کۆڤید١٩

تا ئێستا باس لە ئاڵۆزییەکان لە دڵ، یان هەستکردن بە ماندووبوون، یان گرفت و نەخۆشیی درێژخایەن لە کۆئەندامی هەناسە دە،کرا کە لەپاش چاکبوونەوە لە کۆڤید١٩ لە هەندێك کەسدا بەدی دەکران، بەڵام ئێستا نێوەندە تەندروستییەکان ئاماژەیان بەمە کردووە، کە زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی یەکێکە لە دەرەنجامە نوێیەکانی پاش چاکبوونەوە لە کۆڤید١٩، پسپۆڕانی تەندروستی ئەمەیان روونکردۆتەوە کە پاش چاکبوونەوە لە کۆڤید١٩ ئارەزووی خواردن زیاد دەبێت، بەتایبەتی بەرانبەر بە خۆراکی خێرا و ئەو خۆراکانەی کە وزەی زۆر لەخۆ دەگرن Junk food بە بەها و کوالیتی خۆراکیی نزمەوە، بەمەش و هاوکات لەگەڵ کەمیی ئەنجامدانی جووڵە و مەشقی فیزیکیدا کێشی لەش زیاد دەکات، کە لەوانەیە بگاتە زیاتر لە ١٠ کیلۆگرام لە ماوەی چەند مانگێکدا. گەلێك کەس پاش چاکبوونەوە لە کۆڤید١٩، بەمەبەستی بەهێزکردنی سستمی بەرگریی لەشیان پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی یارمەتیدەری خۆراکی Sup-plements و ڤیتامینەکان، لەگەڵ خواردنی بڕی زیاتر لە خۆراکی چەور و پرۆتینی و تەنانەت خۆراکی کاربۆهیدراتیش، ئەمەش هۆکارە بۆ زیادبوونی ئارەزووی خواردن و زیادبوونی کێشی لەش، کە لەوانەیە لە هەندێك حاڵەتدا لەماوەی تەنیا یەك مانگدا بگاتە نزیکەی ٨ کیلۆگرام.





## ئایا ڤاکسینی کۆڤید کاری

لە گەلێك راپۆرتی پزیشکیدا هاتووە کە ئەگەری تووشبوون بە هەوکردنی ماسوولکەی دڵ Myocarditis و پەردەی دەوری دڵ Pericardi-tis وەکو زیانی لابەلا پاش وەرگرتنی ئەو جۆرەی ڤاکسینی کۆڤید، کە لە بەرهەمهێنانیدا پشت بە تەکنیکی mRNA دەبەستێت، لە زیادبووندایە، بەتایبەتی لە کوڕان لە تەمەنی نەوجەوانی و گەنجیدا. سەنتەری ئەمریکی بۆ خۆپارستن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان CDC، ئەمەی روون کردۆتەوە کە ئەو حاڵەتانەی هەوکردنی ماسوولکەی دڵ و پەردەی دەوری ماسوولکەی دڵ کە پەیوەستن بە ڤاکسینی کۆڤید، لەو جۆرەی کە پشت بە تەکنیکی mRNA دەبەستن وەکو

## دەرمانی مۆلنوپیراڤیر بۆ چارەسەرکردنی کۆڤید١٩

تاقیکرنەوەکانی قۆناغی سێیەم سەبارەت بە درەمان بۆ چارەسەرکردنی کۆڤید١٩ گەیشتوونەتە دۆزینەوەی دەرمانێك بە ناوی مۆلنوپیراڤیر Mol-nupiravir، کە بە شێوەی کەپسوول لە لایەن کۆمپانیای دەرمانیی مێرك Merck ی ئەمریکییەوە بەرهەم هێنراوە، کەپسوولی مۆلنوپیراڤیر بەرانبەر بە هەموو جۆرە گۆڕاوەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و، هاوکات لەگەڵ کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی مردن و خەواندن لە نەخۆشخانە و بەشەکانی چاودێریی چڕدا زۆر کاریگەرە، میکانیزمی کارکردنی ئەم دەرمانە بریتییە لەوەی کە دەبێتە ئەگەری روودانی هەڵە لە کۆدی جینی ڤایرۆسی کۆرۆنادا، بەمەش لە توانای گەشە و دابەشبوونی ڤایرۆس بە توندی کەم دەکاتەوە.

کۆمپانیای دەرمانیی مێرك روونی کردۆتەوە، کە هیواخوازە بە زووترین کات دەرمانەکە بکەوێتە بازاڕەوە و ببێتە یەکەم درەمانی دژ بە کۆڤید١٩، کە بە شێوەی دەنك، یان کەپسوول لەرێگەی دەمەوە بەکار بێت. چارەسەرکردنی کۆڤید١٩ لە رێگەی بەکارهێنانی دەنکۆڵە (حەب) بە رێگای دەم، ئاسانترە لەو چارەسەرەی ئێستا کە بریتییە لە دەرمانی رێمدێسیڤیر Remdesivir و دیکسامیتازۆن Dexa-methasone کە تەنیا بە شێوەی دەرزی بەکار دێن، کاتێك تووشبوو لە نەخۆشخانەدا دەخەوێندرێت و چارەسەردەکرێت، بەکارهێنانی کەپسولی مۆلنوپیراڤیر بەگشتی سەلامەتە و زیانی لابەلای کەمی هەیە، بەڵام لە ئێستادا نرخەکەی تا رادەیەك گرانە.


## ـــــــگەری دەکاتە سەر دڵ؟

ڤاکسینی پفایزەر و مۆدێرنا، زیاتر لەماوەی چەند ڕۆژێکی پاش وەرگرتنی ژەمی دووەمی ڤاکسین ڕوو دەدەن، هەروەها زۆربەی حاڵەتەکان بەرەو باشبوون و چاکبوونەوە دەچن پاش حەسانەوە و وەرگرتنی دەرمانی تایبەت، بەگشتی نیشانەکانی هەوکردنی ماسوولکەی دڵ و هەوکردنی پەردەی دەوری دڵ بریتین لە: سینگ ئێشە، هەناسەتەنگی، لەگەڵ هەستکردن بە زیادبوونی لێدانەکانی دڵ، یان دڵەکوتێ، بۆیە ڕێنمایی دەکرێت کە ئەگەر هەر کەسێك لەماوەی هەفتەیەکی پاش وەرگرتنی ڤاکسینی کۆرۆنادا هەستی بەم نیشانانە کرد، ئەوا پێویستە خێرا سەردانی دکتۆر بکات.

# چی دەزانیت سەبارەت بە جۆری گۆڕاوی C.1.2 ڤایرۆسی کۆرۆنا؟

جۆری گۆڕاوی C.1.2 ی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ یەکەمجار لە باشووری ئەفریقا پەیدابوو، پاشان چەند وڵاتێکی دیکەی گرتەوە، ئەم جۆرەی کۆڤید هەمان ئەو گۆڕانانە لەخۆ دەگرێت کە لە جۆرەکانی ئەلفا، بیتا، دێلتا لەگەڵ جۆری گامادا بەدی دەکرێن. ئەم گۆڕانانە وایان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کردووە کە خێراتر بڵاوبێتەوە و، زیاتر بەرگەی سستمی بەرگریی لەش بگرێت. ئەم جۆرە گۆڕاوە، گۆڕان لە نوکە پرۆتینەکانی Spike protein ڤایرۆسی کۆرۆنا لەخۆ دەگرێت، کە بنەمای زۆربەی گۆڕاوەکانی دیکەیە. گۆڕانەکان لەم جۆرەی C.1.2 دا توانای بەرگەگرتنی ئەو بەرگرییەی لەشیان هەیە کە لە ئەنجامی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤیدەوە پەیدادەبێت، ئەمەش وای لێ دەکات کە وەکو جۆری گۆڕاوی دێلتای ڤایرۆسی کۆرۆنا توانای بڵاوبوونەوەی زیاتر و خێراتری هەبێت. هەندێك سەرچاوەی پزیشکی باس لەوە دەکەن کە ئەم جۆرە گۆڕاوە نوێیەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری سەرهەڵدانی شەپۆلێکی نوێی سەختی پەتای کۆڤید١٩ لە ئایندەدا، هەروەها لە لێکۆڵینەوەیەکدا هاتووە کە ئەم جۆرەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەر ساڵێکدا توانای دروستکردنی ٤١,٨ گۆڕانی هەیە، نیشانەکانی پەیوەست بە تووشبوون بەم جۆرە گۆڕاوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بریتین لە: زیادبوونی دەردراوەکانی لووت، کۆکەی بەردەوام، ئازاری توندی قوڕگ، ئازاری گشتیی لەش، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، نەمانی هەستی بۆن و چێژ، سووربوونەوەی چاوەکان، سکچوون، گرژبوون و ئازاری ماسوولکەکان.





# تیڤی و تەبلێت و کۆمپیوتەر لەیەک ئامێردا



ئامێری دیجیتالی PiPO mini pc ئامێرێکی نوێن لە جیهانی دیجیتالیدا. بە بەراورد بە کۆمپیوتەر و لاپتۆپ ئامێرێکی بچووکن، بەڵام ئەرکی ئەوانیش ئەنجام دەدەن و لەگەڵ ئەوەشدا دەبنە تەبلێت و وەك تیڤیش سوودی لێدەبینرێ.

تەبلێتەکانی mini pc بەرهەمێکی نوێن لە جیهانی دیجیتالیدا. ئامێرێکی چەند کارەن و بۆکسێکی زیرەکن، کۆمپیوتەر و تەبلێت و تیڤین لەیەك بۆکسدا.

تەبلێت کۆمپیوتەری جۆری Pipo X15 یەکێکە لە بەرهەمەکانی کۆمپانیای pipo، ئامێرێکی هەمە کارەیە، شاشەکەی نزیکەی ١٢ ئینجە. لە تەلەڤزیۆن پەیوەند دەدرێ هەر خۆشی دەبێتە تەلەڤزیۆن. یەکەی وەگەڕخەری intel ocre i3یە. شاشەکەی فول ئیچ دییە. خێرایەیکەی ٢ گیگاهێرتزە. رامەکەی ٨ گیگابایتە و داتاگەکەی لە جۆری SSDیە و ١٨٠ گیگایە. سیستەمی ویندۆز١٠ دەخوێنێتەوە.

# کامێرایەکی بچووک و کاراییەکی زۆر



ئەمە وێنەی کامێرای جۆری MD21 HDیە. کامێرایەکە بچووکتر لە گوێزێك، بەقەد ئەنگوستیلەیەك دەبێت. ئەم کامێرا بچووکە کارایەکی زۆری هەیە. کوالیتی فیلم هەڵگرتنەوەی full HDیە. ئەکشنە واتە ئەوکاتەی دیمەنەکانیش دەجولێن وەك وەرزش یان راکردنی و جوڵەی خێرای دیمەکانیش فیلم هەڵدەگرێتەوە. لە تاریکیشدا کێشەی نییە و بەروونی فیلم و وێنە دەگرێت. فۆرماتی ڤیدیۆی AVIیە. فۆرماتی وێنەش JPGیە. هەتا کاتژمێر و نیوێك بێ راوەستان کارکردن شەحنی دانابەزێت. میمۆری ٣٢ گیگابایتی بۆ دادەنرێت. قەوارەکەی ٢٥ لە ٢٥ ملمدایە. کێشی کامێرا تەنیا ٢٠ گرامە، واتە بچووکتر لە گوێزێك.



# چاویلکەی کۆمپیوتەر

ڕەنگە زۆرتان لەبارەی چاویلکەی زیرەکەوە بیستبێ و یان لە نزیکەوە تاقیتانکردبێتەوە. دەستپێکی بەرهەمهێنانی چاویلکەی زیرەك لەلایەن گوگلەوە بوو، چاویلکە زیرەکەکەشی هەر بەناوی خۆی خستە بازاڕ. بەدوای ئەوە گەلێك کۆمپانیا هەوڵیاندا چاویلکەی زیرەك و بەتایبەتمەند و توانایی جۆراوجۆرەوە بەرهەم بێنن.

چاویلکەی جۆری Recon Jet یەکێکە لەو چاویلکە زیرەکانە، لە ڕاستیدا کۆمپیوتەرەکە و لە چاو دەکرێ. چاویلکەکە زۆرتر بۆ ئەو کەسانە بەرهەمهاتووە کە وەرزش دەکەن. کۆمپیوتەری سەرەکی بە چاویلکەکەوە بەستراوەتەوە. ئەوەش نابێتە هۆی ئەوەی بەکارهێنەر کاتی سوود وەرگرتن لە شاشەکان هەمیشە ڕووی لە هەوا بکا و کێشەی لە ڕێگا ڕۆیشتن بۆ دروست بێ.

چاویلەکە لە کۆمپیوتەرێکی بەهێز، کە یەکەی ناوەندی دوو ناوەکییە، هەروەها شاشەیەکی لەمسی، لە پەنای ئەویشدا کامێرایەکی HD و شاشەیەکی کوالیتی بەرز، بەرهەم هاتووە.

لە سیستەمی بلوتوس و وای-فای بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ مۆبایل سوود وەردەگرێ. بۆ بواری وەرزشی هەستەوەری ژیرۆسکۆپ، خێرایی پێو، بەرزی پێو و گەرمی پێوی تێدایە. کێشی چاویلکەکە تەنیا ٦٠ گرامە.



# فلاش میمۆری پەنجەمۆر

هەڵگرتنی داتا و زانیارییە شەخسییەکان گرنگی خۆی هەیە، ئەگەر داتاکانت خستنە سەر فلاش میمۆرییەك پاشان بزربوو یان دزرا، بۆ ئەوەی زانیارییەکان نەکەونە دەست کەسانی تر، پێویستە لەپێشدا بە پرۆگرامێکی تایبەت بە قفڵکردن و پاراستنی داتا، فلاش میمۆرییەکەت قفڵ دابێ، هەرچەندە ئەویش بەهۆی پرۆگرامی تایبەتەوە ڕەنگە بکرێنەوە. ئەو فلاش میمۆرییانەی بە پەنجەمۆری بەکارهێنەر دەکرێنەوە گونجاوترین و جێی متمانەترین ئامێرن. فلاش میمۆری جۆری DM PD062 زۆر جێگای متمانەن.

ئەو جۆرە فلاش میمۆرییانە بەهۆی پرۆگرامی تایبەتەوە پەنجەمۆری بەکارهێنەرەکەی بۆ دادەنرێ، هەروەها لەناو خودی فلاش میمۆرییەکەشدا دوو بەشی دەبێت، بەشێکیان گشتییە و بەشێکیان شاراوە، ئەو بەشەی کە شاراوەیە تەنیا بە پەنجەمۆر دەکرێتەوە. خێرایی ڕاگواستن لەو فلاش میمۆرییەدا زۆرە و لە جۆری USB3یە. لەگەڵ گشت سیستەمەکانی ماك و ئەندرۆید و ویندۆز دەگونجێت.




# رۆبۆتی ئەلیکیو بۆ چاودێری بەساڵاچووان

خۆشی و ناخۆشی سەیری کەسەکە بکا. رۆبۆتەکە هەرچەندە بە جێناوی مێ (she) بانگ دەکرێ. هاوبەشێکی کۆمەڵایەتییە. وەڵامی پەیوەندییەکان دەداتەوە، ئیمێلەکان دەخوێنێتەوە، گۆرانی و مۆسیقا بڵاودەکاتەوە. کاتەکانی دەرمانخواردن وەبیر بەکارهێنەرەکەی دەخاتەوە. لەکاتی پێویستدا بانگی تاکسی دەکات. بەساڵاچووان دەتوانن یاری لەگەڵ بکەن و ئەویش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ بکاتەوە. یان کتێبی دەنگیان بۆ بخوێنێتەوە. ئەگەر بەکارهێنەرەکەی ماوەیەك چالاکی جەستەیی نەبێت ئاگاداری دەکاتەوە کە هەستێت پیاسەیەك بکات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن دەکرێت لە پرۆگرامی word دا دەقێك کۆپی بکەم کە پڕ بێ لە وێنە بۆ نموونە کتێبێك، بەڵام من تەنیا دەقەکە کۆپی بکەم و وێنەکان کۆپی نەبن؟**

خوێنەری بەڕێز لە پرۆگرامی word دا ئەوە بە ئاسانی دەکرێت. کاتێك فایلێك دەکەیەوە بۆ نموونە کتێبێکە وێنەی زۆری تێدایە و تۆش مەبەستتە تەنیا وێنەکان دەقەکە کۆپی بکەی و وێنەکان لەگەڵی کۆپی نەبن، یان پێچەوانە. ئەوە لەسەرەتادا فایلەکە بکەوە، و هەموو فایلەکە بە وێنەکانەوە هەڵیبژێرە و کۆپی بکە. پاشان لە بەشی Home دا بچۆ بۆ سەر بەشی Paste و لەوێدا تیرێکی ڕەشی بچووك دەبینی، کلیکی لەسەر بکە دواتر سێ ئایکۆن دەردەکەون. یەکەمیان تایبەتە بە لکاندنی هەموو بابەتەکە بە وێنە و دەقەوە، دووهەمیان تەنیا وێنەکان دەلکێنێ و سێهەمیان، ئەوەی پیتی A لێدراوە، تەنیا دەقەکە دەلکێنێ و وێنەکان دانابەزێنێ.

# تەختە سپی لەسەردەمی دیجیتاڵیدا

هەتا دوا قۆناغی ئەم سەدەیە ئەم بۆرد واتە تەختەی بۆ فێرکردن و فێرکاری لە قوتابخانەکاندا هەڵدەواسرا تەختەیەکی ڕەش بوو، هەربۆیە پێی دەگوترا تەختەڕەشە، بەڵام لە سەرەتای ئەم سەدەیە ئەم تەختەیە هەم پێکهاتەکەیەی و هەم ڕەنگەکەی گۆڕا بوو بە تەختەی سپی. لە سەردەمی دیجیتالیشدا ئەم تەختەیە بوو بە زیرەك و لە هەموو بوارێکەوە گۆڕدرا.. ئێستاکە دەیان جۆری تەختەی زیرەك هەن کە دەکرێ بڵێین ڕۆڵی مامۆستایەك دەبینن لە قوتابخانەدا.



تەختەی زیرەکی IQAio GR519 بەتایبەتمەندییەکانەوە جیاوازی زۆری هەیە، ئەم تەختەیە نە پێویستی بە پێنووسی تایبەتییە و نە بە ئامێرێك بۆ دەستنیشانکردن، بەڵکو فێرکار دەکرێت پەنجەکانی خۆی کۆنترۆڵی تەختەکە بکات.


بە پەنجەیەك دەتوانێ بنووسێ، بە دوو پەنجە دەتوانێ هەڵبژێرێ، بەری دەست دەتوانێ وەك پاککەرەوە بەکار بێنێ.

لە تەختە دیجیتاڵیەکەدا ١٨ دوگمە هەیە و زۆربەی ئەرکەکان بەو ١٨ دوگمەیە ئەنجام دەدەرێن. خودی تەختەکە کۆمپیوتەرێکی تەواوە و سیستەمی ویندۆز١٠ی لەسەرە. هێڵی ئینتەرنێتی لەسەرە و هەموو سیستەمەکانی پەیوەندی و لێکگرێدانی هەیە.

بەکارهێنەر بە پرۆگرامی IQ Interactive Education Platform گشت ئەرکەکان ڕادەپەڕێنی. سیستەمی دەنگی زۆر بەهێزە و ئەگەر مامۆستا بیەوێ لەسەر وانەیەك شیکاری بکا، دەتوانی ناوی وانەی مەبەست بڵێ و لە ئینتەرنێتەوە زانیاری زۆرتر لە بارەی وانەکەوە و سەرچاوەی گرنگ تایبەت بە وانەکە بۆ فێرخوازان دێتە سەر تەختە زیرەکەکە.

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردن و ڕاگرتنی کۆدە نهێنییەکان

کۆدی نهێنی کە (پاسۆرد)یشی پێدەگوترێ، ئەو کۆدانەن کە وەك کلیلی کردنەوە و چوونە ژووری دەرگای جیهانی دیجیتالی سەیر دەکرێت. بۆ کردنەوەی ئیمێلەکەت، کردنەوەی ئەکاونتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبوك و تویتەر و تۆڕی دیکە.. کردنەوەی هەژمارە بانکییەکان.. ئەوەی لە جیهانی مەجازیدا پێویستی بە داخستن و پاراستنە بە هۆی کۆدە نهێنییەکان ئەنجام دەدرێن. کۆدە نهێنییەکان دەکرێت پیت، ژمارە، کاراکتەر بن. هەندێك پرۆگرام هەن بەمەبەستی دانان و هەڵگرتنی کۆدە نهێنییەکان داندراون، یەکێك لەو پرۆگرامانە، Password Safeە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە هەم دەتوانی کۆدی نهێنی دروست بکەی، هەم دەتوانی هەڵیبگری بۆ ئەوەی کە لەبیریشت چووەوە گرفتێکت بۆ نەیەتە پێش. پرۆگرامەکە یارمەتی بەکارهێنەر دەدا تا کۆدە نهێنییەکان ڕێك بخا. پرۆگرامەکە بەسە بۆ ڕاگرتنی گشت کۆدە نهێنییەکان. هەرکاتێك مەبەستت بێ ئیمێلەکەت یا ئەکاونتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکەت بکەیەوە، پرۆگرامەکە ئۆتۆماتیکی پەسۆردەکەت بۆ دادەنێ.





## ماڵپەڕێکی گرنگ و سەرنج ڕاکێش!

ماڵپەڕی http://you.regettin-gold.com/ یەکێکە لە ماڵپەڕە سەرنج ڕاکێشەکان، لەم ماڵپەڕەدا، ئەگەر ڕۆژ و ساڵی لەدایك بوونت لەم ماڵپەڕەدا بنووسی، دواتر ماڵپەڕەکە زانیاری زۆر گرنگ و سەرنج ڕاکێشت پێدەدا، بەرلە هەموو شتێ پێت دەڵێ کە هەتا ئێستا چەند ساڵ و مانگ و ڕۆژ و کاتژمێر و خولەك و چرکە ژیاوی.. پاشان زانیاری سەبارەت بەو ڕۆژە لەمێژووی بەرلەدایکبوونت و دوای لە دایکبوونت پێدەدا، وەك لەم ڕۆژەدا چ ڕووداوێکی گرنگ لە جیهاندا ڕوویانداوە. هەروەها زانیاری لەبارەی ئەو کەسانەی کە ڕێك لەم ڕۆژەدا لەدایك بوونە. لانی کەم جارێك سەرێك لەو ماڵپەڕەدەن بۆ تاقیکردنەوە دەبێت.

# جێبەجێکردنی فەرمانەکان بەم کیبۆردە بسپێرە

تەختەی دوگمەکان (کیبۆرد) ئەو ئامێرەیە کە زۆربەی ئەو دوگمانەی بەکارهێنەر پێویستنی بۆ تایب کردن و جێبەجێکردنی فەرمانەکان لە کۆمپیوتەردا لەودا کۆکراونەتەوە، بەڵام کیبۆردی جۆری Razer Tartarus v2 جیاواز لە کیبۆردەکانی دیکەیە و تەنیا بۆ ئەنجامدانی فەرمانەکانە.

بەهۆی ئەو کیبۆردەوە کارئاسانییەکی زۆر دەکرێ، چونکە هەم کیبۆردە و هەم ماوسە و هەم تاچ پەدە. بەکارهێنەر دەتوانێ ئەو فەرمان و ئەرکانەی لە پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەردا ئەنجامیان بدا بە ئاسانی بەهۆی ئەم کیبۆردەوە جێبەجێ دەکرێ. لەسەرەتادا دەبێت فەرمانەکانی پێ بناسێنی و پاشان بەداگرتنی دوگمەی مەبەست ئەرکەکان جێبەجێ دەکات. بۆ نموونە ئەگەر نیازت هەبوو لە پرۆگرامی فۆتۆشۆپدا ئەرکی تایبەت بە دەستکاریکردنی وێنە ئەنجام بدەی، لەبری ئەوەی لە پرۆگرامەکەدا چەند هەنگاوێك ببڕی، لەو کیبۆردەدا تەنیا بە داگرتنی دوگمەیەك ئەو ئەرکە ئەنجام دەدەی. بۆ یارییە ئەلکترۆنییەکان زۆر گرنگە، دەتوانی ئەرکی کاراکتەری ناو یارییەکان بەو دوگمانە بسپێری. هەردوگمەیەك ئەرکێك ئەنجام بدا.

لەو کیبۆردەدا بەگشتی ٣٢ دوگمە هەیە، کە هەندێکیان کلیلن و هەندێکی تریان دوگمە. چەند دوگمەیەکیش بۆ سووڕاندن و جوڵاندن لەبری ماوس، هەرچەندە خۆی تۆچ پەدی تێدایە کە کاری ماوس دەکا. جگە لەو دوگمانە بە داگرتنی هایپەر شیف، دەکرێت هەر دوگمەیەك دوو ئەرکی پێ بسپێردرێ.





# سەربەندی پاییزانە


لە وەرزی پاییزدا کەشوهەوای کوردستان بەجۆرێکە کە بەیانیان هەوا ساردە و جار جاریش ڕەشەبا پەیدا دەبن، جگە لەوەی تۆز و خۆڵیش لەو ماوەیەدا سەر و قژ دەشێوێنێت، بۆیە دەبێ چارەسەرێك بۆ پاراستنی سەرو قژت بدۆزیتەوە، تا ئەو کرێمانەی لە قژتی دەدەیت، یان ماوەیەکی زۆرت پێچووە بۆ ئارایشتکردنی، تێك نەچێت، چارەسەر ئەوەیە سەر بەند و تەوقەی قوماشی قژ بەکار بهێنیت. سوودەکانی سەربەند بۆ پاراستنی قژە لە و تۆز و خۆڵ، هەروەها ئارایشتەکەشت تێك نادات، هاوکات مۆدێکی ئێکسسوارە بۆ ڕازاندنەوەی سەر و قژ، وەك خانمێك دەتوانیت ڕەنگی سەربەندەکانت لەگەڵ ڕەنگی جانتا و کراس و بەشێکی دیکەی جلەکانتدا هاوڕەنگ بکەیت، تا ستایلێکی ناسك بەدەست بهێنیت، سەربەندی قوماش نەرمە و هیچ زیانێکی بۆ قژ نییە، سەرەڕای ئەوەی دەتوانیت بە توندی، یان بە شلی لەسەر سەرتی ببەستیت، مارکەکانی دیۆر و پرادا، لە لوتکەدان بۆ بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە خشڵە، کە تایبەتە بە پاییز، هەوڵدە دوو سەربەندت هەبێت، بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێکیان پیس بوو، یان لەسەرت نەوەستا یەکێکی دیکە بەکار بهێنیت، هەروەها دەتوانیت لە یەك کاتدا دوو سەربەند لەسەر سەر و لە قژت بدەیت.





# ڕێنماییەکان بۆ سوورکردنی کوڵمە و ڕوومەتت





جوانیی ئافرەتان تەنیا لە چاوەکان و لێودا نییە، کوڵم و ڕوومەتیش بەشێکی ڕوخسارن، کە سەرنجڕاکێش و جوان دەردەکەون، کاتێك کوڵمەکانت سوورن، دیمەنێکی گەش بە ڕوخسارت دەدات، زۆربەی کات ئافرەتان بۆ سوورکردنی ڕوومەت پەنا دەبەنە بەر مکیاژ، بەڵام ئەوە هەنگاوێکی جێگیر نییە، بەڵکو بۆ ماوەیەکی کاتییە و لەگەڵ شووشتنێك، یان دەرچوونێك ماکیاژەکەت نامێنێت، بەم چەشنە سووریی کوڵمەکانیشت لە دەست دەدەیت، بۆیە ڕێگەی دیکە بگرەبەر، تا هەمیشە کوڵمەکانت سوور و ڕازاو بن، وەك ئەم هەنگاوانە: سەرەتا پێویستە گرنگی بە پێستت بدەیت، بۆ ئەوەی وشك نەبێت، وشکبوونی پێستی ڕوخسار، ڕێگرە لە سووربوونەوەی ڕوومەتەکان و زیاتر بە زەرد و سپی دەری دەخات، شێلانی کۆڵمەکان کە وادەکات خوێن بە نێو موولوولەکانی ئەو شوێنەدا بێت و بچێت و خاویان بکاتەوە، بەم چەشنە دەتوانیت ڕوومەتێکی سوورت دەست بکەوێت، بەبێ ماکیاژ، هەروەها ماوە ماوە بە ئاوی شلەتێن ڕوخسارت بشۆ، با خەوت باش بێت، واتە ڕۆژانە لە (٨) کاتژمێر کەمتر نەبێت، بەکارهێنانی گیراوەکانی دەستکردی وەك: لیمۆ و سرکەی سێو کە دەتوانیت هەردووکی لە ڕوومەتەکانت بدەیت، کە بۆ ماوەیەکی زۆر ڕوومەت بە سووری دەهێڵێتەوە.

# مۆد و شێوازی جلەکانی دەرچوون لە وەرزی پاییزدا



گرووپی فاشیۆنەکانی جلوبەرگی هێرمیس چەندین دەستە جلی بۆ مۆدی پاییزانە هەڵبژاردووە، دیارترینیان جلی کراوەیە کە لە قوماش دروست کراون، هەروەها کۆمەڵێك مۆدی دەستە جلی بۆ ئەو وەرزە ئامادەکردووە کە بریتیین لە دانتێل: لەو جلانەیە کە هەستێکی ڕۆمانسی و مێینە بە خانمان دەدەن، زۆربەیان لە تەنوورە و عەزیە و تۆب پێکهاتوون، هەروەها بە نەخش و نیگاریش ڕەنگین کراون، وەرزشی: مۆدێکی دیکەی جلی دەرچوون و دەرەوەیە، کە شێوازێکی ناسك بە جەستەی خانمان دەدات، بە تایبەت کە پانتۆڵێکی شێوازی وەرزش، یان بلووز و بەدییە بێت، هەروەها هێمای وەرزشی و نووسینی لەسەر بێت، سادە: هەندێ لەو خانمانەی حەز بە جلی سادە دەکەن، دەتوانن یەکێك لەو مۆدانە هەڵبژێرن کە سادە و ناسکن، کاتێك لەگەڵ پێڵاوێکی فلات لەبەر دەکرێن، مۆدێکی شایستەی جلی دەرەوەن، قەمیس و بەدیی گرافیك: ئەو جۆرە جلانەن کە بە نەخش و نیگاری سەیر و جوان داپۆشراو و ڕەنگ کراون، ئەمەش مۆدێکی نایابە بۆ جلی دەرەوە، خانمان دەتوانن لەگەڵ پانتۆڵ و تەنوورە و ستریێجیش لەبەری بکەن، پانتۆڵ: هەمیشە خانمان لە هەڵبژاردنی جلی دەرچوون هەڵە دەکەن، کە زۆربەیان تەنوورە، یان ستریێج و کیلۆت لەبەر دەکەن، کە ئەوەش دەبێتە مایەی بێزارییان، بۆیە چاکترە لە بری ئەوانە پانتۆڵ هەڵبژێرن، هەروەها پانتۆڵی قوماش فراوانتر و ساناترە لە پانتۆڵی کاوبۆی جینز.

# بەخشینی خوێن بەخشینی ژیانە





لەژێر ئەو دروشمە پیرۆزە مرۆڤایەتییەدا، دوو کەسی ئەو کوردستانە شەو و رۆژ لە پێناو پێدانی ژیان و بەخشینی خوێن، ئامادەی هەر هانا و بانگەوازێکن، کە وەك پۆلیسی خێرا و بە هاناوەهاتنن و دەستەوەستان نین و، خزمەتێکی گەورەی مرۆڤایەتی دەکەن، ئەوانیش عەبدولقەهار خوێنبەخش و بەختیار زراریی بانکی خوێنن، ئەو دوو کەسە بە دوو کەسایەتیی ناسراو لەسەر ئاستی هەموو کوردستان جێی دەست و پەنجەیان دیارە لە یارمەتیدانی خەڵك لە بەخشینی خوێن، سەرەتا عەبدولقەهار دەڵێ: «ئەو کارەی دەیکەین بە خۆڕاییە و بەبێ بەرامبەرە، هەموو کات و ساتێك ئامادەین کە خوێن ببەخشین، زیاتر لە ١٠٠٠٠ ئەنداممان هەیە، یەکێك لە ئەندامەکانمان کە ناوی سەعدوڵا عەبدولڕەحمانە، زیاتر لە ١٠٠ بتڵ خوێنی بەخشیوە، منیش وەك خۆم لە تائێستا ٦٨ بتڵ خوێنم بەخشیوە، ئێمە هەمیشە لە خزمەت مرۆڤایەتیدا دەبین، بەبێ ئەوەی هاوکارییەکی ماددی و مەعنەویی حکومەتمان پێ بگات، تەنانەت لە نیوەی شەویشدا کاتێك کەسێك پێویستی بە خوێنە، ئەندامەکانمان ئەوەی لەو جۆرە خوێنە بێت، خۆی دەگەیەنێتە ناوەندەکانی خوێنبەخشین و ژیانی کەسێك رزگار دەکات»، بەختیار زراریش کە خوێنبەشێکی دیکەیە، دەڵێت: «وەك ئەرکێکی مرۆڤایەتی تائێستا زیاتر لە (٤٩) بوتڵ خوێنم بەخشیوە، خوێن بەخشین ئەرکێکی پیرۆزە، جگە لەوەی چەندین رێکخراو هەن، هەروەها کۆمەڵە و خەڵکی بە ئەمەکمان هەن، کە هەموو کات و ساتێك ئامادەن بۆ خوێنبەخشین، بەخشینی خوێن


## باخچەیە لە گوڵ و ئاوێنە بۆ ئارامیی دەروون



دانانی چەند ئاوێنە و هەزاران گوڵ یەکێکە لە سەیترین پڕۆژە تازەکانی جیهان، تا هەست و دەروونی مرۆڤ ئارام و جێگیر بکرێت، ئەو پڕۆژەیە باخچەیەکی یەکجار سەیرە و پڕە لە گوڵ و دیمەنی سەیر، کە لەلایەن گرووپی تیملاب دروست کراوە، کە بە چەندین دیمەنی سەیر و هونەریی دیجیتاڵ دروست کراوە، هەروەها بە دەنگی جۆراوجۆر شوێنەکە دەنگدەداتەوە و، بە پەڕەی گوڵی ئۆرکید دیوارەکانی نەخشێندراون، کە بچیتە ناوی هەستت دەگۆڕێت و سترێس لە مێشکتدا نامێنێت، لە (١٣٠٠٠) گوڵی ئۆرکیدی زیندوو دروست کراوە. گوڵی ئۆرکید یەکێکە لە جوانترین گوڵەکانی دونیا، کە دیمەن و بۆنێکی خۆش و سەرنجڕاکێشی هەیە، ئەو گوڵە لە هەر شوێنێك بێت، دڵ و دەروونی مرۆڤ خۆش و ئارام دەکات، ئەو پڕۆژەیە لەلایەن گرووپی تیملابی هونەریی ژاپۆنی سەرپەرشتی کراوە، جگە لەوەی کارێکی بازرگانییە، هەروەها هەنگاوێکی سەیرە لە پێدانی هەستێکی ئارام و بەشینی کەشێك، کە بە ئاوێنە و وێنەی جۆراوجۆر و دەنگی سەرمەست و دڵخۆشت دەکات.




حەقی بەسەر
هیچ شتێکی
دیکەوە نییە،
ئەرك و فەرزێکی
مرۆڤایەتییە و گرنگە
لە ژیانماندا، مرۆڤ دەتوانێت
هەشت مانگ جارێك خوێن ببەخشێت، بەڵام
من لە پێنج مانگدا خوێن بدەم، بەبێ ئەوەی
بانگ بکرێم خۆم دەچم خوێن دەبەخشم، چونکە
کەسانێك پێویستیان بەو خوێنە هەیە، خوێنبەخشین
چەندین سوودی جۆراوجۆری هەن، لەوانە: سەر
ئێشە ناهێڵێت، هەست و دەروونت ئارام دەکاتەوە،
جگە لەوەی ئەرکێکی مرۆڤایەتییە، هەروەها
یارمەتییەکی پێویستی ژیانە بۆ کەسێکی دیکە،
تا ژیانی لە مەترسی ڕزگار بکەیت.



# ترسناکترین پردی پەڕینەوە


ئەو پردە سادە و ترسناکە، دەکەوێتە باکووری وڵاتی پاکستان، ناوی پردی (حۆسەینی)یە، لە ساڵی ١٩١٠ دروست کراوە، کە گوندێکی بناری چیایەك لەگەڵ ئاوەدانیدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، زۆربەی بەشەکانی پردەکە لە دار و تەل دروست کراون، تەنانەت ئەوەندە ترسناکە کە ئەوانەی بەسەریدا تێدەپەڕن، بڕوا ناکەن دەربازیان ببێت و مردنی خۆیان دەبینن، پردەکە دەکەوێتە سەر ڕووباری (بۆریت) و درێژییەکەی دەگاتە (٨٣٠) مەتر، تا ئێستا کاری نۆژەن و چاککردنەوەی بۆ نەکراوە، تەنانەت حکومەتی ئەو وڵاتەش بیر لەوە ناکاتەوە کە پردێکی سەلامەت بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە دروست بکات، تەمەنی ئەو پردە سەدەیەك دەبێت، تەنیا لە ساڵی (١٩٧٨) پیاوێکی ئەو ناوچەیە هەندێ کاری چاککردنەوە و توندکردنی بۆ کردووەتەوە، ئەوەی بەسەریدا تێپەڕ بێت، دەبێت نیوە ڕۆحێك بدات تا تەواوی پردەکە دەبڕێت.



# نشێوترین ڕێگا



لە کوردستان و جیهان چەندین ڕێگا هەن، کە نشێو و لارن، بە جۆرێك مرۆڤ ئەستەم دەتوانێت بەسەریاندا بڕوات، بەڵام نشێوترین ڕێگا ئەو شەقامەیە و دەکەوێتە شاری (دەنیدەن) لە باشووری وڵاتی نیوزیلەندا، کە بەناوی (باندۆلین) دەناسرێت، درێژەکەی (٣٥٠) مەتر دەبێت و درێژترین شەقامی جیهانە، هەروەها ڕێژەی لارییەکەی دەگاتە ٣٦٪، ئەگەر بەرەو سەرەوەی ئەو شەقامە سەربکەویت، وەك ئەوە وایە کە ڕیجیمێك بکەیت، ئەگەر لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕێگە بگریت، دەبێت بە وریاییەوە بڕۆیت نەوەك بکەویت، تەنانەت جار جارەش ئەو شەقامە دەکرێتە گۆڕەپانی پێشبرکێ بۆ مرۆڤ و گلۆرکردنەوەی کەرەستە و شتومەك.



## کاریکاتێر


باس لە مۆدی جلەکان دەکات، کە هەندێکیان لە شێوەی سرووشت و هێماکانی هاتوچۆ کراونەتە نەخش و شێواز و ستایلەکانی جلوبەرگ.

## نـــوکتـــە

جارێکیان پیاوێك گوێدرێژێکی ون کردبوو، بە دوای گوێدەرێژەکەیدا دەگەڕا، لە ناکاو کوڕ و کچێکی بینی کە خۆشەویستی یەك بوون، کوڕەکە بە کچەکەی دەگوت: لە نێو چاوی تۆوە هەموو دونیا دەبینم، پیاوەکەش گوتی: دە بزانە گوێدرێژەکەی منیش نابینی لێم ون بووە!

## فیلم

### تاوانبار - The Guilty




فیلمێکی دراما و تاوانکارییە، باس لە ئەفسەرێکی پۆلیس دەکات، کە لەلایەن پۆلیسی خێرا ٩١١ داوا دەکرێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی قسەکەرێکەوە کە دەیەوێت تاوانێ ئەنجام بدات، چارەسەری کێشەکە بکات، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٣٠ خولەکە، لە ئەمریکا وێنەی گیراوە و لە دەرهێنانی ئەنتۆنی فیکوا و، لە نواندنی جەیك گیلانهال و ڕەیلی کیوف و ئیتان هاوکی و پاوڵ دانۆیە، کە لە بواری فیلمەکانی تاوان و ئەکشندا فیلمێکی سەرنجڕاکێشە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

دەتوانیت لە ماوەی داهاتوودا هەستت بەهێز بکەیتەوە، ئەگەر کارەکانت بە شێوەی تیم ئەنجام نەدەیت، چانسی سەرکەوتنت کەم دەبێتەوە، لەبیرت بێت، کاتەکانی ئەم ماوەیە بۆ تۆ زۆر گرنگن، هەوڵ بدە لە پڕۆژە و کاری سوود بەخشدا بەسەریان ببەیت، پاڵپشتیی خۆشەویستەکەت هۆکاری سەرکەوتننتە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەلایەنی دەروونییەوە کەمێك هەست بە سترێس دەکەیت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو هەڵانەیە کە لە ڕابردوودا ئەنجامت داون و، ترست هەیە دووبارە ببنەوە، مەترسە و لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانتدا هەڵبدەرەوە، کاریگەریت لەسەر کەسانی چواردەورت هەیە، هەربۆیە بە وریاییەوە وشەکانت بەکار بهێنە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەڵسوکەوتت ئەرێنییە، ئەمەش کاریگەریی باشی لەسەر دەروونت هەیە، بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ هاوپیشەکانتدا بکە، چونکە یارمەتیی ئەوان هۆکاری سەرکەوتنی تۆیە، چەند دەرفەتێك دێتە بەردەمت، لەدەستیان مەدە، چونکە هۆکاری سەرکەوتنی تۆن، بۆیە دڵنیابە لە خۆت و هەوڵەکانت بەفیڕۆ مەدە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە کارەکانت ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبنەوە، هەوڵ بدە ئەو ڕەخنانە بەکار بهێنە بۆئەوەی زیاتر بەرەوپێش بچیت، نەك بڕوخێیت و متمانەت بە خۆت نەمێنێت، لەلایەن کەسانی نزیکتەوە چەند ئامۆژگارییەکی گرنگ دەکرێیت، بەهەند وەریبگرە و جێبەجێیان بکە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

مەهێڵە خراپیی ژیانی ڕابردووت کار بکاتە سەر داهاتوو، ئەمڕۆ لە دۆخێکی زۆر باشی دەروونیدایت، هەموان لە چواردەورت هەستی پێ دەکەن و کاریگەریی ئەرێنیت لەسەر ئەوانیش هەیە، ئێستا کاتی ئەوەیە لەگەڵ هاوڕێ، یان خێزانەکەت چێژ لە کاتەکانت ببینیت، دەرفەت لەدەست مەدە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢


دڵت ئارام بکە و مەهێڵە کاریگەریی دەرەوە کارت تێ بکات، هەمووان بە شێوەیەکی گونجاو مامەڵەت لەگەڵدا ناکەن، بێهیوا مەبە، هەمو شتێك بەرەو باشی دەڕوات، ئەم ماوەیە زیاتر خۆڕاگر بە، بەتایبەتی کاتێك گرفت دێتە بەردەمت، پارێزگاریکردن لە ئارامیت، هۆکارە بۆئەوەی دواتر پەشیمان نەبیتەوە.

## بۆ زانیاریت



# ژمارەی مێرووەکان زۆر بەخێرایی کەم دەبێتەوە

مێروو نەمێنێت خۆراك نامێنێت، خۆراك نەمێنێت مرۆڤ نامێنێت، چۆن و بۆچی ئەمە ڕوودەدات؟. پێشەکی لەچەند لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە ئەمریکا و ئەوروپا لەسەر نزیکەی ٤٠٪ ی جۆری مێرووەکان ئەنجام دراوە، دەردەکەوێت کە هەموو ئەوجۆرانە ژمارەکانیان لە کەمبوونەوەیەکی خێرادایە، نمونەی ئەو جۆرە مێرووانەی کە ژمارەیان زۆر بەخێرایی کەم دەبێتەوە، بریتین لە: پەپولەکان، هەنگە کێوییەکان، جاڵجاڵۆکەکان، قالۆنجەکان و هەندێك جۆر لە مێروولەکان، ئەگەر ژمارەی مێرووەکان لە سرووشتدا کەم ببێتەوە، ئەوا تۆڕی خۆراك لەنێو سیستمی ژینگەییدا توشی شێواندن دەبێت، دوریش نییە توشی دارمانێکی گەورە ببێت، زۆربەی جۆری باڵندەکان لە سرووشتدا پشت بە خواردنی مێرووەکان دەبەستن، دەرکەوتووە هۆکاری سەرەکیی کەمبوونەوەی ژمارەی هەندێك جۆر لە باڵندەکان، بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی مێرووەکانەوە بووە، کاری پیتاندن لە زۆربەی درەختەکان و ڕووەکەکاندا کە سەرچاوەیەکی سەرەکیی خۆراکن، بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی هەندێك لە مێرووە باڵدارەکانەوە روو دەدات، وەك: هەنگەکان و پەپولەکان، کەواتە کەمبوونەوەیان بەگشتی دەبێتە هۆی کەمبوونەوە و خراپ بوونی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، گەلێك لە مێرووەکان گەرا لەناو ئاودا دادەنێن، ئەو گەرایانە زۆربەیان دەبنە خۆراکی سەرەکیی ماسی و گیاندارە ئاوییەکان، بە کەمبوونەوە و نەمانی ئەو مێرووانە و گەراکانیان، ئەوا ژمارەی ئەو ماسی و گیاندارە ئاوییانەش کەم دەبێتەوە، هەندێك لە مێرووەکان وەك: جاڵجاڵۆکە و پەپولە و هەنگە کێوییەکان لە هەندێك لە ناوچەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا بەراورد بە ژمارەکانیان بەر لە ٥٠ بۆ ٧٠ ساڵ پێش ئێستا١٠ بۆ ٦٠ بەرابەر کەمتر بوونەتەوە.



## پەند و وتە

تۆماس کارلایل، مێژوونووس و نووسەری بەریتانیی وەرگێڕ و فەیلەسووف، لەساڵی (١٧٩٥) لە سکۆتلەندا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٨٨١ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی نییەتی گڵاو دەڵێت: هەرگیز نابێ نیازی گڵاوی بچووك و کەسانی بچووك فەرامۆش بکەی، چونکە هەندێ جار مارێکی گەورە بە ژەهری دووپشکێکی بچووك لەناو دەچێت.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەند کەسێك یاری دەکەن، شوێنەکەیان بە جۆرێك فێڵکاریی بۆ کراوە کە تێگەیشتنی لە وێنەکە ئەستەمە، هەوڵ بدە راست و دروستیی فێڵکارییەکە بزانیت و لە ماوەی خولەکێکدا ئاشکرای بکەیت.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

کەسانی نوێ دێنە ناو ژیانتەوە، بەهۆی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانتەوە سەرنجیان ڕادەکێشیت، گرنگی بەو کەسانە بدە کە نەرمونیان و میهرەبانن لەگەڵتدا، لەلایەنی پیشەییەوە بە تەواوی لە کارەکەتدا هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، تەندروستیت ئەم ماوەیە باشە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

کەسانی چواردەورت زۆر میهرەبانانە ڕەفتارت لەگەڵ دەکەن، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنیت لەسەر دروست دەکات، ئەگەر دەتەوێت دەست بە کارێکی نوێ بکەیت، مەترسە، کەسانێکی زۆر هەن لە چواردەورت کە یارمەتیت دەدەن، لەوەی یەکەمین هەنگاوەکانت بنێیت.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

کاتێکی زۆرت بەبێ سوود لەدەست ڕۆیشتوە و ناتوانیت بیگەڕێنیتەوە، لەبری ئەوە پلانی ورد بۆ داهاتو دابنێ و، هەوڵ بدە کار لەسەر پڕۆژە سوودبەخشەکان بکەیت، هەر بڕیارێك لە تورەییدا بیدەیت، دواتر لێی پەشیمان دەبیتەوە، هەوڵبدە ستراتیژێکی سادە هەڵبژێریت، بۆئەوەی جێبەجێی بکەیت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**


بەشێکی زۆر لە کارەکانت لەناکاو دەوەستن، بێ ئەوەی هۆکارێکی دیاریکراوی هەبێت، ئەو گۆڕانکارییە توشی بێهیواییت دەکات، مەترسە، چونکە ئەم دۆخە کاتییە، بەزویی دەبینیت چۆن هەموو شتێك ڕێڕەوی ئاسایی خۆی وەردەگرێتەوە، گرنگی بە خواردنی ژەمەکانت بدە لە کاتی خۆیدا.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئێستا کاتی ئەوەیە بڕۆیتە بەردەم ئاوێنە و تەماشای خۆت بکەیت، بەو ڕەفتارانەتدا بچۆرەوە کە لەکەسانی دیکەدا هەیە و ئازارت دەدات، زیاتر بەئاگا بە لە شێوازی ڕەفتارکردنت، وزەیەکی زۆرت هەیە، بەکاری بهێنە بۆئەوەی یارمەتیی خۆت و کەسانی دیکەشی پێ بدەیت.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ڕەنگە لە کارەکەتدا بەوشێوەیە سەرکەوتن بەدەست نەهێنیت کە خۆت دەتەوێت، بەڵام بە یارمەتیی کەسێکی نزیکت، دەتوانیت هەستیتەوە و بگەیت بەوەی کە دەتەوێت، چێژ لە ساتەکانی ژیانت ببینە، بەتایبەتی ئەو کاتانەی لەگەڵ خێزانەکەت بەسەریان دەبەیت.




www.gulan-media.com

AJANSA PARASTINA ASAYIŞA HERÊMA KURDISTANÊ

ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان

## بۆ ئەوەی خۆت و خێزان و وڵاتەکەت پارێزراو بن
## لە هەستکردن بە هەر شتێکی گوماناوی
## پەیوەندی بکە بە
## هێلی ئارامی ئاژانسی پاراستن
## ژمارە ١٢٣



Gulan Weekly October 18, 2021 Issue,No.1289


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626